# کورسی
# و
# بەها درامییەکان

ناوی کتێب: کورسی و بەها دراميیەکان
نووسينی: ئەحمەد سالار
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: نیشتیمان محەمەد
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٠٣٦ ی ٢٠٠٩
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان- سلێمانی
www.sardam.net
www.sardam.info
www.sardam.org

# کورسی
# و
# بەها دراميیەکان

(لێکۆڵینەوەی چامەواڵای (کورسی)ی (شێرکۆ بێکەس))

## ئەحمەد سالار

سلێمانی ٢٠٠٩

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩٢)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


| | |
|---|---|
| دەروازەی بابەت | ٩ |
| بەشی یەکەم – تەکنیك | ٣١ |
| دەروو | ٣١ |
| شاعیرو شانۆ | ٣٤ |
| دیالۆگ | ٣٨ |
| دیالۆگ لە چامەی کورسی دا | ٤١ |
| کاراکتەر | ٥٦ |
| کاراکتەر لە چامەی کورسی دا | ٦٥ |
| چنین و چنینکاری | ٧٥ |
| چنین لە چامەی کورسی دا | ٨١ |
| ململانێ | ٩٠ |
| بەهای ململانێ لە چامەی کورسی دا | ٩٥ |
| یەکەکان | ١٠٥ |
| یەکەکان و کورسی | ١١١ |
| بەشی دووەم – ناوەڕۆك | ١١٧ |

| | |
|---|---|
| بۆ کورسی و بابەتی کورسی ؟ | ١٢٠ |
| پوختەو ئاکام | ١٤٩ |
| پەراوێز | ١٥١ |
| سەرچاوەکان بە زمانی کوردی | ١٥٦ |
| سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی | ١٥٨ |

## پێشکەشە

بە گیانی کاکە لەتیفی قادر ئاغا، ئەو خاڵە کورد پەروەرەی بە پێشمەرگایەتی و بەندێتی و ئەشکەنجەکێشان و کۆڵنەدانی تا دوایین هەناسە...

وانەی کوردایەتی دادام...

ئەحمەد سالار

# دەروازەی بابەت :

وا چاکە بەر لە گشت شتێك، لەم دەروودا، هۆکاری نووسینی ئەم بابەتەم بدرکێنم، کە بووە مایەی هاتنە ئارای، هۆیە سەرەکییەکە بۆ سەرسام بوونم بە : مەزنی شاعیر و پاشان بۆ ئەو گیانە درامی و نیمچە درامییە باڵاو پڕ لە داهێنانە ئەگەڕێتەوە، کە لە کەسێکی شانۆڤانی وەك مندا گەورەترین کاردانەوە و جوانترین کاریگەریی هەبووە، کە ئەڵێم منی شانۆڤان، ئەو کەسەی کە لەگەڵ شیعردا ژیانم هێناوەو، کورد واتەنیش بە شیرەوە خواردوومەو پێی گۆشکراوم و، بۆیە لەو جمکییەوە مەیلم بەلای شانۆدا چووەو لە دەرگای شیعرەو چوومەتەماڵی شانۆو پاشان بە خانەخوێی بووم، نەك بە میوان، لەو ماڵەشدا فێری جوان بەسینەوەنان و لاواندنی شیعر بووم، زانیم چۆن چۆنی گوڵی ئاڵی شیعر لەسەر پەرچەمی نازی شانۆ بدەم. ئیدی لەو دەمەوە شیعرم بۆ شانۆ وتووە، نە دڵی شیعرم لەخۆم ڕەنجان و نە شانۆشم لەو ئەڤینە بێبەری کرد.

کەواتە ناهەقم نییە ببمە کڵۆیەك ئەڤین و پەرۆشی بۆ چامەوالای (کورسی) و بە خۆشەویستییەوە گرفتار نەبم. لە شیعری کوردی بەر لە کاك (شێرکۆ) لێرەو لەوێ چەند ڕەگەز و توخم و بەهایەکی درامی یان نیمچە درامی هەبووە، لە شاعیرانی کلاسیك و هەوڵە ڕۆمانتیکییەکاندا،

بەتایبەت ((دایالۆگ - Dialogue)) یان ((مەنەلۆگ – Monologue)) یان ((کەسەکان - Personae’s))

هەبووە، بەڵام بەو جۆرە و ئەو گەشەکردنەی لە شیعرەکانی کاك (شێرکۆ)دا هەیە نەبووە، ئەو کۆبوونەوەی سەرجەم ڕەگەزانەو بەو گیانە دراماتیکییە، تایبەتە بە خاوەنی (کورسی)، ئەمەش هەبووەو بەردەوامە لەگەڵیدا. لە هەندێك شوێندا، پوخت درامایە، چ گومان لەوەدا نییە، ئەو گشت نوێکارییەو ئەفراندنە جوانەی لەسەر دەستی ئەم شاعیرە مەزنەدا هاتۆتە ئاراوە، خاوەنی بونیادنان و گۆڕانکاری ئەوتۆیە، بۆیە ئەکرێ هەزاران باسی لەسەر بنووسرێ، چونکە لەهەموو ڕووەکانی هونەری شیعرەوە داهێنانی کردووە و بە خاوەن وەرچەرخان و لەهەمان کاتدا، هەڵکشانی باڵا دائەنرێت. من بەشبەحاڵی خۆم، بەشیاوم بینی لە گۆشەنیگای هونەرەکەی خۆمەوە کاری تیادا بکەم، ئەبێ ئەوەش بڵێم : چەندە گیانی درامام لە شیعرەکانیدا دیوەو ناسیوە، هێندەش بوونی هونەری شێوەکاری، بە بەرجەستەیەکی کەرەستە وشەو گشت بوارەکانی هونەری شێوەکاری لەخۆ گرتووەو، سەرجەم لایەنەکانی ئەو هونەرەی تەی کردووەو پەی پێبردووە. بەهەمان شێوە هونەری میوزیك بە ڕزم و چێژە ئاواز و زەبری کاریگەرییەوە کەواتە شاعیر بەتایبەت، لە چامە والای (کورسی)دا، گشت هونەرەکانی نەك تەنها کۆکردۆتەوە، بەڵکو بەجۆرێك یەکانگیری کردوون، وەك ئەو توندو تۆڵییەی نێوان شێوەو

ناوەڕۆکی، کەواتە، نەك نوێخوازی، بەڵکو نوێکاری و بونیادنانی نوێ، کە بە ئەندازەسازی نەخشە شیعرییەکەوە، تا بەرزبوونەوەی چین بەچینی تەلارە قەشەنگە شیعرییەکەی نەخشاوە.

لێرەدا، بە پێویستی ئەزانم، ئەگەر بە کورتە بەسەرکردنەوەیەکیش بێت، ژوانی یەکەمین شیعرو ئەو هونەرانە بەسەر بکەمەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی و ڕادەی ئاشنایەتی نێوان شیعر و شانۆ، هەر لە مێژەوە وتراوە : ((لە هاوسەربوونی شیعر و داستانەوە شانۆ لەدایك بوو)). کەواتە توخمی لەدایکبوونی شانۆ بووە. کاتێکیش ((ئەرستۆ)) وەك یەکەم توێژەرو خاوەنی یەکەم بەرهەمی پەیڕەو بەندی هونەری ڕەخنەسازی، کە باسی شانۆ ئەکات، وەك ڕەگەزێکی شیعر و گێڕانەوە، لە کتێبی ((هونەری شیعر))دا ناوی ئەبات. دیارە هونەری شیعر لە مێژوو و بزافی ئەدەبی گشت نەتەوەیەکدا پێشەنگ بووە. ئەو هونەرە دێرینەی ناخی نواندووەو، لە گشت بابەتەکانی دی ئەدەب دەربڕترو بزوێنتر بووە، ئەمەش بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەگەڕێتەوە، چ ئاوازو ڕزم یان ڕەواتر بڵێم میوزیك، هەروەها بەوێنەی شیعر و سۆز... هتد.

بۆیە توانیویەتی بە کەمترین ماوە و کەمترین و پوختترین کەرەستە فراوانترین پانتایی و مەودا داگیر بکات و بە خێراترین و کورتترین ڕێگا لەتەك هەستە دەروونییەکان و ناخدا بدوێ و لە کاردا بێ و دەستەملان بێت. ئەو هێزەیە کە بەهێزترین زەبری لە توانای دەرخستنی ناخ و

ویژدانی خودی مرۆڤدا هەیە، ئەو ناخ نواندنەش بەشێوەیەکی بێ هاوتاو هەرەجوان.

کاتێك بمانەوێت بۆ چاك ناسینی ئەم هونەرە هەنگاو بنێین، راستە رێگای مەبەست بنج و بناوان هەڵگرتنە، ئەو دەمە لە چەمکە گەوهەرین و بنەرەتییەکان و بوونی خودی شیعر گەیشتین و خستمانە بەرچاومان، ئەوسا رێگاکانی ئەو پەیوەندییەشمان بۆ ئاشکرا ئەبێت، بۆیە سەرەتاش هەر لە خاسییەتەکانی شیعرەوە ئەگەر سەرجەم ئەرك و فەلسەفە و مەبەستەکانی و تێکرای لایەنە ئەستەتیکییەکانی و لەگەڵ بە رەچاوخستنی مێژوویەوە لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی پەرەسەندنیدا بەسەر بکەینەوە، ئەمە ئەرکی ئەو توێژەرەوەیە کە هەوای خۆ لێدانی ئەم بوارە شیعرییەی (شێرکۆ)ی لە کەللە نابێ. لەسەر نهێنی و ئەفسوونی شیعر گەلێك وتراوە، کە تێکرایان کاریگەری و تواناکەی بەرجەستە ئەکەن، بۆ نموونە ((شیلی)) ئەڵێت : ((شیعر مەزنترین نهێنی رەوشت و خۆشەویستییە، دەرچوونە لە خوڵق و دەستەوملانێی خودە بە هەرچی جوانییە لە کارو بیردا، یان جگە لە خود، شیعر خەیاڵ فراوانتر و مەودا بەرینتر ئەکات، خەیاڵیش پوختەی خێرو بێری رەوشتە...)).

لەسەر هەمان بابەت ((وردز ورس)) وتوویەتی : ((شاعیر بە زانیاری سۆزەوە، گشت ئیمپراتۆرییەتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەکانگیر ئەکات. هەر شیعریشە یەکەمین و دواهەمین پلەی مەعریفەت. نەمرە

هەروەك دڵی مرۆڤایەتی...)).

کەواتە بە یەکێتی کۆمەڵە وزەو کەرەستەو توانایەکی گەورەی گەیاندن و، هەروەها بەو شێوازە ناسك و وردو سۆزداری و ڕاستگۆییەوە، نەك هەر بەتەنها کاری گەیاندنی ئەزموونەکان ئەکات، بەڵکو بەجۆرە ژیاندنەوەیەکی پڕ بە پڕی ژیان و بوون، جارێکی تر ئەهێنێتەوە ئاراوە، بێگومان ئەو دەستباڵاییە مەحاڵە بۆ هیچ هۆیەکی دی گەیاندن. بۆیە ئەو دەسترۆیشتووییە لە پەخشان دا نییە. ئەمە ئەو دەسەڵاتە شیعرییەیە کە حەریفی نییە. لەو ڕۆژانەدا، کە شانۆ بە زمانی شیعر زبانی پژا، کۆمەڵە یاریدەدەرێك لە ئارادا بوون، بەر لە گشتیان بۆ کەرەستە خاوەکەی ئەگەڕێتەوە، کە داستانەکان بوو، ئەو خەیاڵ بڵاوی و فڕین و شاخ و باڵ بۆ کردنەو حەپەسان و مایەی واق وڕمانەی لە ئەفسانەو داستانەکاندا هەبوون، زمانی پەخشان دەرەقەتی نەدەهات، تەنها زمانێ کە شایستەو لەباری بێت زمانی شیعر بوو، شیعر بە مەودا فراوانییەکەیەوە پارسەنگی ئەو ئاڵوگۆڕکارییە بوو، کە لەنێوانی بایەخە ئەفسانەییەکان بۆ بایەخە شانۆییەکان، یان بوون بە بابەتی شانۆ هاتەدی. داستانەکان لە خوداوەندەکان ئەدوان، یان نیمچە خوداوەندەکان، یان پاشایان و نەژاد پاشایان کە بەرەچەڵەك وەچەو نەوەی ئاسمانییەکان بوون، یان بڵێین خوداوەندان بوون. بۆیە زمانێکی جودا لە زمانی ئاسایی و ژیانی ڕۆژانەی ڕەشە خەڵکەکەی گەرەك بوو، هەر لەم بارەیەوە بوو، جارێکیان لە (ئەسکیلۆس)ی باوە

گەورەی شانۆیان پرسی: بۆ بەو زمانی شیعرییە تایبەتییە ئەنووسیٚ، کە لە زمانی خەڵکەکە ناچیٚ؟

لە وەرامدا پیٚی وتن : لەبەرئەوەی کەسەکانی ناو شانۆییەکانم، لەو خەڵکە ئاساییە نین، خوداوەندان و مەزنە مرۆڤان، بۆیە ئەبیٚت بە زمانیٚکی هەرە باڵا بدویٚن، ئەو زمانەش شیعرە زمانە. سەیر ئەکەین کاتیٚك کە ((ئەرستۆ))ش، پیٚناسەی ((تراژیدیا)) ئەکات، ئاماژە بۆ ئەو زمانە شیعرییە هەر تایبەتییە ئەکات کە ئەڵیٚ : ((تراژیدیا گیٚڕانەوەی بەرزە فرمانیٚکی تەواوەتییە، بە زمانیٚکی ڕازیٚنراوە بە گشت جوانکارییەکەوە...)).

خاسییەتیٚکی دی ئەم گونجاندنەی شیعر لەتەك شانۆدا، بۆ ئەو لایەنە گرنگە ئەگەڕیٚتەوە، کە لەکاری ئەو تیٚپەڕاندنەدایە، خۆی لە وەلاوەنانی شتە لاوەکی و پەراویٚزییەکانەوە، بەرەو پەیوەست بوون بە کیٚشەو شتە گەوهەرین و بنەڕەتییەکانەوەیە. جگە لەوەی ئەتوانیٚ بەویٚنە بدویٚت، وەك پیٚی ئەوتریٚ ((ویٚنەی قسەکەر))، بەڵام ئەم لایەنی (ویٚنەی دواو)ە، لە گشت هونەریٚکدا بایەخ و بەهای خۆی هەیە، بەڵام لە هونەری شیعردا باوتر و زار پاراوترە. ئەمە ئەو پەیوەندی و خاڵە بەشدارەشە لەنیٚوانی هونەری نیگارکیٚشان و هونەری شیعردا هەیە. ڕەخنەگر ((میخائیل ئوفزیا نیکۆف)) لە ئاستی ئەم جۆرە ویٚنەکیٚشانە شیعرییەدا پیٚی وایە : ((ئەو جۆرە ویٚنە هونەرییەیە، کە لە ویٚنەیەکی خودیانەیە بۆ جیهانیٚکی بابەتیانە ئەچیٚ... ئەتوانین

له دوتۆی ئەو وێنەیەدا، بابەتە ڕاستەقینەییەکان و دیاردەکان لەناو کەشە نموونەییەکاندا ببینین، کە بەجۆرێکی خودیانەوە بابەتگیر بووەو، بەرجەستەی هەندێ بیروبۆچوونی گەوهەری و کۆمەڵە هەست و نەست و ژمارەیەك لەو تەمایانەی کە تەماو مەبەستی کۆمەڵگا و سەردەمەکەن بنوێنێ)). کەواتە لەم کارو هەمان کاردانەوەیەدا، کۆمەڵە خەسڵەتێکی نوێی بەدەستهێناوە کە پێشتر بەخۆیەوە نەدیوە.

هەر لەسەر باسی ئەو نزیکییەی ئەو دووجۆرە هونەرەوە، ئەمانباتەوە بۆ یەکەم هەنگاوەکانی ئاوێتەبوون و هەنگاوە شان بەشانەکانیان بە درێژایی سەرجەم قۆناغەکان، کە چۆن هەمیشە هونەری شیعر لەگەڵ تێکرای گواستنەوەکاندا، پەلی کوتاوەو بازی دەربازبوونی لە چوارچێوەی خۆیداوە بۆ ئاسۆیەکی بەرین و، بەردەوام لە ڕێگای لەبزو زمانییەوە، وێنە بینراوەکانی بە دەرووی قوتاربوون لە بەربەست بەندی بەکارهێناوە.

خاوەن ئەو زمانە بینراوە بووە، وێنە بینراوی هەمەلایەنی هونەری وێنەکێشان بووە، مەبەست لە هەستکردن و بینینی گشت ئەو لایەنانەی پێویستە وێنە لەخۆی بگرێ، هەتا مەبەستە هونەری و فەلسەفەییەکەی بخوڵقێنێت. جوانترین دەربازبوون لە شیعرەکانی کاك(شێرکۆ)دا ئەبینرێت، وێنە کێشانی لە وێنەی شیعرییەوە باڵابووە بۆ تابلۆ، تابلۆ بە هەلومەرجە نیگارییەکەیەوە، بۆیە بوارێکی بەرینی بۆ توێژینەوە ڕخساندووەو، بەشبەحاڵی خۆم هەنگاوم بۆ ناوەو خوا

یار بێت لە ئاییندەدا بە کتێبێکی سەربەخۆی ئەگەیەنم.

هەر لەبارەی دەستەملانێی شیعر و هونەری شێوەکارییەوە، هونەرمەندی سۆفی مامۆستا ((شاکر حەسەن ئال سەعید)) لە باسێکدا، کە لە سێیەم فیستیڤاڵی ((مەربد))، ساڵی ١٩٧٤ لەژێر ناونیشانی ((الشعر والفن التشکیلی، اعتبارات تقییم الشعر المرئی)) پێشکەشی کرد، کە ((شیعری بینراو)) پوختەی باسەکەی بوو، ئەڵێت : ((ئەوەی کە مەبەستە لە شیعری بینراو لە هۆشمەندی شوێنەوەیە لە هونەری شیعردا، ئەو (هۆشیارییەیە) کە دەستنیشانی پەیوەندی نێوان ئەم هونەرە مرۆڤییەو ژینگەی ئەکات، واتە وەك پەیوەندی نارەزایی و لە وەلاوەنانی مرۆڤ، بەڵکو بوونەوەری زیندوو، یان وەلاوەنانی خود، لە جیهانی دەرەوە، تەنها ئاهێکە یان زەنگە حەپەسانێ، هەرچۆن پێشتر دەستنیشانم کرد. هونەری شیعر لەخۆی دەرچێ و لە ڕوخسارێکی تردا خۆی بنوێنێ بەهۆیەکانی زمان وەك وێنەی بینراو، تا ئەو ئاستەی زمان تیایدا ئەبێت بە زمانێکی بینراوی خاوەن بوونی لایەندار، هەرچەندە خۆی زمانێکی بیستراو و خوێندراوە بێت)).

هەمان هونەرمەند بۆ پتر ناسینی و ئاگادار بوون لەو مەیانەیەی نێوان شیعرو شێوەکاری چوار خاڵ، یان چوار توخمی هێناوەتەوە : دەربارەی یەکەمیان، ئەڵێ : ((بەڕای من حەقیقەتی شیعر لەوەدایە، کە وێستگەی یەکانگیری هەردوو لایەنی کات و شوێنە، لە بوونی مرۆڤدا)) لەڕێی ئەو توخمە زمانییەوە، توانای ئەو ڕادە خەستبوونەوەیەی

هەیە کە ئەتوانێ بەکەمترین کەرەستەی دەربڕین، لە حەرف و وشەو برگە، مەزنترین بیرو واتا بگەیەنێت. وەك ((ئەلنەفری)) واتەنی : ((هەتا بیرۆکە بەرین بێ برگە تەسك ئەبێتەوە)). ئەم کورتکردنەوەو خەستکردنەوە و پووختەدان بە دەستەوەیە، ئەو هونەری جوان بێژییە، کە ئەتوانێت پوختە بەشێك لە بڕی کۆ ئامادەیی بنوێنێت، یان ئامادەبوونی خودە لە کۆی جیهان و تێکڕای بووندا.

دووەم توخم، لەوەدا خۆی ئەنوێنێ، کە شیعر لە بنچینەوە هونەرێکی زمانییەو بەهۆی کەرەستەکانی، حەرف و وشەو برگەو رستەوە، یان چامەوە، لەبری هێڵ و خاڵ و بۆشایی و پارستایی و بەرجەستەکاری نوێنەوە کە شێوەکار لە نیگاردا، یان لە پەیکەرسازی و هەڵکۆڵین کاریدا دەیکات، کەواتە شاعیریش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەمیان بە کەرەستە شیعرییەکەی، هەمان وێنەکانی بوون و ژیان و جیهان ئەکێشێ.

کەواتە چ شیعرو چ شێوەکاری، زمانن و بەهەمان شێوە هەردووکیان کار لە هونەری نوێ بینینەوەدا ئەکەن، بۆ وەدەرهێنان و دەرخستنی دیارو نادیارەکانی بوون بە مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەوە.

لە ڕوویەکی ترەوە، لایەنی (ڕزم) کە نەك بەتەنها خاڵی هاوکەرەستەیی و چێژە لەنێوانی شیعرو شێوەکاریدا، بەڵکو توخمی هاوبەشی نێوان تێکڕای هونەرەکانەو بەبێ (ڕزم) هیچ هونەری نییەو نابێت. (ڕزم) یان میوزیك خاسییەتی هەرە سەرەکی شیعرە، هەروەها

لە هونەری شێوەکاریشدا، ئەوەتا لە هێڵ و بەکارهێنانی پانتایی و جۆری پڕکردنەوە و تەرخانکردنی بۆشاییەکان، چ وەك ((پلانس)) و ((کومپۆزیشن)) ڕزم ئەنوێنێ. لە هونەری شیعردا، چ ئەو ڕزمەی لە کێشە دیارو بیستراوەکەدا هەیەو چ ئەو ڕزمەی لەژێرەوەیە هەروەها ئەو ڕزمەش کە لە وێنە یەك بەدوای یەکەکانیدا چێژ بەخشە.

لایەنێکی تری هاوڕەگەزی هەردوو هونەرەکە بۆ کاردانەوەیان، لە سروشتی کاردانەوەیاندا، بەهۆی ئەو تەکنیککارییەی لە هەست و بیستندا ئەیخاتەوە، بۆ دەرخستنی حەقیقەتی بەرهەمەکە. سەبارەت بە شێوەکاریش وەك هەردوو هونەرەکە لەیەك سەرەتاوە، هەرچۆن هونەرەکانی دی، یەکەم (ڕزم) بووە، بۆ زیاتر جەختکردنیش لەسەر هاوڕەگەزییەکەی میوزیك و شیعر، ((وەلید غلیمە)) ئەڵێ : ((لەو کاتەوەی مرۆڤ بیری کردۆتەوەو ڕۆشنی هۆشیاری پەخشکردووە، مرۆڤ شیعرو میوزیکی بەو خوداوەندو پشت و پەنا پیرۆزەی داناوە، کە لە تەنگانەکانیدا هانایان بۆ بەرێت، یان ئەو جوانە خەونەی ئاسوودەیی و دڵنیایی تیادا بینیوە)).

لەو سەردەمانەوەی ژیارەکان پەیدا بوون، چ لە وڵاتی ((میزۆپۆتامیا)) یان لای فیرعەونەکانی میسر و وڵاتی گریك و شوێنانی دی ئەم جیهانە، ئەو دوو هونەرە، میوزیك و شیعر کارو تایبەتی مەزنە زیوانەکانی مەزنە خوداوەندەکانیان بووە و پاشان بەشێکی تەواوکەری فەلسەفەو فەیلەسووفەکان بووە، هەرچۆن وەرزش

و پاڵەوانێتی کە تەواوکەرەو مەرج بوون، لەو بڕوایەدا بوون کە بە شیعر و میوزیك خوداوەندەکانیان ڕازی ئەکەن. بەهەمان شێوە لەلای ئایینە ئاسمانییەکانیش بایەخێکی گەورەی هەیەو، جگە لەوەی کتێبە پیرۆزەکان بە زمانێکی باڵای ڕزمدارو کاریگەر هاتۆتە خوارێ، هەروەها وێردەکان و ڕایی کردنی سەرجەم بۆنە ئایینییەکان بە هونەری شیعرو سۆزی ئاواز و میوزیك ڕازێنراونەتەوە.

لەدێر زەمانەوەو، لەلایەن شاعیرە یۆنانییەکانەوە، شیعرەکانیان بە گۆرانییەوە ئەوتەوە کێشی شیعرەکانیشیان، لەسەر ئاوازە ڕەسەن و باوەکانیان بەندبووە، لەگەڵ ئەمەشدا لقێکی هەرە سەرەکی شیعرەکانیان شیعری گۆرانی بوو ((لیریك - Lyric))، یان ((ویژدانی - Lyrisme)). مێژوو بۆمان ئەگێڕێتەوە، کە چۆن لە ڕۆژهەڵاتی یۆنان، بەتایبەت، لەو دوورگانەی کەوتبوونە ناو دەریای ئیجەوە، وەك هەردوو شاری ((دیلۆس)) و ((کریت)). هەمیشە شیعرەکانیان بەگۆرانییەوە ئەچڕی، هەرچۆن بەر لە سەدەی هەشتەمی بەر لە زایینیەوە، هەمان شێوە باوبوو، ((هۆمیرۆس))یش داستانە شیعرییەکانی بە گۆرانییەوە ئەدا بە گوێی عەواڵانیدا، چونکە پتر ناوەڕۆکی ئەو شیعرانەش لە چوارچێوەو خەرمانەی شکۆمەندی ((ئۆپۆلۆن)) خولی ئەخوارد، بەبێ ئەو سۆزو خرۆشە نەئەکرا وێرد بکرێت.

ڕۆژانی لە مێژ، ناوی چەندین بلیمەتی ئەم بواری شیعروگۆرانی وتنەی بۆ تۆمار کردووین، وەك ((ئۆلین)) و ((فۆبامۆن)) و ((کرین)) و گەلێکی دی...

لەكار لەیەكدی كردنی هەردوو هونەری شیعر و میوزیك، گەلێك داهێنان و پەرەسەندنی گەورەی لێكەوتەوە، چ لەڕووی كێش و بابەتی شیعرەوە و چ لەڕووی سەرهەڵدانی ئاوازو پەرەپێدانی ئامێرەكان، بەتایبەت، پترکردنی ژێی ((کیسارە)). لە دەوروبەری ساڵی (١٤٠٠-پ.ز)، ((ئۆلین)) كێشێكی نوێی هێنایە جیهانی شیعرەوە كە بە كێشی شەش لەسەر شەش یان (شەشینە) ناونرا، كە پتر بۆ بابەتی قارەمانێتی بەكار ئەهێنرا، هەر ئەم كێشە شیعرییە نوێیە بوو بووە مایەی داهێنانی ڕێبازی ((ئۆپۆلۆن)) لە هونەری میوزیكدا، هەمان شاعیریش بە مەزنترین شاعیری ((ئۆپۆلۆن)) ناسراو و نامێ بوو. جگە لەم داهێنەرە (لینوس -Linus) بەیاد دەكرێتەوە، كە بەدیهێنەری مۆسیقای شین و لاواندنەوەو تەرم بەڕێخستن بووە، جگە لەوەی دروستكەری (كەنارە -Lyre)ی سێ ژێی بووە.

هەر لەو دەوروبەرەدا بوو، كە (پیروس-Pirus) ڕێبازی (میوزی -Muses) لە تراكیاوە گوێزایەوە وڵاتی یۆنان، بەڵگەیەكی هەرە دیارو درەوشاوەی پلە بەرزی مۆسیقا بوو لە ڕۆژگاری (هومیری)دا، كە بۆ ساڵانی (١٢٠٠)پ.ز دەگەڕێتەوە. مەزنترین ژیاری مۆسیقای باڵای یۆنانییە، كە مۆسیقاكەی لەسەر بنچینەی مقامی (دووریانی) ڕاگیراوبوو، چاكترین یادگاری ئەو ڕۆژگارەشمان بریتییە لە دروودبەندێكی هومیریانە، كە بۆ (دیمیتی -Demete)ی خوداوەندی داناوە. (هوكولانفتسنترین) لە كتێبەكەیدا (مۆسیقا و

ژیار) ئاماژەی بۆ ئەم یادگارە کردووە، کە چۆن (بنیدیتومار شیللو) (Benedeto Marcello) بنیویەتییەوە و بەهۆیەوە توانرا شیعری شەشینەیی پاڵەوانێتی پێ بچڕێت.

بەڵێ لە ڕۆژانی هۆمیریدا گەلێ پەرەی سەند، هەرچەند لەو دەم و ڕۆژانەدا ئەم سێ جۆرە لەبرەودابوون :

یەکەمیان : Hymnes، واتە شیعری ئایینی پیرۆز.

دووەمیان : Lysrique، واتە شیعری ویژدانی.

سێیەمیان : Epique، شیعری داستانی.

لێرەدا مەبەستی سەرەکیمان لەو جۆرە شیعرەیە، کە ڕاستەوخۆ بە هونەری مۆسیقاوە بەندبوو، واتە شیعری گۆرانی Lyris.

گرنگترین خاسییەت و ڕواڵەتی ئەم جۆرە ئەوە بوو : بەو کێشە تایبەتیانە هۆنرابوونەوە، کە بەمەبەستی گۆرانی گوتن بەهاوکاری ئامێرە مۆسیقاییەکان بوو. گۆرانییەکەش یان بە تاکە کەس دەگوترا یان بە کۆمەڵ، واتە لەلایەن کۆرسێکی چەند کەسییەوە لەگەڵ گوتنەوەی گۆرانییەکەشدا دوو جۆر جوڵاندنەوە هەڵسوکەوت دەکرا، یەکەمیان ڕۆشتنی ڕۆشتن ئاساو، دووەمیان سەما، واتە جوڵانەوە لەسەر ئاوازەکەو وەرگێڕان و گۆڕینەوە بە جووڵەی ڕزمدار، واتە هەر سێ توخمە سەرەکییەکە، چ وشەو چ مۆسیقا و چ سەما، لە چوارچێوەیەکی پارێزراودا لەیەکتر دەتوانەوە.

لەو ڕۆژگارانەدا شیعر ڕابەری بەزمەکەبوو، چونکە زیاتر بۆی

لواو بوو، یان بڵێین گەیشتووتر بوو، هەروەها مۆسیقاو ئامێرەکان لە ڕادەیەکی ئەوتۆ پێشکەوتوو و فراواندا نەبوون، ئەوەی شایانی باسە گرنگترین ئامێری مۆسیقا ژەندنیان بریتی بوون لە کیسارە (Cithare) لەگەڵ بلوێردا (Flute)، ئەم دوو ئامێرەش تەواو ساکار و سەرەتایی بوون. بۆ نموونە کیسارە تەنها چوار ژێی هەبوو، پاشان پەرەی سەند.

خاڵێکی تریش بۆ زاڵبوونی وشە، بریتییە لە بابەتی شیعرەکە، بەتایبەتی لەمەودایەکدا دەسووڕاو خولی دەخوارد، کە خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی گەورەو کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەری تیابوو، یان باسی خواوەندان و شکۆداری و سەرگوزشتەو ئیلهام بەخشینیان دەکرد، یان ئەوەتا لەسەر باسی خوێن گەرمی و هەستی نەتەوایەتی تاوی دەدان. لەگەڵ ئەمانەشدا گەلێ شاعیر یان بڵێین گۆرانیبێژ هەبوو، کە هونەرەکەیان ڕووی لە بابەتە فێرکردنەکان بووە، وەك (پیوجنیس میجاری - Theognis Megare) کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە زایین لە شاری میجار ژیاوە. لەسەر ئەمانەشەوە بوونی نووسەر بەسەر مەشق و ڕابەرو یەکەم گۆرانیبێژی بابەت بووە، ئەمەش خاڵێکی دیارترە ئەگەر خۆیشی ئەم ئەرکەی نەبینیایە ئەوا کەسێکی تری بە بابەتەکەی ڕایی دەکرد.

لەڕوویەکی گەشی دی هاوسەرێتی شیعر و میوزیك، هاوخەمی و هاوەڵی کێشەو گرفتەکانی مرۆڤن، هەردوو خەمخۆری خەمە گەورەکانن، چ بە ئاواز و چ بە وشەو.... تەنانەت خولیای خەونەکانیشیان لە

دوتۆی پەیامیاندایەو، لە شۆڕشەکاندا پتەوترین سەنگەری بەرگری بوون و.... بەخۆڕایی نەوتراوە : ((شیعر و میوزیك بە ئاواز و وشەوە مێژووی مرۆڤایەتییان هێناوەتە دی))، هیچ شتێکی تریش هێندە سەر ڕاست و بە ویژدان نییە لە ئاستی سپاردە پێسپاردندا.

بۆیە سوورم و جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە کە ناتوانرێت هونەری مۆسیقا لە بازنەی بوونی شانۆی گریکی بەدەر بخرێت، بەرادەیەك تێهەڵکێشی بوونی بووەو جیاکردنەوە ئەستەمە، چونکە وەك توخم و پشتیوانی ئاوازدارە بۆ زۆر بەشی پێکهێنەری تراژیدیا، بەتایبەتیش لە بوونی کۆرسدا کە پاشماوەی ئەو سروودەیە کە گەوهەری پەیدابوونی درامایە، کە دەڵێن کۆرس، واتە سرود وتنەوەیەك کە لە سەرکێشە مۆسیقاییەکان بەند بوو، ڕەزمدار بوو ئەم لایەنە مۆسیقاییەش بۆ ڕۆژانی سەرەتا دەگەڕێتەوە، ئەو دەمانە لە ئامێزی ڕایی کردنی نهێنییە ئایینییە دیۆنیزیۆسییەکەوە بوو، پاشان بۆ قۆناغی دووەم گواسترایەوە، کە شێوازە شانۆییەکەیە، واتە هێشتا وەکو دەقە شانۆییەکە هەر لەژێر ڕکێفی یاسا ئاوازییەکەدا بوو، دەنگی (نەی) باڵا دەبوو بەر لە برەودان بە دەنگی کەسەکان، بەڕای (ئەرستۆ) : سۆزی دەنگی نەی گونجاوتر و لەبارترەو نزیکترە بە دەنگی مرۆڤ.

دەربارەی جۆری پەیوەندییەکەی، ئەوکاتە (بلوتارخوس) دەڵێ: ((وەنەبێ مۆسیقا تەنها پاڵپشتییەکی لاوەکی دەقێکی شانۆیی بێت، بەڵکو بزوێنەرو جوڵێنەریەتی، وەك چۆن تراژیدیا بە شیعر

هۆنراوەتەوە ئەو ڕێکخستنەی، کە بریتییە لە پەیوەندی ئەندازە مۆسیقییەکەو ڕەزمە مەبەستەکەی و، گونجاندن لەنێوان نیشانە مۆسیقییەکەو پارچە لەبزیەکەدا)) ئەمە ڕادەی گرنگی ئەو دوو توخمە دەردەخات، جۆری نمایشکردنەکە ئاوێتە بوونێکی بێ هاوتای نایاب بوو، کە ئەمڕۆ دووبارە کردنەوەی گەلێك ئەستەمە، ئیتر لەو ڕووەوە زانیاری تەواویشمان نییە، تەنها شتێ کە بەتەواوەتی بۆی دەچین و نەگۆڕە ئەوەیە، (بەشە تایبەتییەکانی کۆرس لە شێوەی سروود دا بە گۆرانی دەگوتران..) میوزیك خۆی وشەیەکی یۆنانییە، لە وشەی (میوس)ەوە هاتووە، کە واتای ئیلهام بەخشی بووە، لەسەرەتاوە بۆ مەبەستی فراوانتر واتای دەبەخشی و، پاشان بە زمانی ئاواز واتە میوزیك تایبەتمەند بووە.

میوزیك هونەرێکە لە هونەرە جوانەکان، وەك گشت هونەرەکانی دی لە کاروانی ژیارو سەرگوزشتەی ژیانی مرۆڤدا کاریگەرێکی بەتواناو گرنگ بووە، لەو هونەرانەیە کە ڕاستەوخۆ کاردەکات و بە خێرایی بڵاودەبێتەوە. ئاوێنەیەکی بێگەردی ڕوخساری نوێی کۆمەڵگایە بەهەموو لایەنەکانییەوە.. هونەری میوزیك کاری لە هونەرەکانی دی کردووەو بە ئاشکرا پێوەیان دیارەو هەروەها هونەرەکانیش کاریان لە میوزیك کردووە، ڕۆحی نوێیان پێ بەخشیوەو پەرەیان پێ سەندووەو یەکێ لەو هونەرانە هونەری درامایە.

دەربارەی سەرەتاو مێژووی هونەری میوزیك گەلێ ڕاو بۆچوون

و تیۆری جۆراو جۆر هەیە، تیایاندایە خۆی بەچەند سەرچاوەو تیۆرێك پشت ئەستوور کردووە، کە چەندین هۆو پاڵپێوەنەر و یاریدەدەر بۆ پەیدابوونی میوزیك دەهێنێتەوە، هەشیانە کە لەسەر بنچینەو گۆشەنیگای تیۆری ڕایەکانی دامەزراندووە. هەرە دیاریان ئەو تیۆرەیە، ئەفسانەکانی کردۆتە سەرچاوەی سەرەکی و لەوێوە مەبەستی هەڵێنجاوە.

لە بواری (ئەنپرۆپۆلۆجیا) وە (Anthropology)، کە ئەو زانستەیە، لە ڕەچەڵەك و ڕەگەزی مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەرەسەندن و لایەنەکانی ژیان، گەلێك ڕێگا خۆشکەری مێژووی نووسەرانی مۆسیقا بووە، هەرچەندە زانستێکی سەربەخۆ بۆ هونەرەکانی گۆرانی و سەماو مۆسیقا ژەندن، جێگای خۆی کردۆتەوەو بە زانستی (ئەنسۆماسایکۆلۆجی) (Ethnomasiclogy) ناسراوە، کە بە ڕێگاو بەڵگەی لۆجیکانە بۆ ڕۆژانی دروست بوون و خۆگرتن و پەرەسەندنی میوزیك لە چاخەکانی بەر لە مێژووەوە دەچێتەوە.

پەیوەندی میوزیك بە هونەری شانۆوە پەیوەندییەکی بنەڕەتییەو ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر و گرنگتر دەبێ، لە یەکەم گەرای پەیدابوونەوە پێکەوە هاتوون، هەروەها لە ئامێز و بارودۆخ و بوونە یەکدا چاوی بوونیان بە ژیاندا هەڵهێناوە.

لەو دەمانەدا کە هونەرەکان بەتایبەتی بابەتەکانی شیعر و سەما و گۆرانی، کە هێشتا وەکو لە ئاستی تێڕوانینەوە لە سای داستانە

ئەفسانەییەکاندا بوون، ئەو کاتە لە چوارچێوەی داب و نەریت و بۆنە ئایینییەکاندا تێکەڵ بەیەك بوون، ئاوێتەبوونێ بۆ ئامانج و مەبەستێك، گیانی شانۆیان بەبەردا کرا، ئەم ئاشنایەتییەی نێوان هونەرەکان زۆر لەو هەنگاوە دێرینتر بوو، بەڵام وادەی لەدایکبوونە نوێیەکە لە ڕۆژانی شەشەمین سەدەی بەر لەدایکبووندا هاتە دی، دەنا لە ڕۆژانێکەوە، کە مرۆڤ جووڵەی لەشی دەکردە ئاوێنەو کەرەستەو مەبەستێکی دروست، کاتێك بەشێوەی گێڕانەوەو باسکردنی دەوروبەرەکەی لە باوەشی سروشتە ساکارەکەدا، سەمای کردە هۆیەکی هەرە گرنگ بۆ دەربڕین و خواستن و شوێن خۆشکردن و بەرەنگاربوونەوە، لەپای بەردەوامی و مسۆگەرکردنیدا، ئەو کارە هونەرییە ساکارە گەلێك بیرو توانای لەتەك جوانیدا دەنواند هەتا بوو بە بیروباوەڕو، مەبەستێکی بنەڕەتی پێوەبوو، بووە هۆکاری بەدەستهێنانێکی مەزن. تا ئەو دەمەش لە دەنگ و تەپەی هەناسەیداو لە جووڵانەوەکەشیدا هەوڵی یەکخستنی دەنگێکی ڕێکوپێکی ڕزمداری بوو. بەڕای زانایانی مێژووی هونەر : کێش و شیعر و سروود بە چیرۆکە ئاوازدارەکانەوە زادەی ئەو بارەن. بۆیە بە کارێکی بە ڕێکەوتی نازانن کە یەکەی شیعر هەبێ، لای عەرەبەکانیش بۆ (تفعیلە) کە دەگەڕێتەوە، لەلای تریش بە (foot) ناودەبرێت، ئەگەر سەرنجێکی هەردوو وشەی (Ballad) و (Ballet) کە یەکەمیان گۆرانییە چیرۆك دەگەیەنێ و دووەمیان سەمای بالی، بۆیە بە هیچ کلۆجێك میوزیك لە بوونی هونەری شانۆ جیاناکرێتەوە، وەك

چۆن لەسەرەتاوە، وەك دەنگ و ئاواز هاوكارییەكی سەرەكییان لەكاری گرخواردنی سەما سەرەتاییەكەدا دەكرد. چ بە چەپڵە كوتان یان تەپڵ لێدان و دار بەیكداادان. ئەمەیان وەك شێوەو ڕادەو جۆری هاوبەشی كردنەكەی بووە مایەی پەرەسەندنی میوزیك، بەڵكو گەورەترین كاری كردە سەر هونەری شانۆ، بەڕادەیەك كە بابەتی سەربەخۆی لێوە وەدەست هێنا، بۆ گەواهی ئەم ڕاستییە نموونە بەم بابەتانە دێنمەوە، كە میوزیك خاوەن دەستەو لە ڕواڵەتیاندا ئاشكرایە : وەك هونەری بالی، ئۆپرا، ئۆپەرێت و شانۆی سەماییانە، شانۆی گۆرانی، شانۆی بووكە سەماكەرە، شانۆی زارۆكان، شانۆی میوزیك، شانۆی نمایش... هتد.

ئەم دەروازە كردنەوەیەم بۆ ڕێخۆشكەری لێكۆڵینەوەكەم بوو، (كورسی و بەها درامییەكان)، ئەو چامەیەی كاكە ((شێركۆ)) بە جوانترین شێوە گرەوی بەختی خۆی و ئەدەبی كوردی پێ بردەوە، ئەم هونەری نواندنەی بەردەوامەو چاوگەكەی گۆرانی تافەتاف بە گوێی ڕووباری بە لەنجەولاری سیروان ئاسای شیعردا ئەدات، ئەوەتا لە دەقێكی والاتردا، چامەی ((كتێبی ملوانكە)) زەریایەك لە جوانكاری داهێنانی خولقاندووەو لە دەرووی بەرهەمەكەیدا، لەژێر ناوی ((بەر لە خوێندنەوە، وتەیەكی پێویست)) فەرموویەتی : ((بەڵێ ئەم كتێبەشم هەر ناو ناوە دەقێكی والا!... بەلام من مەبەستم لە تێكستی والا كراو چییە؟! لە سادەترین پێناسە كردندا. ماڵێكە نە یەك بابەت و نە یەك فۆرمی دیاریكراوی تیا ناژی، هیچ كام لە شیعر و چیرۆك و پەخشان و

پەخشانە شیعرو شانۆنامە خاوەنی هەمووماڵەکە نین، بەلاّم لەهەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە. ئەشێ لە حەوشەی ئەم ماڵەدا گوێمان لە خوێندنی باڵندەکانی شیعر بێت، یان لە ژوورێکیدا چاومان بە نەخش و نیگارو مافووری ڕەنگاڵەی پەخشان و پەخشانە شیعر بکەوێت یان لە ڕاڕەوێکیدا تووشمان ببێت بە تووشی حیکایەتخوانێکەوە، چاومان بە ڕەوتی چیرۆك بکەوێت، یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین. هەر جەماوەرەو ببێتە میوانی یەکێکیان.....))

بەر لە داخستنی ئەم دەروازەیەدا، بفەرموون با چاومان بەم بینراوە شانۆییەی بڕێژین، کە لە ((کتێبی ملوانکە)ەوە خواستوومە، لە شەتاوانی شەستەبارانی بەهارانی جاویدانی بڕوانن :

## -شانۆ، ماڵی یاقووت —

سوارە : هەموومان، هەموو کەس و کار. وای بەباش ئەزانین بتدەین بە ڕێبواری برازام لەڕاستیشدا تۆ هەر لەسەر بێشکەوە بۆ ئەو دانراوی!

یاقووت : "پێئەکەنی" ئەی بۆ لەناو سکەوە نەبوو؟!. ئەوەی ئێوە بە باشی ئەزانن من بە خراپی ئەزانم. من ناتوانم ببم بە ژنی پیاوێك خۆشم نەوێت.

سوارە : ئەبێ بیکەیت!.

یاقووت : هەرگیز نایکەم. بۆ من نێچیری ئێوەم؟!

سوارە : بەڵێ نێچیری و ئەوەیە چارەنووست!

یاقووت : نا، نا هەرگیز!

(چەپکە ڕووناکی ئەکەوێتەوە سەر دەرهێنەر)

وەك دیتان، یاقووت لەبەردەم گوشارێکی گەورەدابوو. کە ئالان زانی کار گەیشتۆتە ئەو ئاستە. ئەمیش ناردییە خوازبێنی. بەڵام زۆر خراپ دەستیان نا بەڕوویانەوە. تەنانەت هەڕەشەی ئەوەشیان لێکردن جارێکی تر نەیەنەوە بەماڵیاندا. بەمجۆرە یاقووت تەنها دوو ڕێگەی لەبەردەمدا بوو یان ڕازی بوون یان یاخی بوون.

-تاریکی-

چەپکە تیشکەکە ئەکەوێتە سەر شەقامێکی گشتی، یاقووت و کچە ئەکتەرەکە پێکەوە وەستاون قسە ئەکەن.

کچە ئەکتەرەکە : ئێ دوایی؟!

یاقووت : بەوجۆرە من ئێستە تەنها ڕێیەکم لە بەردەمدایەو نابێ بەدوو.

کچە ئەکتەر : چییە؟ چۆن؟!

یاقووت : (نا)یە بۆ ماڵەوەو هەموو کەس و کارو "بەڵێ"یش بۆ دڵ و عەقڵ و جەستەی خۆم!

-تاریکی-

ڕووناکی ئەچێتەوە سەر دەرهێنەر :

یاقووت لە ئازادی جویێ نەبۆوە· بڕیاری چارەنووس لای خۆی بوو· بۆیە ماڵی بەجێهێشت و لە ئاهەنگێکی بچکۆلەدا هەر لە شوێنی تیپی شانۆی "ساماڵ" لەگەڵ "ئالان"دا بەهاوسەربوونی خۆیان ڕاگەیاند· بەڵام هەڕەشەو گوڕەشەی کەسوکاری یاقووت نەڕەویبۆوە·

هەمیشە ترسێك وەك تارمایی بەدوایانەوە بوو· ڕۆژ هات و چوو، یاقووت بوو بە یەکێ لە کچە ئەکتەرە دیارەکانی تیپی شانۆی "ساماڵ" و "ئالان"یش چەندین دەقی تازەی نووسی· لەماوەی ئەو ساڵەدا ڕووداوێك ڕوویداو هەموو شاری هەژان· سەر لەئێوارەیەك لەو گەڕەکەی ئەکەوێتە پشت ئەم شانۆیەوە، کەس و کاری یاقووت تەقەیان لە یاقووت و ئالان کرد بەڵام خۆشبەختانە هەردووکیان لە مردن ڕزگاریان بوو· تەنها یاقووت بەسووکی ڕانی ڕاستی بریندار بووبوو·

بینەرانی خۆشەویست : ئێمە ئێستا لە کۆتایی شانۆنامەکەمان نزیك بووینەتەوە· بەڵام دیمەنێکی چاوەڕواننەکراوکەوتە ناوشانۆگەرییەکەوە کە نە من و نە نووسەری دەقەکەیش بیرمان لێ نەکردبۆوە· دڵنیابن هەمووتان بەبینینی ئەم دیمەنە دڵتان خۆش ئەبێت· فەرموون ئەوە یاقووت و ئالان و یەکەم نۆبەرەیشیان کە کچەو ناویشی "مووروو"ە – ئالان و یاقووت و موورووویش بە باوەشی دایکییەوە دێنە سەر شانۆ· ئەبێتە چەپڵە ڕێزان و پەردە دائەدرێتەوە·

-کۆتایی-

# بەشی یەکەم

## تەکنیك – دیالۆگ

### دەروو :

لەسەرەتاوە شاعیر، لە دوتۆی وتەیەکی پێویست دا، فەرموویەتی:
(( لەم بەرهەمە تازەیەمدا، ویستومە لەیەك کاتدا شیعرو چیرۆك و پەخشان و شانۆنامە، هەریەکەو، بە خاسییەتە دیارەکانی خۆیانەوە، لەگەڵ یەکتردا کۆ بکەمەوەو یەك تەوەریش یان یەك بیرۆکەیش، لەسەرەتاوە تاکۆتایی، هەموویان وەك پەت و دەنکەکانی ملوانکەیەك پێکەوە ببەستێتەوە. واتە ئەم بەرهەمە یەك ژانر یان یەك هونەر لەخۆ ناگرێت. لە هەندێك شوێندا شیعر ئەبینی و لە هەندێك جومگەی تردا پەخشان و لە بەشێکی تردا چیرۆك و لە هەندێك ئاستی تردا شانۆنامەو... )) (١)

خودی کاك شێرکۆ ئاماژەی بۆ بوونی توخمی شانۆیی کردووە لە چوارچێوەی چامە دیوانی( کورسی ) داو، چامەکەی بە تێکستێکی والاّ ناوزەدە دەکات. چەمکی والاّش بەرینی و کراوەییە.

بەڕای من ئەم چامەیە، یان ئەم تێکستە والاّیە لە سەرو

والآییەکەیەوە، پتر بە چامە داستانیّ ئەچیّ، هەرچۆن گەلێك هەل و مەرجی داستانی نەك تەنها تیادا دەژی، بگرە زەق و گەوهەرینە، لەگەلّ ئەوەشدا، جودایی لەنێوانی دراماو بەیت دا هەیە، بەلاّم بۆتە شێوازێك لە شێوازە سەربەخۆ نوێیەکانی هونەری شانۆ، بۆ نموونە، دیارترین شانۆی سەدەی بیستەم شانۆ بەیتئامێزییەکەی ( برتۆلّد برێخت ) ە (Epic Theatre )، (( گەڕانەوە بۆ شێوازی ( بەیت ) لە ڕایی کردنی کاری دراماکەدا ))٠ (٢) واتە ( بەیت ) بۆتە هێماو ڕوالّەتی سەرەکی شانۆکەی٠

لێرەدا جەخت لەسەر بوونی گیانە (بەیت ) ییەکە ئەکەم، بەهۆی بوونی چ توخمی چیرۆك و چ زمانی شیعرو گفتوگۆ (دیالۆگ ) و (مۆنۆلۆگ )، لەتەك گێڕانەوەدا جگە لە پابەند نەبوونی بە هەرسێ یەکە : یەکەی کات و شوێن و ڕووداو٠٠٠٠

ئەمە کارێکی دەگمەن و دانسقەی شیعری کوردییە٠ لە مێژووی شیعری کوردی دا، دیارترین یادگار، چامەی ( شەڕی عەزیز بەگ)ی (سالم ) ە، باس لە دوایین جەنگی داکۆکی میرنشینی ( بابان ) ئەکات٠

یەکانگیربوونی چەندین توخمی دراماتیکی لە بنیادی (کورسی)دا، وەك : بەهای کەسایەتی، دیالۆگ، ڕووداو یان کردارو فرمان و گرێ و، خولّقاندنی کۆکەشی شانۆیی، یان کۆکەشی دەروونی شانۆییانە٠

هەروەها بوونی ( دیالۆگ ) بەم شێوەو زیندوێتییە شانۆییە، کە

پێشتر ئەدەبی کوردی بەخۆیەوە نەدیوە، ئەم توخم و بەهایانە، لەلای (گۆران) ی مەزنە نوێخواز، لەو تێکستە شعریانەدایە، کە ئەچنە خانەی تێکستی شانۆیی، وەك ( ئەنجامی ئەژدەهاك ) و ( جق و نق)... . نەك لە چوارچێوەی خودی شیعردا.

لەلایەنی دیالۆگەوە، لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی، حەزرەتی (مەحوی) دەستبالاّ بووەو، لە هەشتاکاندا، لەناو بەرنامەی فیستیڤاڵەکەیدا، باسێکم بە ناوی ( دیالۆگ لە شیعری مەحوی دا) پێشکەش کرد. کە بەڕاستی دەستبالاترین شاعیرە لە دیالۆگ کارییدا!، نەك لەناو کورد دا، بەڵکو بێ هاوتایە لەناو شاعیرانی گەلانی دی دەوروبەریشداو، جوانترین دەست ڕەنگینی نواندووە. لەگەڵ ئەوەدا، ناکرێ و نالوێ بەراورد لەنێوان ئەو (دیالۆگ) بوونەی کن حەزرەتی مەحوی، لەتەك بوونەکەی لای شاعیری گەل (شێرکۆ بێکەس) بکەین، بەهۆی جودایی سەردەم و ڕۆژگارو چەمکی (دیالۆگ) لای هەریەکەیان، لای (مەحوی) کاریگەرێتی تێکستە ئایینییەکانە، بەر لە گشتیان (قورئان)ی پیرۆز. بەلاّم لای ئەمیان شانۆ بە واتای شانۆ و لە چوارچێوەی چامەی کراوەدا.

## شاعیر و شانۆ :

گوتوویانه له هاوسەرێتی شیعر و داستانەوە شانۆ لەدایکبووەو، ئەو ڕۆژگارانەی شانۆی تیادا لەدایکبووە، ڕۆژانی بەژن بۆ شناغی شیعر بووە.

(ئەرستۆ) خولیای ئەم باسە بووەو لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) لەسەر شێوەو جۆرەکانی دواوە، بەتایبەتی کە ئەیەوێت تیۆرە گرنگەکەی ( تیۆری گێڕانەوە) بسەلمێنێت و بچەسپێنێت. هەروەها گەڵێ توێژەرەوە ئەم باسەیان لەڕووی پەیوەندی نێوانیانەوە هێناوەتەوە، ئەگەر لە گۆشەنیگای مێژووی شانۆوە لێی بڕوانین، بۆمان دەرئەکەوێت، بە درێژایی چوار سەدە، نەك هەر شیعر دەستەملانی شانۆ بووە، بەڵکو خۆی جۆرە شانۆییەك بووە، لەو دەمەوەی (ئەریۆسی کۆرەنتایی) لە سەدەی شەشەمینی بەر لە زایینییەوە، گۆرانی ئاهەنگە ئایینییەکانی دادەناو، بە بینەرانی ئەگەیاندو، بە چامە شیعری، وێردی سەربووردەکانی (دیۆنیزیۆس)ی خوداوەندی ڕەزوپیت و فەرو سك و زای بەسەر ئەکردەوە، تا ئەو دەمەی، شاعیرێکی دی، بە ناوی (سیسپس) ساڵی (زیاد لە پێنج سەدە پ. ز) هات و ڕەنگی بۆ هونەرێکی نوێ ڕشت، شانۆو ئەکتەری خوڵقاند، لەو دەم و ڕۆژگارە دێرینەوە شاعیر باب و بنیادنەری شانۆ بووە)) (٣) کەواتە هەرگیز، بە مێژووی شانۆو شیعر، شاعیر

دووره پەرێز و تەرێكی شانۆ نەبووه، هەردووكیان، بنیادنانی ژیانه له گوڵدانێكی یەك جوانكاریدا. هەر كاتێك شیعرەكانی (شێركۆ بێكەس)م خوێندۆتەوه، شانۆییەكم بینیوه یان چەند كورته بینراوێكی شانۆیی، بەڵام به كەرەستەو شێوازی جودا، هەر له دیوانی یەكەمییەوه (تریفەی هەڵبەست) له باسی (مەلا هندییه)وه... هتد.

جارێكیان لەیەك كۆپله شیعردا، له ڕۆژنامەیەكدا، بەرچاوم كەوت، باسی زیز بوونی مێردێ له خانمەكەی ئەكات، له ژووری خەوتنەوه ڕوو له هۆڵەكه ئەكات و لەسەر قەنەفەیەك لێی ڕائەكشێ، پوخت بینراوێكی شانۆییم بینی، شانۆیی به بینەرەوه كه خۆم بووم.

مەبەستم لەوەیه، دیاردەی شانۆ ئامێزی به شاعیر نوێ و نامۆ نییه. بۆیه ئەگەر توخمه دراماتیكییەكان له چامه شیعرییەكانی شاعیر دا هەبێ، ساناو ئاساییەو، له جێگای خۆیدایه و لێی دێ و لێی ئەوەشێتەوه و هەرگیز پێی دوورو نەناس نییه...

گەر ژیانی شاعیر به چاوگ وەربگرین، ئەوا له ڕۆژانی هەرزەكاریی و خوێن گەرمی و لاوێتییەوه، لەناو گوڕو هەڵچوونی شانۆی شاردا بووه. یەكەم كاری ( جددی ) بۆ شانۆ، وەرگێڕانه نازدارەكەی، بۆ شانۆیی (شایی خوێناوی ) شاكاری شاعیری ئیسپانی( لۆركا ) بوو، كه به كۆمەكی یەكێتی لاوانی كوردستان و كۆمەڵی هونەرو وێژەی كوردی له سەرەتای حەفتاكاندا نوێنرا، ئەو دەقه بۆ سەرجەم زمانه زیندووەكانی جیهان وەرگێڕدراوەو، بەچەند زمانێ نواندنیم دیوه، ئەوەی جێگای

شانازییە، وەرگێڕانەکەی کاک شێرکۆ نەك لەهەمووان نزیکترە بە گیانی شانۆکەی لۆرکا، بگرە زیندووترە، ئەمەش بۆ تواناو هەست بەرزی شاعیر ئەگەڕێتەوە، کە درکی بە نزیکی چیرۆك و سەربووردەی شانۆییەکە بە کۆمەڵگای کوردەواری کردووە، بۆیە لەکاری نەك وەرگێڕان بەڵکو بە کوردی کردنیدا، گرەوی بەختی شیعر و شانۆی بردۆتەوە. تەواو چۆتە بنج و بناوانییەوە، بۆیە لە وشەو بن وشەکان گەیشتووە. هەروەها وەرگێڕانە جوانەکەی شانۆیی (مۆڵەت)ی مامۆستا (محی الدین زەنگەنە) کە لەلایەن منەوە دەرهێنراو ڕایی کرا.

شاعیر وەك شانۆنامەی شیعریش، جێگای هەرە دیاری هەیەو ناکرێ نکۆڵی لە ڕۆڵی بەرزی، لەناو بزافی شانۆی کوردیدا بکرێت، خاوەنی ئەم شاکارانەیە، لە بواری شانۆی شیعر ئامێزدا : ( کاوەی ئاسنگەر) ساڵی ١٩٧١، ( ئاسك) ساڵی ١٩٧٦...

کەواتە نزیکی شاعیر بە شانۆ و شانۆڤانان مایەی ئەم دیاردە شانۆ نەخشاندنەیەتی .

## کەسایەتی کورسی لە چامەی کورسیدا :

**(( ... کورسی ئەکەوێتە قسەو، دووکەڵیشم بە زمانی**
**خۆڵەمێش، لەسەر دەرگا بێ یان دیوار،**
**لەسەر عەردبێ، یاخود لەسەر جەستەی ڕێبوار.**
**هەرچی ئەو بیڵێ ئەینووسێ !...**

**کورسییەکی کورتە باڵای بە تەمەنەو**

**ئێسك سووك و تەوێڵ پان و**

**دەست باریك و ناو شان تەنگەو**

**بەڵام هێشتا وریاو قنجەو**

**قاچێکی کەمێ ئەشەلێ و**

**بە ڕەنگ و ڕوو زەردەڵەیەو**

**قژ ڕووتاوەو وەلێ تەندروستی تەختەو**

**جومگەکانی گەلێ باشە !**

**کورسییەکی شپرزەیەو خەیاڵاوی... .. )) (٤)**

ئەمە سەرەتایە بۆ ناسینی کەسایەتییەکەو، پاشان لەتەك ڕووداوەکاندا پتر پێمان ئەناسێنێت. کورسییەکی داری بێگیانمان لێ ئەکات بە زیندەورەیێکی هەرە زیندوو، بە مرۆڤێکی دونیا دیدەی ئەزموندار... . کورسی داینەمۆی داستانەو کەسایەتی سەرەکی یان بڵێین، قارەمانی شانۆیی و بەیت، ئەبێتە خودی شاعیرو جارو بارەش جیا ئەبێتەوە و شاعیر لێی ئەگەڕێ و داوی خەیاڵی بەرینی بۆ شل ئەکات و، بۆی بەرئەدات و، جارێکی تر یەکانگیر ئەبنەوە.

کورسی : خودی شاعیرەو لە بری ئەو ئەدوێ و شریتی تەمەنی ڕابوردووی شاعیرە، ئەلبوومی بیرەوەری و یادگارەکانییەتی. هەروەها کورسی، هێمای زۆر لەخۆ ئەگرێ. ئاکام کتومت هێمایە بۆ سستەمی ژیانی ساڵەهایەکی خەڵکی شاری سلێمانی، هەست و ئارەزووەکانی شاعیرە، ڕۆژ ژمێری

پوختی قۆناغەکانی تەمەنی پڕ لە هات و نەهات و تاڵ و شیرینی شاعیرە.

## دیالۆگ :

زاراوەی دیالۆگ (Dialogue) پێکهاتەی بڕگەی (دیا)یە، لەگەڵ بڕگەی (لۆگ)ە، بڕگەی (دیا)، دووکەس، یان دوو قۆڵی ئەگەیەنێت و، (لۆگ)یش گفتوگۆ یان دەمەتەقێ، واتە ئاخافتنی نێوان دووکەس یان پتر لە دوان، هەروەها زاراوەی مۆنۆلۆگ (Monologue) ئاخافتنی تاکەکەسی ئەگەیەنێت....

دایالۆگ بایەخ و توخمێکی بنەڕەتی و گەوهەرینی (دراما)یە، مەرجەو لە گشت پێناسەکانی شانۆدا بە زەقی ڕەچاو کراوە. لە یەکەم پێناسەی (درامادا کە لەلایەن (ئەرستۆ) وە لە سەدەی چوارەمینی بەرلە زایینەوە لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) هاتووە: (( ( ئەسکیلیۆس) یەکەم کەس بوو لەیەك ئەکتەرەوە کردی بە دووان و، لە جێگا و گرنگی (کۆرس)ی کەمکردەوەو پلەی یەکەمینی بە (دیالۆگ)دا)). (٥)

(دیالۆگ) یەکەم توخم و ڕواڵەت و ناسنامەی هونەر و ئەدەبی شانۆیە. تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەرچۆن شانۆش تایبەتمەندییەتی لەو لایەنەوە سەریهەڵداوە، کە تەنها بۆ نواندن و سەر شانۆیە، نەك بۆ خوێندنەوە، چونکە پارچەیەکە لە ژیانی گەرم و گوڕو زیندوو. هەر لە بینراوی سەرەتاوە بە دیالۆگ ئەدوێ تا ئەگاتە ئاکام و کۆتایی. هونەری دیالۆگ نووسین، هونەرێکی هێندە ورد و ناسکە، هوشیاری

و وردەكاری و دەستڕەنگینی گەرەكەو، لە شارەزاو بە توانای ئەوتۆ ئەوەشێتەوە كە لەو سەری گشت نهێنی و شاراوەییەكانی هونەرەكەوە هاتبێتەوە. لەلای كەسانێك بە ڕستنی ناسك و نازدارترین پۆپەشمینی سەر پێخەفی پەرییەك چوێندراوەو، ئەو بەرهەمە بەرزو باڵایەیە، ڕوون و ڕەوانیی تەون و ڕەنگیەتی و، لەتەك هەرداوێكیدا هێزو گونجاندنێكی نوێ سەرهەڵدەداو زیاتر سەرنج ڕائەكێشێ و ڕەنگەكانی پەلكە زێڕینەی لێوە لە دایك ئەبێت.

لە فەرهەنگی (ئۆكسفۆرد) دا هاتووە : (دیالۆگ، بە شیعر، یان پەخشانەوە، بۆ نواندنی سەر تەختەی شانۆ ڕەخساوەو چیرۆكەكەی لە ڕێگای كردارەوە ئەگێڕێتەوە). (٦).

دیالۆگ كاردانەوەی ناخ و بیروبۆچوون و ڕادەی هۆشیاری و، دەرخەری سەرجەم لایەنەكانی كەسایەتییەكانە، چ لایەنی سایكۆلۆجی و، سۆسیۆلۆجی و بایالۆجی. لە دوو توێیەوە شوێن و كات و سەردەم و، سەراپای ژیانی كەسەكە(كاراكتەر) ئەخوێنرێتەوە، لە ڕۆژی لەدایك بوونییەوە تا ئەو دەمەی دیالۆگەكە لە زاریەوە دێتە دەرێ. هەر لە ڕێگای جۆرو شێوازی ئاخافتنی دیالۆگەوە، كۆكەشی دەروونی شانۆییەكەو، ڕزم و بارەكە ئاشكرا ئەبێ و، لە هەست و بیری وەرگردا، دیاری ئەدات و ڕەنگ ئەداتەوەو، یاریدەدەری ڕەوتی هێڵە درامییەكەیەو وزەی هەڵكشانی بەرەو قۆناغەكانی ئەدات. بۆیە پێویست ئەكات ڕەچاوی هەڵبژاردنی ڕستەو وشەكان و تەنانەت پیتەكانیش بكرێت. چونكە هەر

یەکەیان بە پێی پێویست کاردانەوەی خۆی هەیە، زۆر جاریش پێویست بە واتای بنە وشەو بنە ڕستە ئەکات، واتە واتایەك ئەگەیەنێت جیاوازە لەو واتایەی ڕستە نووسراوەکەی پیشانی ئەدات. هەر وشەیەو زادەی ساتی خۆیەتی، بۆیە ئەو گەرم و گوڕییەی لە ئەدەبی دیالۆگ ئامێزدا هەیە، مایەی ئەو هەموو هەژاندن و بزواندنەیە، کە هەرگیز لە گێڕانەوەدا، یان لە چیرۆك ئامێزیدا نییەو نابینرێت.

توخمی دیالۆگ، لە تەك سەرجەم توخمە شانۆییەکانی تردا بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی شانۆییەکەیە، واتە ئەو بیروفەلسەفەیەی، کە مایەی بنیادنانەکەیەتی. بە زمانی شانۆیی بڵێین مەبەست وەرگرتنی پشتگیری وەرگرانە یان بینەرانە، لە پای ڕاست کردنەوەی ئەو نەنگیەی هۆکاری نووسینی بابەتەکەیە.

ئەبێ بڕوامان بەوە بێت، شانۆ نووسی وریا، حسابێکی ئەوتۆ بۆ نووسینی گفتوگۆیەکان ئەکات. هەتا بتوانرێت تەنها لە بینینەوە هەموو شتەکان بە وەرگر بگات. بۆیە بۆ هەر حەرفێ ئەبێت حسابی کاری ڕەنگدانەوەی کرداری ناخ، بۆسەر کرداری دەرەوە بکرێت، واتە زادەی فرمانی مێشك و ناخ، لە ڕێگای ئاخافتنەوە بگات، بۆ ئەوەی زیندوویێتی وشە بپارێزرێ. خاسییەتێکی گرنگی تری، کە لە گێڕانەوە جیای ئەکاتەوە، هەنووکەیەتییە، نەك ڕابوردو نوێن. ئەو ساتەیە بابەتەکەی تیادا ئەژی، نەك جاران و ڕابووردوو... .

وا بزانم لە شوێنی خۆیدایە، وەرامی ئەگەری پرسیارێ بدەمەوە،

ئەپرسرێ: شانۆیی هەیە، بێ دیالۆگە؟ وەك پانتۆمایم؟ ئەڵێم: دیالۆگ لەو جۆرەدا، بێدەنگە، ناخ بە جەستەو جوڵەی جەستەو هۆیەکانی دەربڕین، ئەڵێ بدوێ، ئەوەش جۆرێکە لە دیالۆگ، هەر چۆن (دیالۆگ)ی ناوەوە هەیە، بە هەمان شێوە بێدەنگی هەیە ئەوەشمان لە بیر نەچێت، بەر لەوەی زمان پەیدا بێت، ئاماژە و جەستە، بە تایبەت هونەری سەما، زمانی دەربڕینی بووە.

## دیالۆگ لە چامەی کورسی دا:

بەر لەهەموو شتێك، ئەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین، شاعیر بەوپەڕی لێزانینەوە کارێکی ئەوتۆی کردووە، هەر هەموومان قایل بین، کورسی ئەدوێ، جاران ئەدوێ و هەر هەموو شتەکان زیندوو ئەبنەوە، کورسی چەشنەها سەر بووردەو حەقایەتی هەیەو و بە پەرۆشەوە گوێی لێئەگرین و، بە هۆی ئەو گشت هۆکارە بەهێزانەی چامەکەی پێ زیندوو و گەشاوە کردووە، کە هەندێکیان هەر چۆن سیناریۆیەکی نەك تەنها ئەدەبی، بەڵکو ڕاپەڕێنەر (التنفیزی) یان جێبەجێکەر، کە کەش و هەوایەکی سەرنج ڕاکێشی، ئەوتۆی خولقاندووە، کە بەو پەڕی هۆشداری و پەرۆشەوە گوێ لە (دیالۆگە)کانی کورسی بگرین، فەرموون ئەم کۆپلەیە وەك نموونەیەك :

**"وردە وردە دێتە پێشەوە:**

**تارمایی چیخۆف: چاوەڕوان مەبە!**

**کورسییەکە: بۆچی؟!**
**تارمایی چیخۆف: ئەو جارێکیتر هەرگیز**
**لەسەر تۆ دانانیشێتەوە!**
**کورسییەکە: ئاخر بۆچی؟! چیم کردووە؟!**
**تارمایی چیخۆف: نا تۆ هیچت نەکردووە، بەڵام چێوار ئیتر هەرگیز نایەتەوە، چونکە بەر لە چەند چرکەیەك ڕۆحە سپییەکەی گەیشتە لای من و ناو باخی گێلاسەکەم!**
**(( تاریکی، پەردە دائەدرێتەوە))**
**کورسییەکە: " لەسەر گێڕانەوە بەردەوامە"**
**ئا بەمجۆرە**
**شانۆ هات و شانۆ ڕۆیشت و**
**کورسی هات و کورسی ڕۆیشت و**
**منیش هەروا پەرەوازە!)). (٧)**

کێ ئەتوانێ بڵێ، بینراوێکی شانۆیی تەواوەتی نییە؟ تارمایی کورسی ئەدوێنێ، بەڵام بۆ تارمایی؟ لەبەر ئەوەی هەواڵی مەرگ و پەڕینەوەی (ڕۆح) ی پێیەو، ئاگاداری ئەو باخی (گێلاس)ەیە، کە شاکارە شانۆییەکەی (چیخۆف)ە و بە گەلێك یادگاری چێوارەوە بەندەو لەهەمان کاتدا، هێمایە بۆ ژیان و، بوونی (چێوار) و چواندنی بە بوونی (چیخۆف).(چێوار) ئەکتەریشە لەو شانۆیەدا و ئەو ڕۆژەش بڕیار بووە ڕۆڵی کەسایەتی (گاییف ) ببینێت:

**" كورسييەكە: ئەبوو ئێستا چێوار لێرە بووایە لەسەرم دانیشتایەو ڕۆڵی (گاییف)ی لە شانۆنامەکەی چیخۆف، (باخی گێلاس) دا ببینیایە!.... نازانم ئەو قەت دوا نەکەوتووە) (٨).**

شاعیر بۆچی و، بەتایبەت ئەو شانۆییەی (چیخۆف) ی هەڵبژاردووە؟ ئەمەش هۆکاری هەیە، شاعیر ئاگادارە، لە ساڵەکانی حەفتادا ئەو دەمەی (تیپی پێشڕەو) لەسەر داوای من (چێوار) شانۆیی (لالۆ ڤانیا)ی (چیخۆف)ی کرد بە کوردی و لەلایەن منەوە دەرهێندراو ئەویش سەرکەوتووانە ڕۆڵی سەرەکی ئەبینی. هەنگاوێکی دیارو وەرچەرخان بوو لە ژیانی شانۆکاریی ئەودا. چەندین ساڵ باس ئەکرا و بۆتە یادگارەکانی کورسی، بۆتە ژیان، بۆتە بوون و بەردەوامی و ڕۆژان و بیرەوەرییەکان و کورسی سۆراغکەرە و چاو بۆ دانیشتووە هاوەڵەکەی ئەگێڕێ، ئەو کاتەش هەر لە شانۆدا، کورسی لەناو دیکۆرایەو پارچەیەکە لە بونیادی شانۆکەو ئەپرسێ بۆ ئەو ئەکتەرە دیار نییەو بۆ دواکەوتووە؟ هەست بە هەزارو یەك ختورەی دڵی کورسی ئەکەین. هەڵکشان و داکشانی پەردەی شانۆکە ژیان و مەرگە. کورسی بۆتە وێستگەیەکی ژیانی.

گوڕوتین و پەرۆشی پاشان وادەی داکشان و دادانەوەو پێچانەوە هەیە، کپی و سارد و سڕی و خامۆشی. شاعیر دەستڕەنگینانە ئاماژە بە فڕینی ڕۆحی ئەکات بۆ باخی گێلاسەکەی چیخۆف. ئەمە هونەر نواندنە، لە دوو توێی بوون و نەبوون دا، بەوپەڕی شارەزاییەوە پێوەری

لۆجیکانەی بۆ نەخشاندووەو بەکار هێناوە. کەواتە چەپکە بایەخ و بەهاو چەپکە واتەیەکی، دیارو نادیاری، لە گوڵدانی وەفاو هاوەڵایەتی دا ڕازاندۆتەوە. بە ڕزمێکی خەمناك و شیاو و لواو بۆ وێنەکێشانی کارەساتێکی تراژیدیانە، ئەویش کۆچی ناکامی و ناوادەیی، کەسێکی سینە پڕ لە ئاخ و خۆزگەو حەسرەتی سەدان ئاواتی گوڵڕەنگ.

لێرەدا ئەمەوێ ئاماژە بەو هونەر نواندنە بکەم، کە لە جوانی دیالۆگەکەدا هەیە، کە تەنها پرسیارو وەڵامێکە:-

**پرسیارێکە: بۆ دیار نەبوو؟**

**وەرامەکەشی : ئیتر نایەتەوە.**

بەڵام با سەرنجی وردەکاری ئەو پرسیارو وەرامە بدەین چونکە هەست ئەکەین، هەروا ساکارو خێرا نییە، جۆشی بە بیر لێکردنەوەو تێڕامان و وروژانی کۆمەڵە شتێ داوە.

" چاوەڕوان مەبە(بۆچی)؟ ئەو جارێکیتر هەرگیز لەسەر تۆ دانانیشێتەوە! ئاخر بۆچی؟! چیم کردووە ؟!.... ..

ئەمە ڕاستە ڕێ و دروستە ڕێگای دیالۆگ نووسینە، چونکە بایەخێکی گرانتر و گرنگتری خەڵاتی هەواڵ پرسین و ئاکامەکەی کردووە. تارمایی ئاگاداری ئەکاتەوە" چونکە بەر لەچەند چرکەیەك ڕۆحە سپییەکەی گەیشتە لای من و ناو باخی گێلاسەکەم؟!"

شادبوونە بە دیداری (چیخۆف) و لەهەمان کاتدا هەرمان و نەمرییە. ئەمە دەرخەری گواستنەوەی گوڕو جوانی زمانی شیعرە بۆسەر تینی

دیالۆگ.

نموونەی دووەم :

**" کورسی غەمگین گێڕایەوە:**

**من ڕۆژگاری بنەتۆوی و زۆر ساوایی خۆم بیر نییە!..**

**بۆ نەژادی هەرە دووریش ڕەنگە با هۆزی سەرخێڵ و یان شەپۆلی... .. هتد**

**بەڵام پەپولەیەك هەبوو**

**ڕەنگی ڕەشێکی قەترانی**

**باڵی کوتراو بە وردە خاڵی زۆر سپی**

**ناسك... ناسك. .**

**هەموو جارێ بەیانیان زوو**

**هەر دوای گەیشتنی شەونم ئەویش ئەهات**

**بەبێ چرکە، گۆپکەم هەستی پێ نەئەکرد**

**لەسەر شانم ئەنیشتەوە**

**ــ بەیانیت باش!**

**ــ بەیانیت باش!**

**ـ هەواڵی ڕەز؟ هەواڵی باخ؟!**

**هەواڵی ئاو؟! هەواڵی دارو دارستان ؟!**

**لێم ئەپرسی :**

**ئەویش هەموو جارێ ئەیووت:**

**ـ مادام ڕەشەبا نووستوەو تەور نییە**

**دنیا باشە!**

**جارێك نەبێ**

**وەختێ کە هات**

**شڵەژابوو، لە تاواندا، باڵی گیربوو لە ڕیشاڵم**

**یەکەم جار بوو گوێم لە نووزەی پەپوولە بێ !**

**یەکەم جار بوو من پەپوولەیەك ببینم هێور نەبێ !**

**وتم : چییە؟... ........)) (٩)**

سەرەتا لەسەر زاری (کورسی)یەوە سەربووردەی ڕۆژانی ژیانی باس ئەکات. کەشێکی دەروونی تایبەت ساز ئەکات، کڵۆڵی لێ ئەچۆڕێ" لە شەوێکی سپی و کپی زستاندا بوو" بە گێڕانەوەیەکی بەیتئامێزانەو هەندێ جار بە دەربڕینە ڕیالیزمییەکە، بەڵام لە کەژاوەیەکی ڕۆمانتیکییانەدا ڕایی ئەکات. هەڵبژاردنی وشەی کاریگەرو دەوڵەمەند بە زەنگە وشەی بزوێنەر، لەو جۆرە (دیالۆگ)ەیە (ڕاشیل کرۆسەر) واتەنی: هەست بزوێنە، هەورە بروسکە ئاسا، کە چۆن لە تاوێکدا زەوی تاریك ڕۆشنی ئەکات ئاوا ڕووناکی لە کەسایەتییەکان ئەدات... واتایەکی بەرین و کەمە وشەیەك...... جۆری حەپەسان و بۆ لەسەر وەستان و بیر لێکردنەوەیەکی قووڵ، لەلای بینەر دروست ئەکات.

فەرموون ئەم ڕستەیە:" بووم بە سەرخۆشی لارەلارەی، دوای

ڕامووسان و ڕاکشان". ئەمە پوخت وێنەیەکی شیعرییەو پێشتر نە من ، لەو بڕوایەدام و، چ کەسێکی تر نەیبیستووە. لەگەڵ ئەوەشدا وەك ڕستەیەکی دیالۆگی شانۆیی جوان چەسپیوەو نامۆ نییە. ئەمە جیاوازە لەو وشانەی لە پاشکۆی کتێبەکەدا کە واتاکانی داون و ژمارەیان (٢١) وشەیە، شاعیر ناسراوە بە دەسەڵات باڵایی لە کوردی دا و دەوڵەمەندی لە گەنجینەی موفرەداتی کوردی دا، بەڵام لەڕووی (دیالۆگ)ە وە ئەبێتە بەربەست و واتا بزر کردن، بۆ بەڵگە ئەم نموونەیە ئەهێنمەوە، وشەی (ئاواق) کە شاعیر بە واتای چۆڵی و بیابان بۆی لێکداوینەتەوە، ئەبێ بۆ خواش بڵێم شاعیر تێکستەکەی بۆ نواندن نەنووسیوە، بەڵام مەبەستی ئەم داهێنانە گەورەیەیە کە توخمی شانۆی لە گوڵدانی شیعر ناوە، بۆیە بە ناتەواوی دانانرێت. لەم نموونەیەدا، دایالۆگ بەشدارییەکی بنەڕەتییە لە بنیادی چامەکەدا هەیە، هەرچۆن ژیان و گوڕی زیندوێتی بە کەسەکانی داوە، لەسەر ئەوانەشەوە پتر لایەنی ڕیالیزمی گەشتر کردووەو هێندەش لە بارە بۆ مەودا فراوانکردنی بابەتەکە و پەرەپێدان و هەڵکشانی. زیرەکانە دیالۆگی لەتەك کەسەکان و وەسپەکان و دەوروبەرەکاندا گونجاندووە. لایەنێکی تری ئەم نموونەیەی چامەی(کورسی) و لەڕووی پەرەپێدانی دایالۆگ : کورسی بە (مۆنۆلۆگ) ئەدوێ : " من ڕۆژگاری...... " گەڕانەوە (فلاش باك) ڕواڵەتە و لەوێشەوە بۆ درکاندنی خەم و ئازارەکانی و نموونەی چەرمەسەرییەکانی.

سێیەم نموونە:

**"قەنەفەکە: هەر یەکەم مشار ناخۆشە، دوایی ئیتر ئاساییەو ڕاهاتنە.**
**ئەی دوای ئەوەی بووی بە کورسی؟!**

**ئەسکەملە سنەیێکە : بەد بەختییەکەی من زۆرترە.**
**بەڵام بەدڵ گوێم لێ گرتووی.**
**چونکە بەژفین و چاوگی ئازارەکان هەریەك شتە!**
**قەنەفەکە: ئەمشەو بۆ ئەو. . ئەوی ترمان زۆر لەبەرە!**
**ئەسکەملەسنەیێکە: من حەز ئەکەم سبەی شەوم بۆ تەرخان کەن.**
**مەگەر داستانی فیردەوسی، ئەو**
**تولانییەی ئاسیوو یان هەناسەی منی هەبێت.**

**ئێمەی کورسی لە زمانی تەختەوە درەخت ئەگێڕینەوە لە زمانی درەختەوە ئاو ئەگێڕینەوە و زمان ئەبەینەوە ناو ئەو ڕۆژژمێرانەی کەوتنە دۆزەخەوە.**

**لە زمانی تەختەوە شار ئەگێڕینەوە......" (١٠)**

لەم سێیەم نموونەیەی کە لە چامەی ( کورسی ) یەوە خوازراوە، بۆ دەرخستنی ڕادەی توانای دیالۆگ بۆ ڕایی کردنی مەبەست. ئاشکراکردنی، گێڕانەوەی حەقایەتی شارە. بەڵام چۆن حەقایەتێ ؟!

دیارەو سەلمێنراوە، چوون و هەنگاونانی شیعر بەرەو جیهانی شانۆ، مایەی پەرەسەندنی شیعرەو ترازانە لە چوارچێوە بەندی، ئەمە هۆیەکی گرنگە، شاعیر مەبەستی بووە شیعر بە شانۆ بسپێرێ و، بڕوا

ئەستوریەتی بەو ڕاستییە. دار سەربووردەی خۆی باس ئەکات، هەر چۆن (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی) لە چامە بەناوبانگەکەیدا، چامەی (نەی) لەسەر زاری نەیەوە، شیوەنی ئاوارەیی و دابڕبوون لە نیشتمان ئەکات.کاتی خۆی بۆ شانۆیی (جزیری وانەی ئەڤینداری ئەدات) کردبووم بە کوردی:

" گوێ بۆ نەی شلکە ببیستە سەر گوزشتەی باس ئەکات
چۆن سکاڵای پڕ لە ئازاری جودایی خۆی دەکات
لەو دەمەی لە قامیشەڵانی هەوارم دابڕام
بۆم لە شیندان نێر و مێ وا لە خاك و خوێ کرام
من بە سینەی پارەپارەی کون کونی دووری دیار
دەردوداخی بێنەوایی و پڕ لە ئۆفم دێ لە زار"

لای (مەولانا) گێڕانەوەیەو، ناچێتە شێوە (دیالۆگ) ەوە. بەڵکو شاعیر لەبری نەی ئەدوێ.

تەنها مەبەستم لەو هێنانەوەیە، بۆ لە یەکچوونێ بوو، کە تەنها لەیەك ڕووەوە، ئەویش ئاخافتنە بە ناوی (نەی)یەوە بەڵام لەسەر زاری شاعیر.

لەم چەند کۆپلەیەدا، بینراوێکی زیندوتری شانۆ، هاتۆتە ئاراوە. نەك تەنها دەنگێ، بەڵکو چەند دەنگێك، ئەوە قەنەفە، ئەسکەملەسنەیێکە ـ دیارترین دیاردەی ئەم نموونەیە بوونی دەنگی کۆیە، یان کۆ دەنگ، بە زمانی کۆوە، هەر چۆن (کۆرس) ئەدوێ:

**" ئێمەی کورسی، لە زمانی تەختەوە درەخت ئەگێڕینەوەو لە زمانی درەختەوە ئاو ئەگێڕینەوە"**

وشەی ئێمە، کۆ ئەگەیەنێ، بە ناوی هەمووانەوەیە، کە (کورسی) نموونەو دەمڕاستە. مەبەست لەوەیە شاعیر لە بواری ئەم چامەیەدا نەك هەر (دیالۆگ)ی بەکار هێناوە، بەڵکو جوانترین هونەرکاری نواندووە لە مەودای فراوانکردنی هونەری دیالۆگدا، دەسا ئەم بینراوە بێنەرە بەر چاوت وا لەسەر شانۆ ئەنوێنرێ، یەك بەدوای یەکدا (دیالۆگ) ئەڵێن و، پاشان لەبری تاکە کورسییەك یان کاراکتەرێك. کۆرسێ دێتە سەر شانۆو ئەدوێ.

بیرکردنەوە لە کۆ و لەو شوێنەدا ڕەوایی ئەدات بە دەستەوەو، لەهەمان کاتدا لە زۆربەو زۆرینەدا هێز ئەنوێنێ و، بەرفراوانی ئەبەخشێ. بۆیە لە باری (منەوە) گۆڕیویەتی بۆ (ئێمە). وەك بارە درامییەکە، وەك لابەلادا شکاندنەوە وایەو، ڕووبەڕوو بوونەوەیەو، هێزە درامییەکەی گەورەتر و گونجاوتر کردووە، چونکە ئەوهێزە بنچینەییەی گەرەکە. شاعیر مەبەستێکی گەورەی لە (ئێمە)دا هەیە، (کۆرس) ئەو زەمینەیەیە، شانۆی لەسەر ڕوا و سەوز بوو.

بەڵام کۆتایی بە بوونی(کۆرس) نەهات و لەتەك ڕۆژانی شانۆدا بەرێداهات، بە هەمەجۆر شێوە خۆی نواند. کۆرس لە سەرەتاوە، لە چامە (دیسرامبۆس)ەوە، کە سەر بووردەکانی (دیۆنیزیۆس)ی بەیاد ئەکرد و، ئەکتەری لێ کەوتەوە. (دیالۆگ) پەیدا بوو. لێرەدا لە

بەراوردکارییەکدا، لە نێوانی مەبەستی شاعیر و شاعیرانی (گریك)دا، بۆ نموونە : (سوفۆکلیس) لە شانۆیی (ئۆدیب بە پاشایی) کۆرس گەلی (کورەنتە)یە و هاواریانە لە دەست بەڵای ڕەشە ڕشانەوەو، ئەیانەوێ هۆی ئەو نەفرەتەی خوداوەند ببیننەوەو چارەسەر کرێ. لای شاعیرمان (ئێمە) ئەکاتە هەمووانێ کە ژێر نەفرەتی دەورانێ کەوتوون و، لە کوێرەوەرییەکانی کورسییەوە، خەمی هەمووان ئەنوێنێت، بە دەست داگیرکەرانەوە و بەدەست جەوری ڕەشە ڕۆژانەوە...

لە بنەڕەتدا شانۆ کردارێکی (دینامیکی) گۆڕانکارییەو، چەند جۆرە جوڵەو بزواندنێکی لاوەکی و دەرەکی خولی تیادا ئەخوا و گوڕو وزە بە هەڵچوون و هەڵشاخانی هێزە ناکۆك و دژوارەکان ئەبەخشێ بۆ یەکالاکردنەوەو لابەلادا کەوتن. بۆیە هاتنە ناوەوەی کۆرس و لەو ئاست و شوێن و بارەدا، مەبەستێکی دراماتیکی هەیە.

دیارە، هەمیشە لە ڕێگای گۆڕانکاری (دیالۆگ) یان بڵێین زمانی شانۆ، ڕۆشنی بەخشینە بە ڕووداوەکان لەهەمان کاتدا پەرەپێدانە بە کردارە شانۆییەکە، دیارە پەرەسەندنە بنچینەییەکە لە کردارەوە یان کاری کاراکتەرەوە، هەروەها فرمانێکی پەیوەستەوە، دێتە ئاراوەو خۆی لە ڕزم و شێوازی ئاخافتندا دیاری ئەدات.

لێرەدا ئەمەوێ، دوو پرسیار، بخەمە ناو باسەوە: یەکەمیان بۆ لە بری (ئێمە) وشەی (هەمووان) یان (کورسییەکان) یان (کۆرس) بەکار نەهێنراوە؟

بەڕای من پێویستی شیعر (ئێمە)ی خواستووەو ڕەواترە، جگە لەوەی ئەم توخمە شانۆییە، لەناو چامە شیعرییەکدا بە واتای چامە شیعری والاوە. وەك تێکەڵ بوونی ئاوی جۆگەیە بە ڕۆخی ڕوبارێکی گەورە.

دووەم پرسیار: بۆچی کورسی؟ شاعیر لە سەرەتاوە ئاماژەیەکی ورد و مەبەست گەیشتنی لەم بارەیەوە وتووە. بەڵام بۆ ئەوەی وەرامی دڵنیا کەرەوەت چنگ کەوێ، ئەبێ ورد ورد لە بەژن و باڵای چامەکە بڕوانی، نەك هەر ئەوەی کە دیارەو لە دەرەوەیەتی، بەڵکو واتاکانی ژێرەوەو لایەنە نادیارەکانیشی. بە زمانی شیعر ئەڵێم : (ژێر ئاوڵ کراس و ئەوەی...)

لە سەرەتای چیرۆکی باپیرە گەورەوە، گەورەترین دەروازەی چوونە ناو باسەوەی خستۆتە سەرپشت.

چوارەم نموونە:

**"چایخانەیەکی تازەیان کردۆتەوە.**

**ـ من حەز لە دەرەوەی شار ناکەم!**

**ـ بەڵام کێ گوێ ئەداتە حەزی ئێمە، هەر بۆ ئاگاداری خۆیشت.**

**بەر لە مانگێ کورسییەکی وەکو تۆیان هێنا.**

**بە باڵاو ڕەنگ و ڕوویش کوت و مت هەر لەتۆ ئەچوو.**

**ئەزانی چی؟! بردیان بۆ مەیتخانەکە ! ئەی چۆن!**

**جا دەرەوەی شار خراپە یان ناو هۆڵی مەیتخانە؟**

**ـ چییە؟ ! ئەتەوێ بمانترسێنی؟!**

**ـ ناتترسێنم!.. بەڵام ئەمەوێ پێت بڵێم خراپ**

**هەیەو خراپتریش.. ئەی وا نییە؟!**

**ـ نازانم چی بڵێم ! هەر بەم ئاخری عومرەوە نەبین**

**بە مەسخەرەی مردوو شۆڕو مەیتەوان و مەیتەرەکان باشە!**

**ئا بەم جۆرە**

**مەزات هات و مەزات ڕۆیشت و پیری هات و گەنجی ڕۆیشت و منیش لەناو ئاپورەی شڕکەو پڕکە داو لە بازاڕێکی بێ گوێدا خۆم بینییەوەو چاوەڕێی چارەنووس بووم**

**بەڵام ئەمەوێ لێرەدا بووەستم و**

**بگەڕێمەوە بۆ دواوە)) (١١).**

لەم چوارەمین نموونەیەداو، بۆ گەیاندنی بابەت، دیالۆگ و مۆنۆلوگ یەکیان گرتووە. ئەم بینراوە، دەرووەو، ڕێگا خۆشکەرەی ڕووداوێکی هەرە گەورەی مێژووی نزیکمانە، ئەویش شەشی ئەیلوولی ڕەش، شەڕی بەردەرکی سەرای ساڵی (١٩٣٠)یە گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕۆژو ڕووداوە، خولقاندنی کەشی لەبار، خواستن لە ئایندە بۆ ڕابوردوو، ئەمە دیاردەیەکی دەگمەن و دانسقەی مێژووی شیعری کوردییە و، شایانی لەسەر وەستانە. بەلای منەوە جوانکاری و داهێنانە. گەڕانەوەیەکە، سودبەخشە بۆ بەیت و ڕوخساری چامە و گیانە درامییەکەیە. ئەوەتا:

**" بگەڕێمەوە بۆ دواوە،**
**بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا.**
**کورسییەکی سەرپەڕ: ببورە قسەکەیشت پێئەبڕم. باشە**
**لە شەڕی بەردەرکی سەرادا تۆ لە کوێ بووی؟**
**کورسییەکە: هەر لێرە بووم! بۆچی؟!**
**کورسییەکەی سەرپەڕ: چونکە ئەبوایە لەوێوە دەست پێ بکەیت."(١٢).**

شاعیر مەبەستی بووە، ئەوەتا لە وەرامی (کورسییەکی سەرپەڕ)دا پرسیار ئەکرێ و، لە وەرامدا ئەوترێتەوە: **" ئەبوایە لەوێوە دەست پێ بکەیت".**

کورسییەکەش، بەو بیانووەوە ئەو گەڕانەوەیەی پێ ئەڵێت بۆ ئەوەی پتر هۆ و مەبەستی بخاتە ڕوو. ئەم تەکنیك کارییە و لەم کۆپلەیەدا، دووبارە پەیوەست بوونە بە ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلولی ڕەشەوە.

زەقکردنی بەو پرسیارە، زەقکردنی ڕووداوەکەیە، جەختە لەسەر کردارێکی دراماتیکی گرنگ.

شاعیر ڕەچاوی ئەوەی کردووەو، مەبەستی بووە وێستگە گرنگەکان، بە جۆرە وشەو ڕستەیەك داڕێژێت کە پڕ بێت لە بزواندنی کرداری درامی، ئەمەش لە پرسیار و تاوتۆکردن و وەرامدانەوەدا. کاردانەوەیەکی گەورەتری ئەبێت و بیری بیسەر بۆ کۆمەڵە پرسیار و

لەهەمان كاتدا بۆچوونێك والا ئەكات.

بۆ نموونە ئەم دیالۆگە: " **چایخانەیەكی تازەیان كردۆتەوە.**

**ـ من حەز لە دەرەوەی شار ناكەم!".**

كردنەوەی چایخانەی تازە، لە دەری شار، حەز لە دەرەوەی شار ناكات، بۆ حەز لە دەری شار ناكات؟ لەهەمان كاتدا " كێ گوێ ئەداتە حەزی ئێمە" ؟

خەستكردنەوەی گرێ شانۆییەكەیە، هەرچۆن گرێ مەبەستی سەرەكییە، بۆ خزمەتی فەلسەفەی نووسینەكە. لێرەدا ئەمە دەروویەكی تەواو لۆجیكییە بۆ چوونە ناو بابەتەكەوە، بە زمانی خۆمان ((قسە قسە ڕائەكێشێ)).

ئەمە لایەنێكی تەكنیكی سەركەوتووانەیە، چ بۆ داڕشتنی بابەت و، چ بۆ برەودان بە هێڵە دراماییەكە.

بە زمانی (دیالۆگ) وەسپی كەسایەتییەكان ئەكات و بە كەرەستەی وشە، بەرجەستەی ئەكات، بەتایبەت لایەنی ڕواڵەت و شێوە(فۆرم). چاك توانیویەتی ئەم كەرەستەیەی هونەری (ڕۆمان)نووسینە بۆ ئەم لایەنە بخوازێ، ئەمەش خاڵێكی دیارەو، لەهەمان كاتدا، لە شوێنی خۆیدایە، مادامەكی چامەكە بەیت خەسڵەتە و وەسپكردن كارێكی دروستە و، جەختە لەسەر تایبەتمەندی ئەم ئەفراندنە بەربێ‌و و بەرین مەودایەی (شێركۆ بێكەس) ی شاعیری وەرچەرخان و داهێنانی مەزن.

بۆ نموونە: ئەم باسکردنە: " **هەر بۆ ئاگاداری خۆیشت، بەرلە مانگێ کورسییەکی وەکوو تۆیان هێنا، بە باڵاو ڕەنگ ڕوویش کوت و مت هەر لەتۆ ئەچوو..........**"

چەشنەها نموونەی لێوان لێوی هونەری (دیالۆگ) لە چامەکەدا هەیە، کە بریسك و باقی نواندنی سەرتەختە ئەفسووناوییەکەی شانۆیان لێ دێ.

هێندە بڵند و باڵایە، بە جارێ دەرهەقی نایەین، بۆیە لەم بەشەدا هەر ئەوەندەم بۆ لوا، کورد واتەنی ئەو چەند نموونەیە: " مشتێکە لە خەروارێ". ئاکام ئەو پوختەیەم چنگ کەوت. دیالۆگ وەك بەهایەکی بنەڕەتی هونەری شانۆ لە (کورسی)دا خاوەن دەسەڵاتەو گەشاوەیە.

# تەکنیك - کاراکتەر

## دەروو :

کەسەکان و کەسایەتی، لە هەرە دیاردە دیارو جیاکەرەوەکانی چامەی (کورسی) شاعیر (شێرکۆ بێکەس)ە. لەڕووی توێژینەوەو دەسکەنە کردنی، بایەخ و توخمە درامییەکان، لەم بەشەدا، باس لە توخم یان بایەخی (کاراکتەر ـ Character ) واتە کەسەکان و کەسایەتی، هەمە جۆر لە کەسانی هەڵبژاردووە لە ژیان و یادگارو بیرەوەرییەکانی شاعیر، ئەو کەسانەی بوونەتە هێما و ڕواڵەت و

سەربووردەی شاری (سلێمانی).

ئەمانە گشتیان لە ڕێگای کەسایەتییەکی دراماتیکی دانسقەوە دێنە سەر شانۆی چامەی (کورسی). واتە (کورسی ) وەك کەسایەتییەکی بزوێنەر، ئەیانگێڕێتەوە بۆسەر شانۆی ژیان و، لە چوارچێوەی ئەم نوێ نواندنەوە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی شار، چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و، چ ڕامیاری و، چ.......هتد، لەگەڵ سەرنج دا، دێنەوە.

بزواندن و هەڵس و کەوت نواندن، بە کورتییەکەی، کەسەکان (پانۆراما)ی ژیانی شارن و، لەهەمان کاتدا ویژدانی زیندووی شارن، شاعیر ویستوویەتی، لە دوتۆی گوزەرکردن بە ناو ئەو کەسانەدا، کۆی ڕۆڵی خەبات و چەند مەبەستێکی زیندوو بگەشێنێتەوە، پوخت کوردانە، یان نەتەوەیی ببوژێنێتەوە، بە ئومێدی ژیانەوە......

بەکار هێنانی ڕابوردوویەك، لە مێژووی نزیکی شاری سلێمانی، بۆ نەك تەنها بیرکەوتنەوە، بەڵکو جۆشدان و زیندووکردنەوە. جوڵەو هەڵوێست و هەمەجۆر لە کەسانی شار، لە سای خەیاڵێکی سورمەچنی جوانکاری ڕۆمانسییانە، ئەو جۆرە ڕۆمانسییەتەی هەڵکشانی ڕیالیزمییەو تارای هونەر سازی و وردەکاری باڵابوونی شیعرە.

ڕەنگەو، لە شوێنی خۆشیدایە، گەر بپرسرێ: بۆچی شاعیر ئەم گشت کەسایەتییە درامایییەی، لە دووتۆی چامە شیعرییەکدا ژیاندووە، نەك لە دەقێکی شانۆییدا؟

لە وەرامی ئەو پرسیارە ڕەوایەدا، ئەڵێین: شاعیر دڵنیایە و پشت

ئەستووره، خاوەن دەست و دەستبالآیه، له هونەری دراما نووسین دا، بەلآم بۆ ئەوەی  پتر گوڕدان و زیندوێتی به چامەکه ببەخشێ، ئەو توخمەی تیادا نەخشاندووه، بۆیه بۆته مایەی پتر گەشانەوەو بالآبوونی شیعرەکه.

شاعیر کەرەستەی پوخت و بەهێزی دەربڕینی هەیه، دەربڕین و بەرجەستەو بینینەوەی نوێ، زامنکەری داهێنانی گەورەیه، له بواری شیعرداو، به دروستکردنەوەی ئەو کەسایەتییانه، هونەری بەرجەستەی هێناوەته دی، بەرجەستەیەکی بێ وێنەو دەگمەن، له بێ وێنەو دەگمەنیدا، بایەخ و بەها بەرزتر و گرانتر بووه.

(شیعر) چ وەك پوخت شیعر، به واتا تێروپڕەکەیەوه یا خود، به شێوەو بوونه گیانییەکەیەوه، واته گیان و هەوێنێکی بزوێنەری پاك و پڕ سۆزو جوانکاری. ئەمەیان، له گشت بابەت و جۆره شێوازو شێوەکانی هونەردا.

((ئەمه زۆرجار له ئەنجامی ئەزموونێکی هەستییەوه ئەکەوێتەوه، بەتاییەت لەو ئان و ساتانەدا، که ڕادەی هەست و جۆش و خرۆش، له پلەی ئاسایی و ساکارەکاندا بەدەر ئەبێ، ئەو کاتانەی ڕادەی هەست کردن زاڵ ئەبێ و بەڕوونی ئەبینرێت و، مەوداکانی فراوان ئەبێت)).(١٢).

کەواته بینینەوەی کەسەکان و ڕۆژان و سەرجەم لایەنەکانی، له زمان ڕەوانی شاعیرەوه هەڵس و کەوت و مامەڵه لەتەك ڕووداوەکاندا

ئەکەن. شاعیر یەکانگیرییەکی هۆشیارانەی شاعیرانەی، لەنێوان بوونی کەسەکان و سەربووردەکان، وەك ئەوەی ( دیکۆمێنت)ن و، ئەوەی بە چاوی شیعر ئەبینرێن و ئەخوێنرێنەوە.

" کەواتە، بە خۆڕایی نەبووە، ڕەخنەگرێکی وەك (ف. ر. لیفین) لە کتێبەکەیدا (ڕێبازە نوێیەکانی شیعری ئینگلیزی) دا وتوویەتی: " شیعر ئەتوانێ زۆر بە چاکی و ڕاستگۆیانە، ڕووداو و ئەزموون بگەیەنێت، گەیاندنێگ، هیچ بابەت و هۆیەکی دی شان لە شانی نەدات" (١٣).

شاعیر لەسەر ئەزموونەکەی ئەدوێ:

**((منی نووسەری ئەم دەقە لە زەمانی کۆلێراکەی بەعسییاندا،**
**وەکو زۆر شیعر و چیرۆك و شانۆنامەو پەخشانی تر،**
**وەکو زۆر خۆشەویستی بێدالّدە،**
**گەلێ گۆرانی وتراو.**
**گەلێ پەپوولەی پاییزە،**
**ڕوومکردە شاخ و دەربەندی ئەستێرەکان،**
**لەوێشەوە وەکو بالّندەی کۆچەری یان هەورێکی سەرهەلّگرتوو**
**گەیشتمە ئاسۆی هەندەران.**
**بۆ چەند سالّ غەریبی بوو بە هاوسەرم، نامۆیی بوو بە ناونیشان.**
**هەموو جارێ لەو دوورەوە کورسی چایخانەکەم بیربوو**
**لە خەویشما ئەچوومە لای یان لەسەری دائەنیشتم.**
**خەوێك چەند سالّێکی خایاند.**

**منی نووسەری ئەم دەقە وەختێ گەڕامەوە لای شار،**
**ئەمنە سوورەکە کەوتبووە دەست دار هەنار**
**بە دالآنی ناوسەرا " ئەی ڕەقیب" پیاسەی ئەکرد و،**
**لە حامیەش خوێنەکان بوو بوون بە چرا.**
**گەیشتمەوە لای دار هەنار. خەون هاتبووە سەرجادە.**
**لەسەر شەقامی مەولەوی باوەشم کرد بە بارانە سەوزەکاندا.**
**لەسەر "کاوە" "موحەڕەم محەمەد ئەمین"م بینی و تێر ماچم کرد.**
**لە بەردەم باخی گشتیدا "شاکیر فەتاح" بەرەو ڕووم هات،**
**گوڵەکەی یەخەی خۆی دامێ و پێشی وتم " عبدالخالق" لە هەولێرەوە هاتووە و**
**بۆت ئەگەڕێ و زۆریش سڵاوت لێئەکات)). (١٤).**

## کەسەکان (کاراکتەرەکان ) :

بوونی کاراکتەر، تایبەتمەندییەکی هەرە گرنگی درامایەو، جیاکەرەوەیەتی لە بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانی دی. "یەکێك لەو حەقیقەتانەی لە هونەری نووسینی درامادا جێگیرە، ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو درامایانەی ناوبانگی زۆریان لە گشت سەردەمێکدا بەدەست هێناوە، ئەوانەیە کە تایبەتن لە خوڵقاندنی کاراکتەری درامیدا بەشێوەیەکی جوان و سەرنجبەر کە زیندوێتی پرۆسەی

خولْقاندن و نهێنی هێزو مەزنی نەمری ئەو دەقانەیە". (١٥).

زۆر لەو شانۆییانە، بە ناوی کاراکتەرە سەرەکییەکەوەیە، وەك : "ئۆدیب ـ ئۆتیللۆ ـ شالیر ـ هاملێت ـ دایکە ئازاکە ـ کاوە ـ جەزیری...

ڕەفتار و کرداری بوونەتە بنیادنەری هێڵە درامییەکە. هەر چۆن چامەکە، چامەیەکی والآیە، بۆیە مەودای بەرینی بە لایەنی بەربێوەیی و ڕەتکردنی کات و شوێن و ڕۆژان داوە.

بۆیە شاعیر بەوپەڕی ئازادانەوە، کەسەکان دەهێنێ و دەبات و، ئەیان کاتە کانگای گەرموگوڕی سەرجەم وێستگەکان، تەنها خاڵێکیش هەموویان لەخۆ ئەگرێ و کۆ ئەکاتەوە، ئەو پابەندبوونە پاکەی شارەو، شاریش هێمای گشت کوردستانە.

## پێناسەی کاراکتەر :

مادامەکێ باس لە باسی بەهای کاراکتەرەوە ئەکەین، ئەبێت پوختەیە لە پێناسەی ئەم توخم و بەهایە بکەین، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندن و ئەندازەکردن و بەراوردکردنی کاراکتەرەکانی ناو چامەی (کورسی) بەو پێوەرو مەحەکانە.

زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ بەهای کاراکتەر کراون، کۆکن لەسەر مەرج و تایبەتمەندییەکانی، کە بریتییە لە مەرجی دیاریکردن و ڕوونی لایەنەکانی کاراکتەر، وەك لایەنی (سایکۆلۆجی) کە لە خوو و هەڵس و کەوتدا لە کەسانی دی جیا ئەکاتەوە، لەڕووی سایکۆلۆجییەوە

کراوەیە، داخراوە، چ جۆرە گرێیەکی دەروونی هەیە و، گرفتاری چ خەمێکەو لە ناخەوە گینگڵی پێئەدات، ڕەشبینە، گەشبینە.......؟

" ئێستا، لە زانستی نوێی دەروونناسیدا، دوو لایەنی بنەڕەتی لە کەسایەتیدا جیا کردۆتەوە: خۆیەتی و، کەسایەتی بابەتی، لەمەوە دوو جۆرە زانستی نوێ لە بووندایە: زانستی نموونەی کەسایەتی(تیپۆلۆجیا) و، زانستی ڕواڵەتی خوڵقەت و خوو (کراکتیۆلۆجیا)". (١٦).

ئەم لایەنە لە لایەنەکانی کاراکتەر، لە سەرجەم هەڵسوکەوت و ڕەفتاریدا خۆی ئەنوێنێت و، لە کۆی کرداری دراماکەدا دەرئەکەوێت و ئەبێتە مایەی گۆڕانکاری و، هەندێك جار ئەبێتە کێشەو گرفتی سەرەکی دراماکە، یان بە زمانی دراما بڵێین: گرێی دراما. هەر لەم ڕووەوە دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکرێت، کە هەر کەسەو دوو جۆر بارو ڕەوشتی هەیە: باری دەرەوەی و باری ناخی.

لایەنی دووەمی کاراکتەر، شێوەو ڕوخسار، ئەوەی لە دەرەوەی ئەبینرێت، لایەنی سروشتی و خۆڕسکی کەسەکە: قەڵەوە، لاوازە، جوانە، ناشرینە، درێژە، کورتە، باڵابەرزە، گرژ و مۆنە، ڕووخۆشە، کەم ئەندامە؟... ....هتد.

لەلای هەندێ شانۆ نووس، ڕوخسار و شێوە کراوەتە هێما و نیشانە بۆ جۆری کەسایەتییەکە، بۆ نموونە، کەسایەتی (ئۆتێللۆ) لەلای (ولیەم شکسپیر) (ئۆتێللۆ)ی ڕەش پێست و شێوە بەربەری و تەمەن هەڵکشاو، بەرامبەر(دێزدەموونا)ی سپی و سۆڵی خوردەساڵ

و شەنگە بووك. بۆ چی ئەم دڵبەر و دڵبراوەی بەم شێوەیە کێشاوە؟ تا بتوانێت لەڕووی ئەم فرە جوداییەوە ئاسانکاریی و ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ گومان و دڵ لێ پیسکردن: لەو پەڕی خۆشەویستییەوە بۆ ئەوپەڕی ڕق و کینە تا کوشتن، تا کرۆکی ئەو فەلسەفەیە بنوێنیت، کە شانۆنامەکەی لەسەر بنیاد ناوە، کە لەم ڕستە فەلسەفییە دایە: " هەر شتە لە ئەندازەی خۆی بەدەر بوو، بە دژا ئەکەوێتەوە".

هەروەها کەسایەتی ورچ لای (چیخۆف) و (دارتاش) لە شانۆیی (تارماییەکان)ی (ئەبسن) و پێرەمێرد لە (کورسییەکان) ی (یۆنسکۆ)...

تەماشا ئەکەین (شکسپیر) هەڵس و کەوتی ڕێویانەی بە (ئیاگو) لە شانۆیی (ئۆتێللۆ) دا یاوە، واتا کۆکردنەوەی ناخ و دەرەوەی کەسایەتییەکە، بۆ گومان چاندن. هەروەها لەلای (ئەبسن) خواروخێچی کەسایەتی(دارتاش) تەنانەت جۆری ڕۆیشتنەکەی هێمایە بۆ بەربادێتی کەسەکە.

لایەنی سێیەم : مێژووی کاراکتەر لە لەدایکبوونەوە تا ئەو ساتەی لەسەر شانۆیە.

لایەنی چوارەم: لایەنی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) گشت ئەم لایەنانە ڕزمبەخشی کاراکتەرەکەن، مەرجە لەهەر کاراکتەرێك دا، یەکانگیریی کەسایەتی و لایەنی زۆرانبازی، یان ململانێی تیادا بێت، هەر چۆن کاراکتەرەکان بۆ ئەو ململانێ و زۆرانبازییە دورست

بوون، كه زۆرانبازی گەوهەری درامایه و كەسەكان نمایندەی چاكەو خراپەن، هەندێكیان لە بەرەی ناتەواوی نادادی و نەنگییەكاندا خۆیان ئەبیننەوەو، لایەنی دووەم لەوانەی كارو كۆشش بۆ ڕاستكردنەوەی نەنگی و هەوڵی هاوتابوون ئەدەن.

لەناو كەسایەتی دراماداو بە چەمكی (ئەرستۆ تالیس)ی، كاراكتەری پاڵەوان، تایبەتمەندی خۆی هەیەو، دوو جۆرن:

أ. هەڵەو نەزانی، ئەوەی لە نەزانینەوە هەڵە ئەكات، وەك كاراكتەر (ئۆدیب) لە شانۆی (ئۆدیب بە پاشایی) نووسینی (سۆفۆكلیس).

ب. ئەو پاڵەوانەی بە دەستی ئەنقەست هەڵە ئەكات، وەك كاراكتەری (میدیا) لەلای (یوربیدس) كە لە پای تۆڵە كردنەوە لە مێردەكەی، مناڵەكانی خۆی ئەكوژێ. (١٧).

كاراكتەر هەیە، بەتایبەت كاراكتەری قارەمان، بە پێی سەردەمەكان ئەگۆڕێن، واتە لە گۆڕانی چەمكی بۆچوون و تێڕوانین ئەگۆڕێن.

مەرج نییە ئەبێ كاراكتەرەكان گشتیان لەسەر شانۆ دەركەون، كەسایەتی هەیە باس ئەكرێ، بۆ نموونە، كەسایەتی (گوڵێ) لە مۆنۆدرامای (پاسەوان) ی (دڵشاد مستەفا) جاری وا هەیە كەسەكە مرۆڤیش نییە، بەڵام ڕۆڵی لە كەسایەتییەك كەمتر نییە، ئەوەتا (دەسرۆكە) لە شانۆی (ئۆتێللۆ)ی (شكسپیر) دا.

لە فەرهەنگی شانۆیی دا، بەم شێوەیە پێناسەی كاراكتەری كردووە " كاراكتەر، یەكێك لە كەسایەتییەكانی نێو دەقی شانۆگەرییەكە، كە

موڵکی نووسەرەو نووسەر دروستی کردووە و ئەکتەر هەڵدەستێت بە بەرجەستەکردنی و زیندووکردنەوەی لەسەر تەختەی شانۆ". (١٨).

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی (کاراکتەر) بەم شێوەیە لێوەی ئەدوێ :" کەسانێکە لەو خەڵکە کە لە ڕووداوە درامییەکانی ناو شانۆییە نووسراوەکەدا ڕۆڵ ئەبینن، یان لەشێوەی ئەکتەران دا، لەسەر تەختەی شانۆ ڕۆڵ ئەنوێنن......". (١٩).

## کاراکتەر لە کورسی دا :

باسمان لە چەمکی کاراکتەری شانۆیی کرد و لە لایەنە تەواوکەرەکانیانەوە دواین، لەم بەشەدا ئەمانەوێت، بزانین تا چ ڕادەیەك بایەخ بە بەهای کاراکتەر، لە لایەن شاعیرەوە لە دروستکردن و زیندوو کردنەوەی کەسەکاندا دراوە.

بەر لەهەمووان، بوونی کاراکتەری (کورسی) زاڵترین و جوانترین دیاردەی چامەکەیە، بۆ نموونە لەم باس و ناساندنەی (کورسی) پێمان دەڵێت "

**" کورسییەکی کورتە باڵای بە تەمەنەو**

**ئێسك سووك و تەوێڵ پان و**

**دەست باریك و ناوشانی تەنگەو**

**بەڵام هێشتا وریاو قنجەو**

**قاچێکی کەمێ ئەشەلێ و**

**بە ڕەنگ و ڕووو زەردەڵەیەو**

**قژ ڕووتاوەو، وەلێ تەندروستی تەختەو**

**جومگەکانی گەلێ باشە!**

**کورسییەکی شپرزەیەو خەیاڵاوی**

**هێندەی تەپڵەکی جگەرەی پڕ لە سووتوو**

**بێتاقەتەو**

**کاتێ سەرنجی لێ ئەدەیت**

**ئەڵێی هەورێکی بچکۆلەی**

**دڵگوشراوی سەر سەیوانەو**

**تەمێك کەوتۆتە سەر دیدەی**

**کە گوێشت نا بە سنگییەوە**

**وا هەست ئەکەی**

**دەنگی ڕۆحی وەکو جەستەی**

**هەڵئەقرچێ و بەردەوامیش**

**ئا ئەم کورسییە شپرزەیە**

**ساڵەهایە نیشتمانی**

**ئەم چایخانە بچووکەیەو " (٢٠).**

گەر لەبارەی کەسایەتییەوە لەم کەسە (کورسی) بڕوانین، بەر لەهەموو شتێك، نەك بەرجەستەکردنی کەسایەتییەك، بەڵکو بێ

گیانیش بۆتە کەسایەتییەکی زیندوو، بە تێکەڵ کردنێکی هونەریانەی خاسییەتەکان ئەو مرۆڤەی ئەو ئەیەوێ، لەگەڵ خاسییەتی تەختەو دارێ، ئەبینین ئەدوێ و ئەبزوێ و لەهەمان کاتدا هاوشان لەگەڵ کەسایەتی خودی شاعیر (شێرکۆ بێکەس) ئەبێتە گێڕەرەوە، هەروەها شایەت و گەواهی زیندووی یادەوەری و ڕۆژانەیەتی.

شاعیر، نیگارکێش ئاسا، ڕەنگ و ڕوخساری بە ڕادەیەکی ئەوتۆ و ورد و جوان کێشاوە، هەر چۆن نیگارکێشێك بیەوێت تابلۆکەی، وەك پەیکەرەکەی (داڤید)ی (مایکل ئەنجیلۆ) کە ئەیویست بێتە گفتوگۆ، ئەوەتا ئەمەش کورسییەکەو وردە وردە لێمان ئەبێتە مرۆڤــ و چاوی ڕۆژان و لە ناخەوە بڕوای پێئەکەین.

ئەو هونەری تێهەڵکێشییەی، شاعیرو کورسی، جەختە لەسەر نمایندەیی کورسی بۆ شاعیر و لەهەمان کاتدا پەیوەست بوونە بە کێشەو حەقیقەتە نەگۆڕەکەی بیری شاعیرەوە.

کەسەکان دەبزوێن و ڕووداوەکان پەرەدەسێنن. هەر چۆن شاعیر، لە پێناسەکردنی کاراکتەری (کورسی) دا ئەیکات.

لە سیمایا کڵۆڵی و چەرمەسەریی و ئاسەواری گشت چەوسانەوەیەك دیارە و خۆی ئەنوێنێ... ئەوەتا

**" کە گوێشت نا بە سنگییەوە**

**وا هەست ئەکەی**

**دەنگی ڕۆحی وەکو جەستەی**

**هەڵئەقرچێ و بەردەوامیش**

**وەکو بڵێی لە جۆلانەی ئاگردایە" (٢١).**

سەرەتا ڕووی دەرەوەی ئەخاتە بەرچاو، پاشان لە ناخییەوە ئەدوێ، ڕوخسار کاردانەوەی ناخە، دیارە شاعیر هونەرکاری نواندووە، لە دەرەوەی کاراکتەرەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناوەوەی کاراکتەر.

شاعیر بەپێی کاراکتەرەکانی پانتایی بۆ هەڵس و کەوت و هەڵسوڕانیان تەرخان کردووە. بەو پێیەی، هەر کاراکتەرێکی شانۆیی بەپێی بوارەکانی جوڵانەوەی دەستنیشان ئەکرێت و ئەناسرێت وەك:

(( کارەکتەرێکی جوڵەدار Dynamic character

کارەکتەرێکی ناوەندی character Minor

کارەکتەرێکی وەستاو static character

کارەکتەرێکی سەرەکی Leading character

کارەکتەرێکی کڵیشە بەند (دەق پێوە گر) (H) ٢٣

(stock character)

لەم چامە والآیەدا، گەلێك نموونەی کاراکتەری جیاجیای تیادایە وەك:کاراکتەری بنچینەیی، یان سەرەکی (Protagon ist)، ئەو کارەکتەرەیە، کە ڕۆڵی بنەڕەتی ئەبینێت و بزوێنەری یەکەمە لە کردارە درامییەکەدا و ڕابەرایەتی ئەکات و بەناوی (پاڵەوان) یان (قارەمان)ی شانۆییەکە ناوزەد ئەکرێت.

بەڕای من، کەسایەتی (کورسی) پاڵەوانی سەرەکی سەرجەم بینراوە شانۆییەکانە، بەرامبەر بە کاراکتەری کورسی، کاراکتەری خودی (شاعیر) لە ئارادایە، هەرچەند بە دەنگ ئەنوێنێ، بەڵام هەست بە بوونی ئەکەین، هەر چۆن کەسایەتییەکی هاوتەریبی پاڵەوانی سەرەکی بینراوە، واتە کەسایەتی کورسی، لەگەڵ ئەم جۆرە پۆلێن کردنەدا، ڕواڵەتێکی تر دەرئەکەوێت و ئەبینرێت و لە ئارادایە، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەست بوون، بە تایبەتمەندی چامەکەو ئەو جۆرە بینراوە شانۆییانەوە.

ئەوەتا ئەبینین لەتەك بوونی کەسایەتی سەرەکیدا، لەهەر بینراوێکدا کارەکتەرێکی سەرەکی هەیە، بەڵام سەرەکییەکی کاتیی.

بۆ نموونە لەو بینراوەی (فەوتاو) و (دیلان) لەخۆ ئەگرێ!

**(( فەوتاو ) ئەمجارەیان چووە ژوورەوەو لەسەر کورسییەکە دانیشت و بە دەنگێکی نزم و لەسەر خۆ حیکایەتی ئەم بەیانییە و بینینی لە ناکاوی (نازەنین) و چوونە سەیوانی و ختورەکانی ناو دڵی خۆی بۆ (فەوتاو)ی هاوڕێی گێڕایەوە، جگە لە فەوتاو، ئەوەی بە وردی گوێی لە وشە بە وشەی(دیلان) گرتبوو کورسییەکەی ژێری بوو!**

**کورسییەکە: بەڵێ وابوو. زۆر بە وردی گوێم گرتبوو.**

**لە دواییشدا کە خۆم بە تەنیا مامەوە بە کوڵ گریام! (٢٤).**

شاعیر ڕۆڵی کاراکتەری (گێڕەرەوە) ئەنوێنێ: **(( دیلان گەڕایەوەو گەیشتە بەردەم دوکانەکە (فەوتاو) ئەمجارە چووە ژوورەوەو لەسەر**

**کورسییەکە دانیشت...... (١٣)**

ئەوسا هەر گێڕەرەوە سەربووردەکەی ئەو بەیانییەی دڵی (دیلان) بۆ (فەوتاو)ی هاوڕێی ئەگێڕێتەوە.

دوو کاراکتەر، یەکێ بە زمانی گێڕەرەوەکە ئەدوێ و ئەوی دییان، کە (فەوتاوە) بە دڵ گوێی لێ ئەگرێت و، کورتیلە چیرۆکێ ئەگەیەنن. بەمە کۆتایی نایە، کاراکتەری بنەڕەتی گشت بینراوەکان، کە (کورس)یە ئامادەیە و، نەك تەنها گوێگرە، بەڵکو بەشدارەو قسەکانیش پەسەند ئەکات :

**(( کورسییەکە: بەڵێ وابوو. زۆر بە وردی گوێم گرتبوو. لە دواییشدا کە خۆم بە تەنیا مامەوە بە کوڵ گریام!**

**کورسییەکی سەرپەڕ: پێم سەیرە بەردیش گوێی لێ بێت و بەڵام نەگری!**

**کورسییە سنەییێکە: لەوە گەڕێن! من پرسیارێکم هەیە و دەمێکە لە دڵمایەو ئەمەوێ ئێستا لێت بکەم؟!**

**کورسییەکە: فەرمووو برا ! (٢٥)**

کاراکتەرە کورسییەکان لە یەکەوە بوونە دووان و پاشان سیان. لە بینراوێکی گچکەدا، شەش کاراکتەر یاری ئەکەن، لە بچوکترین پانتایی و کەمترین ماوەدا، سەربووردەیەکی خەمناکانە ئەگەیەنن. لەم بینراوەدا کەسایەتی بنەڕەتی و کەسایەتی سەرەکی و چەند کەسایەتییەکی ناوەندی ئەبینن و، هۆکاری سەرەکی بوونیان،

بۆ دوو هۆ ئەگەڕێتەوە، یەکەمیان: چیرۆکی (دیلان)  کە بۆ (فەوتاو)ی ئەگێڕێتەوە، ئەو فەوتاوەی نازناوەکەی بۆ ئەو کارەساتە ئەگەڕێتەوە، کاتێك لەگەڵ دەستەیەك گەنجانی هاوەڵیدا بۆ سەیران ئەچن، (خولەپیزە)ی چەتەو ڕێگر ئەیان داتە بەر دەستڕێژو دەمو لووتی (عەلی) ئەپێکێ و ئیدی (فەوتاو) ئەکاتە نازناوی، واتە فەوتانی جوانی و گەنجێتی و، هێنانەوەی هەر ناوێ، یان بوونی کارەکتەرێ، سەربووردەیەکی ژیانی شاری پێوەیە، دووەم هۆ: ژیان بەخشینی و هەست بزواندنی فراوانترە. هەروەها ئەو کەسانە ئەبنەوە بە پردو هۆی پەڕینەوە بۆ بینراوێکی نوێ. کەواتە یەکێك لە خاسییەتە تایبەتییەکانی کارەکتەر لەم کارەدا، بەخشینی چەند ئەرك و کارێکە بە کەسایەتییەکە، هەروەها بوونی توخمی هاوبەش لەنێوان زۆربەیان دا. جگە لەوەی وەك لەم نموونەیەدا هاتووە، کەسایەتی یان کاراکتەری ئامادە نەبوو، نادیار. وەك کاراکتەری (نازەنین)، کە بابەتی باسی بینراوەکەیە و بەڵام نابینرێت، هەرچەندە لەسەر شانۆی ڕووداو بوونی هەیە. کەسایەتی ئامادەنەبووە (OFF-Stage Character)

(( ئەو کەسایەتییەیە لە ڕووداوەکانی سەر شانۆدا ڕۆڵی هەیە و بەڵام بە هەست و جەستەوە نایەتە بەردەم بینەران)). (٢٦)

لە نموونەیەکی کاراکتەری نوێی خوڵقان و زیندووکردنەوەدا، هونەرمەندی میوزیك مامۆستا (ولیەم یوحەننا)، وەك ڕابەرێکی

میوزیك و ڕەنگێك لە ڕەنگە گەشاوەکانی شاری بەسەر کردۆتەوە، بە بینراوێکی کورتیلەی شانۆیی، بەڵام سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەر لەو چەند چرکەیەدا هەیە و، شانۆییەکی گەورە ئەنوێنێت!

**(( ڕۆژێك عاشق میوانی هات، میوان هاتە ناو باڵکۆن و**
**ئۆکۆردیۆنێ بە سنگەوە. میوانێکی زۆر بۆنخۆش بوو،**
**بۆنی گەردنی مریەم و بۆنی خاچەکەی مەسیح و بۆنی**
**مۆردی ماڵی کەریمی ئەلەکەو بۆنی (ئەبونا )ی لێئەهات.**
**گەنجێکی کەمێ گردەڵە، مەدالیای سەلیبێکی کردبووە مل.**
**تا ئەو کاتەی من نەم دیبوو هیچ میوانێ هێندەی**
**ئەم میوانە مۆسیقارە لەلای عاشق خۆشەویست بێ.**
**من ئەڵێم دە ئێوە بڵێن سەد ماچی زیاتر کردووە.**
**گوێم گرت**
**بزانم ئەم کوڕە ناوی چییە؟! بوو بوو بە مەراق**
**لە دڵما.چایان هێنا، هەروا بۆ چەند دەقیقەیەك**
**ئۆکۆردیۆنی لە باوەشی مندا دانا، دەرفەت ڕەخساو،**
**چرپاندم بە گوێی ئۆکۆردیۆندا: لێم ببورە!**
**ناوی خاوەنەکەت چییە؟! من وام وت و ئیتر ئۆکۆردیۆن تووڕە بوو،**
**ڕقی هەستاو، یەك زیقەی درێژی کردوو**
**ئینجا وتی: تۆ کورسییەکی زۆر گەوجی ! زۆر بێئاگای**
**ئاخر هەیە لەم شارەدا نەزانێ کێیە ولیەم یوحەننا!)) (٢٧).**

ئەمە بینراوێکی شانۆییە، کەشی شانۆیی، کاراکتەر، گفتوگۆ، ڕووداو بابەت...... لەهەمان کاتیشدا، چەند وێنەیەکی شیعری جوانە، هەرگیز نکوڵی لە وێنە شیعرییەکە ناکەم، بەڵام ئەڵێم : (( ئەم داهێنانەی شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس ) گواستنەوەو برەودانی هونەرییە، بە وێنەی شیعری، لە بە شانۆیی بوونیدا ئەو هەڵکشانەیە، کە خاڵی جیاکەرەوەو تایبەتمەندییە. ئەمەش زادەی کەیل بوونی لێواولێوی خەیاڵ و وێنەیە، شایستەی لەسەر وەستانە.....

بابەتی بینراو، کاراکتەری هونەرمەند (ولیەم یوحەننا)یەو (ئۆکۆردیۆن)ەکەی و کورسی... بەو پەڕی نەك هەر ئاسایی، بگرە ئەو پەڕی توانەوە لە ئاساییدا. هەڵس و کەوت و دەمەتەقێ ئەکەن، گوێمان لە گفتوگۆی نێوان کورسی و (ئۆکۆردیۆن)ە، شاعیر بە ڕادەیەك خاسییەتی گیانلەبەری هۆشیاری پێ بەخشیون، تا بتوانن، چۆن کارتۆن کارییەکی زیندوو لە فلم دا، یان لە شانۆیی بووکەڵەدا......

وەك جۆرێك لە جۆرەکانی شانۆ، بەڵام بە تێکەڵکردنی مرۆڤ و بابەتی مرۆڤ. لە ڕادەبەدەریی زیندوێتی کەسایەتییەکان و بینراوەکە، هەست بە جیاوازی نێوان ڕەگەزی کاراکتەرەکان ناکەین. لە من وایە نەك تەنها تێکستە، بەڵکو تێکستێکی بەرجەستە کراوەو، گەلێك بە جوانی دەرهێنراوە.

با بە وردی لەم بینراوە بڕوانین: **بۆ تاوێ ئۆکۆردیۆنەکە لە باوەشی کورسییەکەدا دائەنرێ، دەرفەت ڕەخساندنە بۆ کورسی تا ناوی خاوەن**

**ئۆكۆرديۆن بزانێت. ئۆكۆرديۆن لە پرسيارەكە توورە ئەبێت، ناهەقى نييە، چۆن ناپناسێت، بۆ خەڵكى شار نييە؟ ئەو كەسە بۆتە ناسنامە، وەك بوونى گۆيژەو ئەزمڕ، يان مەڵكەنى و دەرگەزێن.....**

ئەم چامەيەى (كورسى) پتر لە گشت شانۆييەك، كەسايەتى تيايە، دەوڵەمەنترين دەقە بە كاراكتەرى تەواوەتى، تياياندا هەيە تەنها ناوەكەى شانامەيە لە شانازى و گەورەييدا، وەك (بێكەس).... (نەجمەدين مەلا).....

كەسايەتى (نورى حەمە عەلى) يەكێكە لە پێشمەرگە دلێرە بەختبووەكانى ڕێگاى كوردايەتى:

**((نورى حەمە عەلى)يە، ڕانكوچۆغەى گوڵى ژاڵەو، پشتێنەكەى لە گێلاس و سەروقژى گوڵە باخ و جووتێ كلاشى هەوراميش، كردبوونى بەسەر پێوە، ئەويش هەر سوور!... كە باوەشمان بە يەكدا كرد هەزار پەپوولەى ڕەنگاوڕەنگ تێمان ئالأن. ئاى نورى گيان! سەرتاپات سوور ئەچێتەوەو بووى بە ياقووت، لە كوێوە بۆ كوێ نورى گيان؟!)) (٢٨)**

دەركەوتنەوەى كاراكتەرى، كوڕى ئازا، كاكە (نورى حەمە عەلى)يە بەڵام لە بينينێكى ناو خەونێكى ئەرخەوانيدا... پرسى لێ ئەكات و، وەرام نييە، بەڵام باسكردنەكەى، ڕەنگ وجۆرى پۆشاك و نواندنى هێماى نەمانە بۆ هەرمان كە ڕەوانترين وەرامدانەوەيەتى. ئەمەش نەك تەنها جوانكارييە بەڵكو ئەو پەڕى هونەركارييە.....

# تەكنيك –چنین و چنينكاریی -plot

چنينكاری لە هونەری شانۆدا، گرنگترین لایەنو هەنگاوە، وەك نەخشەسازییە لە هونەری تەلارسازییدا، یەكانگیریكردن و گونجاندنی سەرجەم توخم و كەرەستەكانەو مایەی گەیاندنی مەبەستەكەیە، بەڕای من چنین و هونەری داڕشتن، دووكاری بنەڕەتین و تەواوكەری یەكدین، بۆیە بە پوختەو گەوهەری هونەركاریی، واتە (تەكنيك-Techniqar)دائەنرێت. مامۆستا (حەمە كەریم هەورامی) جوان بۆی چووە: ((تەكنيك گيانێكی هونەرییە بە بەری پەیكەری درامادا دەكرێت و هێزو تین دەخاتە ناو دەمار و لەشی دراماوە و دەیكات بە پارچە هونەرێكی جوان و زیندوو، با درامایەك بە مافورێكی كاشانی جوانەوە بچوێنین، با بە وردی لەو پارچە مافورە وردبینەوە، دیارە تەونكارێكی شارەزاو بەهرەدار لەو داوانە كە بوونەتە تان و پۆ و لەوداوە وردە ڕەنگاو ڕەنگانە ئەو مافورە پڕ نەخش و نیگارەی ڕازاندۆتەوە، هەر گوڵێك یان هەر نەخشێك لەو نەخشانە لە جوانی و ڕێكوپێكيدا گەیشتوونەتە تەواو و شوێنی خۆی پڕكردۆتەوە و نەبوونی لارە سەنگییەك یان بۆشایی و كەم و كوڕییەك لە مافورەكەدا بەجێدەهێڵێت، مافورەكەش بەشێوەیەكی گشتی دیمەنێكی نازدار و ڕێكوپێكی وەهای هەیە كە سەر سوڕهێنەربێ، ئەو تەونكەرەش كە ئەو مافورەی چنیوە بە دەستڕەنگین و ئۆستایەكی لێوەشاوە

دەناسرێ، جا ئەگەر تەختی ئەو مافورە درامایەك بێ ئەوا ڕازاندنەوە و گوڵ چنینەکەی دەبێتە تەکنیك، لەمەوە دەزانی تەکنیك شێوەی ڕازاندنەوە و ئەندازەی هونەرە))(٢٩)

ئەتوانین بەرامبەر چنین، سەنعاتکاری، یان دەستڕەنگینی، یان وەستاکاری و هونەر نواندن. بە زمانی عەرەبی بەرامبەر زاراوەی (plot) وشەی (الحبكة) هەیە، کەلە وشەی (حَبَك)ە کەوتۆتەوە، کە کار، یان فرمان و کردار ئەگەیەنێت. واتە بە جوانی کارەکەی ئەنجامداوە، بە واتا (مەجازییە)کەی، توند و تۆڵکردنەوەی لایەنەکانی دەقە شانۆییەکە ئەگەیەنێت. ئەوترێ، فێن وتاربێژ، زۆر بە جوانی وتارەکەی چنی بوو، مەبەست لەوەیە: کۆمەڵە گونجاندنکارییەکی زیرەکانەی نواندووە، لەشوێن کات و بابەت و ڕزم و وشە و ڕستەو.. هتد هەر هەموو ئەم شتانە، لە چوارچێوەی مەبەستە وتارییەکدا. لەڕووی نووسینی دراماوە (Dramaturgia) بەر لەوەی دەقێکی نواندن (performance text) لە ئارادابێ، کۆمەڵە کەرەسەیەك لەناو جۆرە دارشتنێکی گەلێك تایبەتیدا، مامەڵەی پێکراوە و تاوتۆکراوەو، گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دیوە، لە قۆناغی چنیندا ڕەنگ و ڕوخسار و شێواز کێشراوە و ڕەنگی وەرگرتووە. هەر هەموو شتەکانی ناو دەق، لە چنیندا خۆی ئەنوێنێ.

((ئەکرێت چنین بە دوو شێوە بێت: یەکەمیان. لە دوتۆی یەك بەدوا یەکچوونی کردارەکان بەپێی کات. واتە بەشێوەیەکی یەك بەدوایەکی

زنجیره بەند بۆ هۆو ئاکام لە ڕێگای بەنۆرەهاتنی ڕوودانی ڕووداوەکان تەریبانە بە کردارە خوێنراوەکان. بەڵام دووەم جۆرو نموونە ئەکرێ لەنێوان بوونی پتر لە کردارێك لەیەك کاتدا بێتە دی، ئەم دووجۆر هاوکاتی و هاو زنجیرەبەندییە، ئەبنە دوولایەنی چنین و وەنەبێ ئەم هاوکاتی و هاوزنجیرەییە بۆ دووجۆر هەڵبژاردنی ئەستەتیکایی بگەڕێنەوە، بەڵکو : هەردوو جەمسەری سروشتی ژیانی نواندنەکەن، لەنێوانی توندوتیژی و گرژە دژایەتی : واتە لە حاڵەتی کارکردنیاندا (dramaturgia) دانانی درامی)) (٣٠)

لەم چنینکارییەدا. بە وردی ڕەچاوی کات و شوێن و ڕووداویش ئەکرێت. هەرچۆن مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کاراکتەرەکان و شێوازی دیالۆگ و خوڵقاندنی کەشە دەروونییەکان. ئەم هونەری چنینکارییە، هونەری هۆنینەوەی شانۆییە، هۆنینەوەیەك، سەرەتا، وەك دەروو، ناوەند، وەك لایەنی هەڵکشان و زەقکردنی ململانێ و، هەروەها کۆتایی، واتە ئاکام و ئەنجام و لابەلادا کەوتن. یان ڕاستکردنەوە و هەڵهێنان و چارەسەر. سەبارەت بەم ڕەوتەی چنین و هۆنینەوە، یان جۆری دارشتن، (دانا عەلی سەعید) دەستنیشانی کردووە : ((هۆنینەوەی شانۆیی کۆمەڵێ قۆناغی شوێن یەککەوتووە. کە یەك سەرەتای ئەوی ترەو تێکرا دەچێتە خزمەتی بەرزکردنەوەی ململانێکە و ڕۆنانە درامییەکە پێکدەهێنن...))(٣١) واتە، نووسەری شانۆیی هەنگاو بە هەنگاو بە کەرەستە هونەرییەکانی ڕووداو و

بابەتەکە بەرەو پێش ئەبات، لەهەمان کاتدا بەر لە گشت هەنگاوێك بە کۆمەڵە هۆکارێك ڕێگا بۆ هەنگاوی نوێ ساز و خۆش ئەکات. هەر هەمان مامۆستا (دانا عەلی سەعید) لەسەر هەمان بابەت، هەنگاو و خاسییەتی هەنگاوەکانی لەسەر ڕای (عادل نادی)، کە لە کتێبەکەیدا، (المدخل الی فن کتابة الدراما) دارشتووە، کە بریتین لە: یەکەم : سەرەتا، یان دەروو، کە بۆو بەرامەو تایبەتمەندی کارەکە و جۆری ململانێ و شێوازی ئاشکرا ئەکات. دووەم : خاڵی دەرچوون، چوونە ناو کێشەو ململانێیەکەوە. سێیەم : ڕووداوی بڵندرۆ، هەڵکشانی هێڵی دراماکەیە. چوارەم : بینینەوەکان، دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو جەمسەرە کاریگەرانەی کە لە ڕووداوە گشتییەکە کۆبوونەتەوە. پێنجەم: پێشبینی کردن. ئاماژەکردنە بۆ پێشهات و ڕووداوەکان، چ کارەسات، یان بە پێچەوانەوە. شەشەم: گرێ سازکردن، چڕکردن و ئاڵۆزکردن و کۆسپ و تەگەرە و ڕێگر لەبەردەم چارەسەرکردندا. حەوتەم: تامەزرۆکردن و چەشەکردن، لەپای پەرۆشکردنی بینەر و هێز پێدان و وەدووکەوتندا، ڕاکێشانی سەرنج و بوونە خەم و خولیا... هەشتەم: گرفتە شانۆیی، مەبەست لە گیرۆدەبوون و تەنگ و چەڵەمەیە. نۆیەم: ترۆپك، واتە پۆپە و دوندی ڕووداو و هێڵە درامییەکە. گەیشتنە لوتکەیەو، تەقینەوەی سەرجەمی ململانێ و ڕووداوەکانە. دەیەم: ڕووداوی نزمرۆ، کۆتایی تەقینەوەیە و هاتنە خوارەوەی ڕووداوەکانە و جەمسەری کۆتایی و ئاکام ئاشکرادەبێت،

یانزەیەم: چارەسەر و کۆتایی، بەلاداکەوتنی ڕووداوەکانە و کۆتاییە. کەواتە چنین (plot) بەهایەکی بنچینەییە لەناو سەرجەم بەش و توخم و کەرەستە و پێکهێنەرەکانی درامادا، هەرچۆن کۆکەرەوەو یەکانگیرکەریانە. لەم ڕووەوە (ئەرستۆ) کاتێك لە پێکهاتەی تراژیدیاوە ئەدوێ : ((مەبەست لە چنین، ڕێکخستنی گشتی شانۆییە وەك بوونێکی یەکگرتوو))(٣٢) ئەمجۆرە ڕێکخستن و یەکبوونەش بەپێی (منطق) و لەسەر پێوەرێکی ئەندازەیی دروست ئەکرێت. مامۆستا (یاسین ڕەشید) لە ماستەر نامەکەیدا (ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی) بە وردی مەبەستی (چنین)ی ڕوونکردۆتەوە، لەهەمان کاتدا، ئاماژە بۆ تێکەڵکردنی چنین و تەکنیکی کردووە : ((هەندێکجار دەبینین چنین و تەکنیك لای هەندێ سەرچاوە تێکەڵکراوە و بەیەك مەبەست و واتا بەکارهێنراوە، بەڵام لەڕاستیدا تەکنیك سەرجەمی تواناکانی نووسەر لە شێوازی پێشکەشکردنی دەقی درامیدا دەگرێتەوە کە لە هەندێك ڕێبازی ئەدەبیدا بنەماو تایبەتمەندی دەستنیشانکراوی هەیە و لە تەوژمە ئەدەبییەکانیشدا لە سنووری یاساو ڕێسادا نابزوێ، بەڵکو گەلێك جار ڕەوتێکە، هەستێکە، یان شێوازێکە نووسەر پەنای دەباتەبەر لە چۆنێتی دەربڕیندا ((بۆ نموونە نووسەرێك لە شێوازی دەربڕینی بابەتەکەیدا پەنا دەباتە بەر شێوازی دیالۆگ نەك گێڕانەوە کە ئەمە تەکنیکی نووسەرەکە خۆیەتی)) بەڵام چنین نێوەندی پێکەوە بەستنی پێکهاتەکانی دەقی درامییە و ڕەگەزێکی سەرەکییە

له ڕەگەزەکانی تەکنیك، ڕەگەزێکی پێکهێنەری تەکنیکە لە دراماداو واتە چنین جیا نییە لە تەکنیك، بەڵام ناشێت تەکنیك بەتەنها لە چنیندا کۆبکرێتەوە، بەڵکو زۆر ڕەگەزی تر هەیە وەك دیالۆگ، کاراکتەر، ململانێ، هێما، کات و شوێن و...هتد))(٣٣) بۆچوونێکی دروستە، بۆیە ئێمەش لەم باسەماندا، چنین بە هەمان مەبەستەو، لایەنێکە لەلایەنەکانی تەکنیك. بەڵکو لایەنی بنچینەیی و بیناسازیی و تەلارسازیی بوونی دراما. ئەبێ لە دوایین بەشی ئەم باسی(چنین) ناسینەدا، بڵێین: چنینیش چەندین جۆری هەیە و هیچ شانۆییەکیش بەبێ چنین نییە و نابێت، دەنا شانۆیی نییە و لە پۆلێن و خانەبەندی نووسین و هونەری درامادا جێگای نابێتەوە. لێرەدا ناوی چەند جۆرە چنینێك ئەبەین وەك: چنینی بینینەوە (Recognition plot) بابەت و ڕووداوەکانی وێڵی بینینەوەی شتێکی نادیارن، هەرچۆن لە چیرۆکی تاوانکاریی، یان پۆلیسدا هەیە، لە هونەری شانۆدا، باشترین نموونە شانۆیی (ئۆدیب بەپاشایی) (سۆفۆکلیس)ە، کە بەدوای بینینەوەی هۆکاری ئەو نەفرەتە یەزدانییەدا ئەگەڕێن، کە لە خەڵکی (کۆرەنتا)ی گرتووە. ئاکام هۆکار ئەبینرێتەوە، کە بریتییە لەو تاوانە گەورەیەی (ئۆدیب) لە بێئاگاییەوە کردوویەتی، تاوانی کوشتنی باوکی و مارەکردنی دایکی. کەواتە ئەمجۆرە چنینە لەسەر بنەمای کارو کۆششی بینینەوەیەك کارئەکات.

ناوەندییە چنین (Subordinate) (Sub plot)

plot) زۆر شانۆیی هەن،جگەلە گرێچنی سەرەکی، چەندین جۆر چنینی دی لەخۆ دەگرێ، وەك ناوەندییە چنین. ((ئەم ناوەندییە چنینەش یان بەپێی جۆرەکەی هاوشان ئەبێ لەتەك گرێچنە سەرەکییەکەدا، یان ئەوەتا دژ ئەبێت، یان بەجیا ئەبێت، ڕەنگە زۆربەی تراژیدیاو کۆمیدیاکانی (شکسپیر، ناوەندی چنینیان تێدابێت، وەك لە (شالیر) و (هاملێت) و (گەردەلوول)...هتد)).(٣٤)

## هونەری چنین لە چامەی (کورسی)دا

بەرلەوەی بچمە ناو کرۆکی باسەکەوە، هەست ئەکەم پرسیارێك بێتە ئاراوە : ئەتەوێ بە پێوەری هونەری شانۆ، هونەری چامەی (کورسی) شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس) هەڵسەنگێنی‌و، فەرمانی شانۆی بەسەرابەیت؟ ئەڵێم: ڕاستە چامەیەکی والآیە، بەلآم چ جۆرە والآیەك؟ گێڕانەوەی چیرۆکێکی ژیانەو وێستگەکانی بەسەرەتاوە وناوەڕاست و کۆتاییەوە دیارە، خەسڵەتی دراما، گەوهەرینە، بۆیە کە یەکەمجار خوێندمەوە، هونەری هۆنینەوە و چنینکارییەتی ئەوتۆ، بەو هەموو بەها درامییانەوە، وای لێ کردم، وەك لە هۆڵی شانۆییەکدا بە پەرۆشەوە لە نواندنێکی شانۆیی بڕوانم، کە زنجیرە بینراوێکی وردی شانۆییانەی بێ ترازان لە چوارچێوەیەکی شانۆیی ببینم، دەستبەجێ چامە شیعرییەکەم لێ گۆڕا بە شانۆیی و شانۆ بە گشت

لایەن و بۆن و بەرامەیەکییەوە. ئەو دەمە، بە بیرمداهات لەسەر شانۆ بینوێنم و، زۆر ئاسان و ئاسایی هاتە بەرچاوم، بەتایبەت، ئەولایەنە بەیت ئامێزییەی، شێوازی (برتۆڵدبرێخت)ی هێنایەوە بەرچاوم، کە بەلای منەوە نموونەیەو ئەو حەزیە خولیاکانمی لێوە سەوز ئەبێ. بەچاکمزانی بەر لەوکارە کار لە توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بەهای شانۆیی چامەکە بکەم، ئێستا پشت ئەستوورم، کە ئەم کارەی کاك (شێرکۆ) جۆرێك لە جۆرەکانی هونەری شانۆی داهێناوە و لە ئەدەبی کوردیدا نوخشەیە. هەرچەندە ئەمە یەکەمیان نییە، بەڵکو خاوەنی چەندین لەو ئەزموونە دیارانەیە و خاوەنی درێژترین هەناسە شیعری جوانە. لەبارەی چنینکارییەوە (شاعیر) لەیەکەم وشە و سەرەتاوە ئەفەرموێ:

**((منی نووسەری ئەم دەقە، دێر زەمانە**
**لەم شارەدا،چون(با)یەکی شێت و وێتی**
**پێخاوسی شەرواڵ دڕاوی سەرگەردان،**
**دێم ودەچم و،جارێك ئەبم بە شیعرێکی**
**مەست وسەرخۆشی مەیخانە و،جارێکی دی**
**بە چیرۆکێکی کۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانەوە،**
**یان بە گوناهی بێداڵدەو، یان بە پەخشانی**
**بێ ماڵی ئەو دەشتانەو، یان بە شانۆی**
**گەڵاڕێزان..............................))(٣٥)**

**ئەمە سەرەتایە، هەرچۆن جاران، گەلێك شانۆیی بە گێڕەرەوە، یان خودی نووسەر ئەهاتە دو، بۆ نموونە لەلای (کریستوفر مارلۆ)، لە شانۆیی (جولەکەی ماڵتا)، سەرەتا بەر لە پەردە هەڵکشان و لادان، کەسایەتی (ماکیاڤلی) دێتە سەر شانۆو بۆبینەران ئەدوێ، ئەمەش بۆ پەیوەندی بیرو بۆچوونی(مارلۆ) بە بۆچوون و فەلسەفەی (ماکیاڤلی)یەوە ئەگەڕێتەوە. شاعیر لەو دەرووەوە کە سەرەتایە، دەستنیشانی زۆر شت ئەکات، بەر لە گشت شتێك خاسییەتی کارەکە، کاتێکیش ئەڵێ:**

**((دێم و دەچم و، جارێك ئەبم بە شیعرێکی....))**

**ئەمە ئاماژەیە بۆ کاری شانۆ و هونەری نواندن، نایشارمەوە لەگەڵ خوێندنەوەیدا، ئەو باسەی بیرخستمەوە، کە تایبەت بوو، بە شانۆ لە وڵاتی میسری دێریندا، لە دوتۆی سۆراغی هەبوونی شانۆیەکی میسری، یەکێك لەو بەڵگانە نووسراوێکی سەر کێلی گۆڕی کەسێکە بەناوی (ئەمحب) کە پیشەکەی دەرئەخات شانۆکاربووە:**

((من ئەو کەسەم کە هەمیشە بەدوای مامۆستایەکەوە بووم لە گشت کۆچ و گەشتەکانیدا، ئەو کەسەی لە وتنەوەدا ماندوێتی پێی نەوێرا... کاتێ ئەو دەبووە، خواوەند منیش دەبوومە میر، کاتێ ئەو دەکوژرا من دەبوومە سەرەتای ژیان...))(٣٦)

**ویستوویەتی بلێ بە درێژایی تەمەنم شانۆکاری شانۆیەکی گەڕۆك بووم. چنینی بینراوی سەرەتا، لە بیناسازی شانۆییدا، کارێکی**

گرنگە، چونکە پێناسین و دەرووە بۆ چوونە ناو بابەت و شێواز و گشت لایەنەکانی کارە شانۆییەکە. ((بینراوی سەرەتا، یان دەرووی شانۆیی، ئەو بەشە هەرە گرنگەیە کە لە بنیادنان و ڕەنگ ڕشتنی کاری شانۆیی نووسیندا، بایەخی خۆی هەیەو، نووسەری بەتوانا، چۆن ئەندازیارێکی زرنگی بیناسازیی، زۆر بەوردی بیر لە بنچینەو بناغەی ئەو تەلارە دەکاتەوە کە خەمی دروستکردنییەتی، بە زمانی چنین و دەستڕەنگینی پێی دەوترێت دامەزراندن. سەرەتا هەنگاوی یەکەمینی لەدایکبوونە، گشت ڕووداوو بەشەکانی دی شانۆنامەکە لەوێوە سەرهەڵئەدات و دەست پێئەکات..))(٣٧) جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە: بینراوی سەرەتا گۆڕەپانەکەیە و تۆپی فتبۆڵێنەکەش لە چەقی یاریگاکەدایەو دادوەر فوی بە شاورەکەیدا کردووە و گەمە شانۆییەکە دەستی پێکرد.... ئەگەر بەچاوی چامەوالآیی سەرنجی چامەکە بدەین، خاسییەتێکی هەرە گرنگ، لە خاسییەتەکانی چنینکاری، بریتییە لە پاراستنی گشت لایەن و جەمسەرەکانی، هەروەها بەها تەکنیکییەکان، لەنێوان چوارچێوەیەکی تایبەتی بە چامەی والآ، مەبەستم لە چوارچێوەبەندی ڕاوەستاو نییە، مەبەستم لەو سەقامگیرییەیە کە بڕبڕەی بابەتەکەیەو پڕ بەپڕیەتی، لە یەکانگیری شێوە و ناوەڕۆکەوە و هاوتایی نێوان هێڵی ستوونی و هێڵی ئاسۆیی. لە لایەنێکی دی چنینکاری، پاراستنی یەکەی بابەت، کە سەرجەم بینراو و باسەکان، یەك چاوگ و یەك تەوەرە و هەر

هەموویان لە مەبەستێکدا ئەگەڕێن و هەڵدەسوڕێن. هەرچۆن یەکەی ڕۆژگار و کات و سەردەم، هەر هەموو کەسەکان زادەی خاك و ئاوێکن و هاوخەمی خەمە گەورەکەن. یەکەیەکی هەرە گرنگ هەیە، وەك خەسڵەتێکی بنەڕەتی، ئەویش یەکەی (ڕزم)ە، هەر هەمووی بە ڕزم و مۆسیقایەکی کەش خوڵقێن بەڕێ ئەکرێن و هاو ڕزمن، وەك مەرجێکی سەرەکی بۆ بابەتێکی وەك (کورسی). ڕزمی کۆپلە بە کۆپلە. تەنانەت ڕستە بە ڕستەو وشە بە وشە، بینراو بە بینراو پارێزراوە. ڕزم چ وەك بیستراو، یان ڕزمی نەبیستراو، واتە ئەو ڕزمە هەستییەی ناخ ئەبزوێنێ و پشتیوانە بۆ چێژ بەرزیی شیعرەکە. وەك گەواهی زیندووی یەکبوونی شێوە و ناوەڕۆك. هەرچۆن لەسای پیت و وشەکاندا، واتا و مەبەستی تر هەیە، بەهەمان شێوەی کورسی کەسایەتی مەعنەوی و مادیی خۆی هەیە، ئەمە خۆی لەخۆیدا، ئەو توند و تۆڵکردنەوەیە کە خودی چنینکاری ئەیخوازێ و، لەهەمان کاتدا ڕاگری کەشە دەروونییە گشتییەکەیە. شاعیر بەوپەڕی هۆشیاری و بیر وردییەوە توخمێکی بەهێزی ئەوتۆی بۆ کۆکردنەوەی کارەکەی بەکارهێناوە، وەك ئەو تەلار سازە زیرەکەی، چەندە سەرنجی هونەرەکەی بدەی ناتوانیت لە نیمە خشتێکدا تەرازوو یان نەنگی لێبگریت. بەبوونی توخمی کورسی، وەك هاوبەشی گشتیی، هەرچۆن ئەو داوەی ملوانکەیەکی مرواری دانەی پێ بهۆنرێتەوە و ئەوسا لە گەردنی شەنگە خانمۆڵەیەکی بکەی، چۆن جوانی سەر جوانی ئەکەوێ و بایەخ بە بایەخدارترو جوانی جوانتر

ئەبێ. واتە (کورسی) مایەی هەرهەموو شتەکانە و هەمووشی لە ئامێز گرتووە، گەشتەکانی کورسیش بەو وێستگانەدا، لە سینەو بەژنی ئەو شۆڕە چامەیەدا. ئەم خاڵە شایستەی لەسەر وەستان و پتر توێژینەوە هەیە. هەر لەڕووی چنینەوە با سەرنجی ئەم کۆپلەیە بدین:

**((کورسییەکی سەر پەڕ: تکایە پرسیارەکانتان هەڵگرن بۆ دوایی**
**باحیکایەتەکەی تەواو بکات، ئێ باشە تاکەی**
**تۆ لە دوکانەکەی (فەوتاو) مایتەوە؟!**
**کورسییەکە: وەختێ کەوتینەوە هاوین (دوکان)**
**خۆی هەڵگێڕایەوە و هەموو جلەکانی گۆڕی. دوکان**
**خۆی پۆشتەکردەوە بەرگی تازەی کردەبەری. دیوار**
**خۆی سپی کردەوە. تەبەقەکان خۆیان شت و کونە**
**مشکیان هەموو گرت و(فەوتاو) کۆنەی هەموو**
**بەخشی و منیشیدا بە پیاوێکی ناسیاوی خۆی**
**عەرزو حاڵچی. ڕۆژی دوایی کابرایەکی باریکەلەی**
**خوێن شیرین و دەم بەخەندە. هاتە دوکان، تۆزێ لەسەرم**
**دانیشت و لەدواییدا دەستی دامێ و بەسواری قەڵان**
**دۆشکانی هەڵی گرتم تا ناو سەرا. لە بەردەم مێزێکی**
**نزمی زۆر سەرقاڵدا منی دانا، بە گاڵتەوە دوسێ جارێ**
**دای بە پشتماو ئەوسا لەسەرم دانیشت و هەناسەیەکی هەڵکێشا.**
**کۆنەچاپێکی قۆڵ شکاو، ڕیزە پوولی چوارچوار بەیەکەوە**

**نووساو، کاغەزی خورشیدی زۆرو، ئیستەمپا بۆ پەنجە مۆرو، قەڵەم و دەرزی سەرخڕو، عەینەکێك و، کاغەزی قۆپییەی ژێرو، لوولەیەك جگەرەی زەل و، تەپڵەکێك و (٣٨)((.........................................**

گواستنەوە لە وێستگەیەك بۆ وێستگەیەکی تر. سەر لەنوێ سەرەتا و ڕێگا خۆشکەرە و بەشێوازێکی ڕۆمان ئاسا بەکۆمەڵە وشەیەك باسێکی گواستنەوەکە و شوێنە نوێیەکە ئەکات. سەرجەم کەرەستەکانی، یان بە زمانی شانۆ واتەنی (ئێکسسوار)ەکانی خاوەنە نوێیەکەی کورسیمان بۆ ئەنوێنێ، کە پیشەکەی ئەرز وحاڵچییە و لە باسی کابراشدا، خوێن شیرین و دەم بە خەندە مەبەستی لە بەختبووی کوردستان (نوری عەریزە نووس)ە، وەك لە پاشکۆی چامەکەدا، لەناو ئەو ناوانەدایە کە لە دەقەکەدا ناویان هاتووە:

((عەریزە نووسی بەردەم سەرا، لە سەرەتای شەستەکاندا، یەکێك لە قوربانییەکانی(٩)ی حوزەیرانی(١٩٦٣) لەلایەن عەسکەرتارە فاشییەکانی عێراقەوە شەهیدکرا)).

کە ئێمە باس لەلایەنی چنینکاری ئەکەین، هەر هەموو لایەنەکانی هونەرکاری بە گشت بایەخەکانەوە لەخۆ ئەگرێ، چنینی ناسینی کەسایەتییەکان بە گشت لایەنەکانییەوە. ئەوەتا لەسەر زاری شایەتی زیندووی سەردەمەکە (کورسی) نەك هەر بۆمان ئەگێڕێتەوە، بەڵکو بۆمان ئەژێنێتەوە. یادکردنەوەی ئەم کەسایەتییە لەم وێستگەیەدا،

مەبەست و واتای خۆی هەیە، وێنەیەکە لە وێنە بزوێنەرەکانی هەست و هۆش لەناو چەندین وێنەو یادگاری ئەلبوومی ڕۆژانێکدا. جۆرێکە لە جۆرەکان و هۆیەکانی وروژان و هەژاندنی هەست و ناخ. مەبەستی بزواندنی باری دەروونی، لەهەمان کاتدا جوڵاندنی هۆش بۆبیرکردنەوەیەك لە جاران بۆبیرکردنەوە لە هەنووکە. ((زاراوەی چنینکاری لە بنچینەوە قاڵکراوە بە واتا، لەبەرئەوەی لە گشت بابەتە ئەدەبییەکاندا هەموو کردارەکان لەخۆئەگرێ، ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت، کە زیاتر لە بینراو و یان باس و ڕووداوێك ڕەت ئەکات، بە ئەندازەیەك، تا بەجوڵەی بیر و یان گیان ئەگات..)). (٣٩)

بە یەکچوونی بینراوەکان، تەنانەت کەسەکان، کە هەر هەموویان ژیانیان بەجێهێشتووە، بەڵام زیندوو ئەنوێنن، ئەمەیان پرسیارە؟! بەڕای من وەرامەکەی لەمە بەدەر نییە: چونکە هەموویان نمانیدەی ڕۆژانی ڕابردوویەکی نزیکن، بەڵام کۆتاییان پێ نەهاتووە و بەردەوامن. شاعیر نەیویستووە بابەتەکەی پەرش و بێو و فرە تەرز و لق و پۆ بێ، مەبەستی بوو ئەو هێڵە خەستڕەنگە بەرنەدات. ئەمەش بۆئەو سەرنجڕاکێشانەیە کە ئەبێ لەسەرەتاوە وشە بە وشە پتر بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، نەبادا بیسەر بیری بەلایەکی تردا بچێت، یان تەریك و دابڕێ، ڕاستە لەتەك هەر وێنەیەکدا لێشاوێ خەیاڵی پێئەدات، بەڵام لە چوارچێوەی یەکەی چامە دەرناچێ. ڕاستییەك هەیە، پێویستە بانگی ڕەوای بۆ بدەم، ئەویش حەقیقەتی بوونی کورسی و مەبەست لە

بوونی، لەناو ئەم چنینکارییەدا، کە پتر دەرخەری بیروبڕوای شاعیرە، کورسی مێژوویەکی ڕاستگۆیە و بە بیرو خامەی (شێرکۆ بێکەس) مێژوویەکی زۆر تایبەت ئەنووسێتەوە، بەڵام نەك وەك مێژوونووسان، بە کەرەستەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵ و سەدە و ژمارە و بەروار ڕیزکردن، بەڵکو بە زمانی شیعر بە وردەکاری و کەرەستەکانی شیعر، ئەمەش مێژوو نووسینە، بەڵام شاعیرێکی نەتەوەیی زرنگ بیر... پاش بەسەرکردنەوەیەکی ئەو ڕۆژانە.. یان تەماشاکردنەوەی ئەو وێنانەی هەمیشە شایانی تەماشاکردنەوەن، ئەگاتە کۆتایی، بەڵام لەو کۆتاییانەی لەدایکبوونی نوێی پێوەیەو ژیانەوەی، ئاکامی ژانی ئەو ڕۆژە سەختانەیەو، ئازادی خەرمانەی خۆزگەیە:

**((لە تەختایی سامالێکدا هەورێکم دی**

**کە لە شێوەی(کورسییەکەدا)**

**هەمان کورسی**

**نزیك بە بارەگای خودا، دانرابوو**

**چاوەڕوان بوو، بە ئێجگاری**

**ئازادیی خۆی بێ و لەسەری دابنیشێ))(٤٠)**

کۆتایی لە هونەری چنینکاریدا، ئاکام و چارەسەرەو، یان گەردن ئازادیی، یان گەردن شکاندنە و چارەنووسە، ئەو چارەنووسەبوو، هێزە (میتافیزیکییەکان) ئەیان نەخشاند و ئێستا مرۆڤ بەدەستی خۆی تاجی چارەنووس لەسەر سەری ڕۆژانی ئەنێ، ئەوەتا لە(کورسی)دا

جوانترین بینینەوە لە ئامێز ئەگیرێ.

## ململانێ

زۆرانبازی، یان ململانێ (conflict)، مەبەست لە ململانێی شانۆییە (conflict dramatic)، بە گیان و هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی هونەرو ئەدەبی شانۆیی دائەنرێت، هەرچۆن هیچ شانۆییەك بەبێ ململانێ نایەتەدی و نییە و نابێ. بۆیە بە خاڵی سەرەکی جیاکەرەوەو تایبەتمەندێتی شانۆ ناو ئەبرێت. هەمیشە شانۆ هونەری بەرجەستەکردنی بەگژاچوون و بەرەنگاربوونەوەی دوولایەنە، دوو هێزی ناکۆك و دژ بەیەك بووە. جا ئەگەر ئەو دوولایەنە چاکەو خراپە بووبێ، مەبەست لەوەبوو لایەك ڕێگرو لایەنی دی ڕێکەرەوە، تەگەرەو بەربەست و بەرەنگاربوونەوە و بەزاندن.

لایەنی مایەو هۆکاری نادادی و ناڕەوایی و نادرووستییە و لەو بەد کردارییەوە، نەنگی و ناهاوتایی و ناتەواویی دروستبووە، ئەو خەوش و ناڕێکییە کاری لەسەر گشت ئەو ڕێکێفانەی کردووە کە بوونەتە ڕێسای ژیان . وە بارەکەی نالەبار و گوزەرانەکەی وێران کردووە. بە دەرچوون و درێوە دیاردەی خستۆتەوە و، کاری لەسەر ویژدان و هۆش و لۆجیك کردووە و ئەبێ ڕاست بکرێتەوە، ئەبێ ژیان ڕێڕەوی ڕۆخی ڕوباری ئارامی و دڵنیایی خۆی بگرێتەوە. ئەم ململانێیەش بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت، هەرچۆن فەلسەفەو گشت تێڕوانینەکان ئەگۆڕێت بەهۆی نوێ هاتن و کۆن چوونەوە. وەك گشت ڕێباز و تەوژمە ئایدیاییەکان

و، ئەدەبی و هونەرییەکان... هتد.

لە دێریندا، لەنێوانی مرۆڤ و هێزە نادیارەکان (میتافیزیك)ییەکان هەبوون، نموونەمان سەرجەم، یان زۆرینەی شانۆییە دێرینەکانی یۆنان، ئەوەتا شانۆییەکانی (ئەسکیلۆس)، مەگەر تەنها شانۆی (فارس) کە باس لە ڕووداوێکی مێژوویی ئەکات، باس لە جەنگ و هێرشی لەشکرەکەی (دارا)ی فارس و تێکشکانیان لە جەنگی بەناوبانگ بە جەنگی (سێمیس)، دەنا سەرجەمیان ململانێی مرۆڤە لەتەك خواست و ویستی خواوەندەکان یان قەدەر و هێزە نادیارەکان بووە...

بڕوانە بەرهەمەکانی (یورپیدس)، ئەوە (ئەفگینا لە ئۆلیس) و گشت بەرهەمەکانی، ئەو (سوفوکلیس)، ئەوە (ئەلیکترا) و (ئەنتیگۆنا) و (ئۆدیب بە پاشایی)... هتد. گشت سەردەمانێکیش ململانێی مرۆڤ لەتەك کۆمەڵگاو جۆری سستەمەکانی ژیانی کۆمەڵگابووە، بۆ نموونە: بڕوانە شانۆییەکانی (ئەبسن)ی نەرویجی، ئەوە شانۆیی (دوژمنی گەل) و ئەو گشت بەگژاچوون و دژایەتییەی دەرهەق (دکتۆر ستۆکمان) ئەکرێت، تا ئەگاتە بەردەباران و شار بەدەرکردنی... ئەوە شانۆیی (ماڵی بوکە شوشە)و یاخیبوونەکەی (نورا)، ئەوە شانۆیی (تارماییەکان)و باجی گران دانەوەی دابونەریت و چۆن نەوەکان ئەبنە قوربانیی هەڵەی باوان...

هەر لەم بارەیەوە و جۆرێ ململانێ، کە مەرج نییە لایەنی دژ وەك بینین و نواندن لەسەر شانۆ ببینرێ، وەك: شانۆیی (پلە نزمەکان)

یان (ئەوانەی لە ژێرەوە ئەژین)ی (ماکسیم گۆرگی)، کەسانێك بەناو ئەژین، لە نزمترین پلەکانی ژیاندان، خەون بە ژیانێکی ترەوە ئەبینن. سوك و ڕسوایی و دزی و سواڵکەری و دەردەداری و برسێتی و بەندەمەیی و... هتد. دیارە لایەنی دووەم ئەو دژەیە کە بەهۆیەوە، ئەمانە بەم دەردومەریە چوون، گۆرگی بۆ بەرجەستەی ئەو فەلسەفەیە ئەم شانۆییەی نووسیووە، وەك نموونەیەکی شانۆی (ڕیالیزمی سۆسیالیست) بێ: (تاوانبار بە تاوانباری لەدایك نابێت، بەڵکو کۆمەڵگا تاوانباری ئەکات)، لەم تالاوی ژیانە شانۆییشەوە، فەلسەفەی بوون ژیان ئەنەخشێنێ: (مرۆڤ بۆ جوانکردن و چاکترکردنی ژیان لەدایك ئەبێت). کەواتە بە ڕوونی ئەزانرێ، ململانێ، ململانێی مرۆڤە یان کۆمەڵ، لەگەڵ ستەمی زۆرملێ و نەلواو.

ئیتر زۆرانبازی گەلێکن و هەمەجۆرن، وەك لەتەك دەسەڵات ستەمی ڕۆژگار... هەموو ئەو شتانەی کە ئەبنە بزوێنەری مرۆڤ و گەلان بۆ ڕێگاگرتنەبەری خەبات و کۆششی بێ وچان و ترۆپکەکەش لە شۆڕشی سوورا خۆی ئەنوێنێ. بەڕای من هەرشتێ ڕێگربێ لەبەر خواستدا، ئەوە لایەنی یەکەمی ململانێیە و هۆکاری درووستبوونی گیانی ململانێتییە لای لایەنی دووەم.

دکتۆر ئیبراهیم حەمادە لە (معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية) بەم شێوەیە پێناسەی ململانێی شانۆیی ئەکات: (بەرەنگاربوونەوەی دو دژە هێز، بە پێی ڕووبەڕووا تەقینەوە یان ڕووداوە شانۆییەکە پەرە

ئەسێنێ. کاتێ پاڵەوان بەرەو ڕووی ڕێگرەکەی ئەبێ زۆرانی لەگەڵدا ئەگرێ، یان لایەنی ململانێکەی بەرامبەر پاڵەوان لەمانە ئەبێت: (١) بۆ دابەزینی سروشتییە، (٢) یان مرۆڤییە، (٣) کۆمەڵایەتییە، (٤) یان لە خود دایەو ناخە، (٥) یان نادیارە وەك قەدەرو خواوەند.

چ گومان لەوەدا نییە ململانێ لە هۆکارە هەرە بزوێنەکانی چاوەڕوانی و ئارەزووی زانین بزوێنەو بینەر چەشەی تەماشاکردن ئەکات. لێرەشدا چەند پلەو جۆرە:

١-ململانێی وەستاو مەنگ (کەم کاریگەرە و هێدی جووڵەیە) Static conflict

٢-ململانێی بازدەر (بەبێ زنجیرە بەندییە) Jumping conflict

٣-ململانێی بونیادنەرانە (هاکا، ڕوویدا، یان قەوما) Over shadowing conflict

کاتێ باسی ململانێی شانۆیی بێتە ناو باسانەوە، ئەبێت باسی توانای بەرەنگاربوونەوە، یان ئیرادە بکرێت، گەر هەرلایەنێك لە لایەنی ململانێ توانای خۆڕاگری و ورە و هێز و بە خود دا ڕاپەرموونی نەبێت، ململانێ نایەتەدی.

پاڵەوانی تراژیدیا بە چەمکە کلاسیکییەکەی، هێندە ئیرادەی هەیە و دەشزانێ ئاکامی بەرەنگاربوونەوەکەی مەرگ و تێکشکاندنە، بەڵام کۆمەڵە هۆکارێکی پەروەردەبوون و بایەخەکانی و نەفس بەرزی

ڕێگای هەڵهاتن و ساردبوونەوەی پێ نادات. ئەمە ئیرادەیە (ئەفگینیا) لە شانۆیی (ئەفگینیا لە ئۆلیس)ی (یورپیدس) کچۆڵەیەکی ژیکاڵەی وا لە پێناوی سەر بەرزیی و سەرکەوتنی گەلەکەیدا و نەشکاندنی قسەی باوکی و خواستی خواوەند، بەرەو مەرگ ئەبێتەوە ئەمە توانا بەرزیی پاڵەوانی پێ ئەڵێن، کە ئەبێتە هۆی بە هێزکردنی گیانی ململانێ و لەهەمان کاتدا تامەزرۆکردنی زیاتری بینەران.

(د.رشاد رتدی) لە کتێبەکەیدا (نظرية الدراما من ارسطو الى الآن)، جەخت لەسەر مەرجی بوونی ئیرادە ئەکات و دەڵێ بەبێ ئەو هیچ جۆرە ململانێیەکی شانۆیی نابێت.

(یاسای ململانێی درامی وەك ئەوەی هیگڵ و برونتێر پێناسەیان کردووە، بەکاربردنی ئیرادە دوپات دەکەنەوە، برونتێر داوای ئەوە دەکات کە ئیرادە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو تێبکۆشێت وەك مەرجی سەرەکی ڕوودانی کێشەو ململانێی درامی). (٤٢)

سەبارەت بە بەهای (ململانێ)، گەلێك لە زانایان و توێژەرەوان و ڕەخنەگران بە هەمەجۆر و لەهەمە ڕوانگەوە باسیان لێوە کردووە و پێناسەیان کردووە. بۆ نموونە، لە دیدی زانایانی دەروون ناسییەوە و لەڕووی سایکۆلۆجییەوە، ململانێ: (حاڵەتێکی گرژیی ویژدانییە، کە سۆز لەتەك بارودۆخێکدا ناکۆك ئەبێت...). (٤٣) لەسەر هەمان بابەت و لایەن، (فاخر عاقل) پێی وایە: (چاوگەکانی ململانێ، بریتییە لە: هاندەرە ناکۆکەکانە لەنێوان ئارەزووەکان و مەیل کێشەکان،

یان خەوشە کەسایەتییە، لە کەم ئەندامییەوە، یان کەم توانایی، یان نەگونجان لەتەك خەڵکیدا، هەروەها هۆکارەکانی دەورووبەرە لە دابونەریت و ڕەسم و یاساکان، یان ئەوەتا بەهۆی بارودۆخی نا لەبارو تەنگ پێ هەڵچوونەوەیە، لە ڕەشە ساڵی و کارەسات و دەردو بەڵاوە...). (٤٤) ئەوەی بەرامبەر ململانێ ئەبێتەوە هەر تواناو خۆڕاگرییە، بۆ برەو بە ململانێ شکۆ پێدان و بەردەوام بوونی.

## بەهای ململانێ لە (کورسی)دا:

لەنێوان سەربووردە و بینراوەکانی چامەی (کورسی)دا، پتر لە (٢٨) کەسایەتی ئەژێ، ئەبینرێن و هەڵوێست و ڕەفتاریان هەیە، جگە لەو (٢٨) کەسە، ناوی کەسانی تر ئەبرێن، وەك ئەحمەد موختار جاف، مەولەوی، بێکەس، ڕەشۆڵ و سەعید دارتاش، ماه شەرف خانمی ئەردەڵانی و هاوسەرەکەی، وەك (ئەدمۆنز) حاکمی بەریتانیو...

ئەو (٢٨) کەسە، هەر هەموویان خۆزگەو ئاواتیان هەبووە، هەر هەموویان چەرمەسەری و کڵۆڵییان دیوە، هەر هەموویان گرفتارو ئاڵودەی جۆرە ئەڤینێك بوون، نەهامەتی و نەهاتی و دەربەدەری و.... کەواتە دژە لایەنێ هەبووە، هەر هەموویانی لە لایەنێکا یەکانگیر کردووە، هەموویانی بە میوانی بینراوەکانی کورسی کردووە. کێشەیەکی سەرەکی لە ئارادایە، بەڵام هەزار و یەك تەگەرەی

داگیرکەران و داپڵۆسێنەرانی لەبەردەما قوت بۆتەوە. ئەپرسم: کێ ئەمانەی بەو مەرەیە بردووە، کێ یەکانگیری کردوون؟ لە وەڵامدا ئەڵێم: ئەولایەنەی تووشی ململانێی دەرەوەو ناوەوەی کردوون، دوژمنە و داگیرکەرە.

## کورسی و کوێرەوەرییەکانی:

**(( لەو وەختەوە لە شاردایە هەزاران کەسی ناسیوە**
**چەند گۆڵمەزو چەند ئاشوب و چەند دوکان و**
**چەند ماڵان و چەند گەردەلوولی زەمان و**
**گێرمەو کێشەی ڕەنگ و دەنگ و**
**هەڵگرتن و داگرتن و چەند ئاشێو و**
**دەرکردن و فڕێدانی دنیای دیوە!**
**لە شەوێکی سپی و کپی زستاندابوو**
**کورسی غەمگین گێڕایەوە:**
**من ڕۆژگاری بنە تۆوی و زۆر ساوایی خۆمم بیرنییە!**
**بۆ نەژادی هەرە دووریش ڕەنگە باهۆزی سەرخێڵ و**
**یان شەپۆلی گەورەی چەمێ نەنکە هەرە**
**دوورەکەم و یان لە ئەسڵا هەر گڵمتکی پەنا بەردێ**
**یەکەم کەسی مێژووەکەم بێ!**
**بەڵام کاتێ نەو نەمامیم**
**دوو یادگار وەك دوو هۆرم**

**له هەناوی ئاوێنەکانی خەیاڵما ماونەتەوە و لە یاد ناچن.**
**زۆر باریك بووم، لاواز لاواز**
**(با)یەکی خوێری ناو کەندێ قژ پوشاوی**
**دەنگ زیقەڵە، (با)یەکی حیز**
**کە لەبەر دووکەڵی جگەرەی دارکەنێکا هەڵئەهات**
**نەی ئەوێرا نزیکی ئەو سەر دەربێنێ**
**کەچی بە من وا فێر بوو بوو**
**هەموو جارێ، لە ملەوە ئەیگرتم و**
**بەجۆرێ ئەیچەماندمەوە**
**تا سەرم بەر عەرد نەکەوێ**
**دەست هەڵنەگرێ!**
**من دڵڕەقی ئەو (با) خوێڕیو ترسنۆکەم**
**قەت بیرناچێ)). (٤٥)**

ئەوە سەرەتاو سەربووردەی ڕۆژانی پڕ مەینەتی گەواهی ڕۆژگارو بیرەوەرییەکانە، کە ئاوێنەی هەستی خودی شاعیرە. کە ئەڵێم شاعیر، یان خاوەنی چامە، ڕووبەڕووی گەورەترین ململانێ بۆتەوە و هەر هەموو ژیانی لەگەڵ ململانێ سەختەکاندا هەڵکردووە و بەرێدا هاتووە بەتایبەت ململانێی سیاسی، جگە لە خودی خۆی، هەر لە تەمەنی منالییەوە گەلێك لە سزا سیاسییەکانی (بێکەس)ی باوکی ئەمیشی گرتۆتەوە، لە گرتن و دەربەدەری و لە کار دەرکردن و نان بڕانی...

هەر هەمووی لە بونیادی (شێرکۆ)ی منداڵ و مێرد منداڵ و گەنجا خۆی نواندووە سزای و چەوسانەوەی سەردەمەکەی و ئازارەکانی، کورد واتەنی: (بە شیرەوە خواردوویەتی).

هەر هاو چامەکەی شاعیر ئەو کەسانەی بەسەر کردۆتەوە کە لە دوو خاڵی بەرزە هەستیدان، ڕووبەڕوو بوونەوە ئازایانەکەی (بێکەس)و شەشی ئەیلولی ڕەش (شەڕی بەر دەرکی سەرا) بەسەر ئەکاتەوە. ئەوجۆرە بەسەرکردنەوەیە، لەو جۆرەیە بنج و بناوان و زنجیرە بەندیی کاتەکانی پێ ئەبەخشێ:

**((بەڵام ئەمەوێ لێرەدا بووەستم و**

**بگەڕێمەوە بۆ دواوە،**

**بۆ شەڕی بەر دەرکی سەرا....)). (٤٦)**

شەشی ئەیلول، ئەو ڕووداوە خوێناوییەی، لە ویژدانی زیندووااندا زیندووە، ئەو بەرەنگاربوونەوەی، پیرەمێرد و گۆران و پاشان کامل ژیری هەژاند، ئەوا لای شاعیرمان جارێکی تر بە ڕووخسارێکی ترەوە دێتەوە بوون، ئەمە بەڵگەیەکی سەختی ململانێیە، هەرچۆن لە شوێنێکی تردا، شاکارە ئازاکەی (بێکەس)، شیعری بیست و حەوت ساڵە نەمرەکەی، کاتێ لە سەیرانی مامەیارە بە ڕووی (ئەدمۆنس)دا تەقییەوە:

**((بەڵام نەورۆزێکی تریان**

**وەختێ سەر کەوتە سەرەوە سەرم سوڕما**

کورسیم ئەبینی غەریب بوون بە بینینم
دەوڵەمەند و لوت بەرز و
تاك و تەرایش شەپقە لەسەر
ئەو نەورۆزەیان زۆر ترسام
ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزین، نەفەسم تەنگ
دەمم وشك و جومگەکانم قرچە قرچیان پێ کەوتبوو
دانیشتووی سەر من (بێکەس)بوو
زۆر قورسیش بوو، لەشم نیشتبووە سەر ئارەق
بەوەی باش بوو، لە گوێژەوە سۆسەیەك هات
گەیشتە لام. باوەشێنێکی کردم و،
وەکوو جارانی دارستان
بۆ تاوێ فێنك بوومەوە
هەر ئەوەندەی سۆسە ڕۆیشت و لە پڕێکدا
(بێکەس) هەستا، جومگەکانم وتیان ئۆخەی.
بێکەس بەرەو ڕیزی یەکەم هەنگاوی نا.
دوو شەقاو لەولای منەوە، بوو بە باڵای
کڵپەیەك و پەنجەکانیشی بە پشکۆ
ڕێك بەرامبەر مستەر ئەدمۆنس
(بیست و حەوت ساڵە)ی خوێندەوە
دەنگی هەڵچووی بوو بە تۆفان

وشەکانیش بە مەشخەڵان
چاوم لێ بوو مستەر ئەدمۆنس
بوو بە کیسەڵ
ملی بردەوە قاوغ و
ڕەنگی نەماو دەنگی نەما.
ترسام ترسام ئێجگار ترسام
وتم ئێستا لەبەر ئەوەی کورسی ئەوم
تەورو پۆلیس دێنە سەرم
لە بنەوە دەستەکانم هەڵئەکێشن و
قاچەکانم ئەبڕنەوە، ئەمخەنە ناو ئاگرەکەوە!
بەڵام باش بوو هیچ ڕووینەدا
وەکوو پشیلەیەك توڕە، مستەر ئەدمۆنس
یەك دوو مڕەمڕی کردوو
لە گردەکە چووە خوارێ
هیچ ڕووینەدا، هێندە نەبێ وەختێ هەستان
کورسی ئەدمۆنس لە داخاندا
شەقێکی توندی تێهەڵدام
لەپەو ڕوو کەوتم بەدەمداو
دوو دانی پێشەوەم شکا!
سەر گرد چۆڵ بوو

**تەنها کورسییەکان مانەوە و**
**بەلاَم ئاگریش هەر ئەسووتا**
**لەو ساتەدا لەکەلی وێڵەدەرەوە**
**(با)یەکی قژ سوور گەیشتە گردی یارە**
**هەڵۆیەك لەسەر شانی بوو ئەتوت بەفرە**
**باڵی بەرین، چاو ئەستێرە**
**بەدەوری سەری یارەدا، سووڕانەوە**
**ئاگرەکەیان خۆشتر کردوو**
**لەسەر خۆ هاتنە خوارەوە**
**(با) قژی خۆی تێئالاَنم و**
**لەسەر عەرد هەڵی گرتمەوە.**
**هەڵۆ لەسەرم نیشتەوەو ماچی کردم**
**پێشی وتم: خەمت نەبێ**
**بەدوای مندا باهۆزێ دێ**
**کورسی ئەدمۆنس هەڵئەگرێت و**
**ئەیڕفێنێ و ئەیڕفێنێ و**
**هەتا (جەبەل حەمرین) ئەیبا**
**خەمت نەبێ**
**لەو کورسییانەی ئەدمۆنس ناژین**
**شیعری ئازاو کورسی بێکەس هەر ئەمێنێ**

**به بێکەس مەڵێن بەهارە**
**ئەو نایەوێ جوانی بە دیلی ببینێ**
**بە بێکەس مەڵێن وا گوڵ هات**
**پێشی مەڵێن نێرگزەجاڕ پێئەکەنێ**
**ئەو نایەوێ گوڵ لەناو ژووری کوێرێتی و**
**نێرگزەجاڕیش بێ ئاسمان**
**قەت ببینێ**
**ئەو ئەیەوێ سەمای گوڵ و**
**سەمای ئازادی و دڵی خۆی**
**لەیەك ئاسۆدا ببینێ!.)). (٤٧)**

لەم بەشەی چامەکەدا، تەنها گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی نییە. بەڵکو گەلێ شتی لەخۆ گرتووە، بەر لەهەموو شتێ، شیعری (بیست و حەوت ساڵە)ی (بێکەس)، واتە شیعرە ئازاکە، وەك شاعیر ناوی ئەبات، باسی ژێر دەستەیی و ڕەنجەڕۆیی و کڵۆڵی گەلی کورد ئەکات، باس لە جەوری داگیرکەر ئەکات، کە (ئەدمۆنس) هێمای ئەو داگیر کەرەیە.

شیعری (بیست و حەوت ساڵە) بۆتە هەوێنی چامەیەکی سەربەخۆ کە تایبەتمەندێتی و یەکەکانی خۆی هەیە، یەکەی بابەت و بونیاد و دارشتن، لەهەمان کاتدا نەك بینراوێ، بەڵکو شانۆییەك، بە سەرەتاو ناوەندە کۆتاییەوە لە پوختەکەیدا، ئەو ململانێ بە هێزە ئەنوێنێ، لە

لایەکەوە داگیرکەرو بەرامبەری گەلێکی داگیرکراو، بەرەنگاربوونەوەیەك شۆڕشی خوێناوی بەدەمەوەیە. بیری ئازادی و کۆتایی هێنان بە ژێردەستی و چەوسانەوە، شۆڕش و هەستانەوە:

**( (با)یەکی قژ سوور گەیشتە گردی یارە...)** بۆ هێنانەدی خەونە جوانەکەی (بێکەس):

**(ئەو نایەوێ جوانی بە دیلی ببینێ............ سەماو ئازادی و دڵی خۆی لە ئاسۆدا ببینێ........)**

**هێنانەدی ئەو سبەینێ جوانە..... سبەینێی سەرفرازی و ئازادی**

بەڕای من ئەم بەشە لەناو چامەکەدا بەسەر تۆپی ئەبینم و ترۆپکی جوانی بەژنە شیعرییەکەیە و پتر لەهەموو بەهایە دەرخەری خەستی ململانێکەیە.

شاعیر بۆ چەند جارێ جەخت لەسەر ڕاپەڕین و شۆڕش ئەکات هەرچۆن بڕبڕەی پشتی بونیادەکەیەتی. ئەوەتا جارێکی تر لەسەر (شەشی ئەیلوول)ی خوێناوی ئەڕوات:

**((ڕۆژی شەشەم بەیانی بوو**
**جادە و بازاڕ و قەیسەری**
**چرپە چرپێکی سووربایان تیا تەنییەوە**
**باڵی چرپە سات لە دوای سات گەورە ئەبوو**
**با ئەیبرد و گڤەی هەواڵ هەتا ئەهات**
**بەرینتر ئەبوو.**

**یەکەمجاربوو لە ئەشکەوتەوە هاوار و**
**لە شاخەوە، لە خێڵی ئەسپەکانەوە**
**ئازادی بێتە خوارەوە...........)). (٤٨)**

بەهای ململانێ و هێزی بەهاکە لەوەدایە کە پتر لە خاکە ساریی و کلۆڵی گەلەکەدا لە خەمەکانی کورسی و چەرمەسەریی و ئازاردانەکاندا خۆی ئەنوێنێ. بۆیە لە خەم و ئازارەکاندا زەبری زۆرداری و داگیرکەر و ڕیسوا بوونیان ئەخوێنینەوە. لە بەدەنگ هاتنی کەسانێك بۆ داکۆکی لە ماف و بوونی کورد:-

**((کورسییەکەی سەر پەڕ! باشە تۆ پێت وایە کورسییەکانی دنیا ئاگایان لە کورسی کورد زمان بێت؟!**

**کورسییەکە: هەموویان نا. بەڵام کورسییە**
**باشە ئینسانییەکان بۆنا؟!....)). (٤٩)**

تا بەهای ململانێ سەخت و دژواربێ، دراماکە بەهێزترو کاریگەرتر ئەبێ و ئەبێتە مایەی پەرۆشی و خولیای بینەران. مەبەستیشم لەم هێنانەوەیە بۆ بەها گەرمی ئەم کارەیە کە گیانێکی زیندووی بەهای ململانێی تیادا چەسپە و، لەتەك هەر کۆپلە، یان بینراوە شیعرییەکدا ئەژی و ئەڵا: با کۆتایی بە ژێردەستیی بێنین و خۆری ئازادی هەڵ بێت، کەممان بەختبوون نەداوە.

## تەكنيك – يەكەكان

چیرۆكەكان و سەرجەم ڕووداوەكان و كەسەكانی ناو چامە والآی (كورسی) لە كانگای ژیانەوە هەڵهێنجراون، ژیان بە كات و شوێن و بەسەر هاتەكانەوە. لێرەدا لە بەهای یەكەكانەوە ئەدوێین و، بە پێی پێداویستی توێژینەوەكەمان. هەرچۆن توێژینەوەیەكی بنیادنراو لەسەر زەمینەی دەق، وەك كارێكی پراكتیكی، یان بڵێین توێژینەوەیەكی پراكتیكی (Practical study)، نموونە لە یەكەكان ئەهێنینەوە.

ڕاستە ئەم چامەیە، نەك شانۆیی، بەڵام كۆمەڵە بینراوێكی شانۆیی تیادا ئەژی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەو گیانە شانۆییەش كە كرۆكی بابەتەكەمانە، دەبێ بە هەبوونی بەها دراميیەكان، ڕاستی مەبەستەكەمان بسەلمێنین.

مەبەست لە یەكەكان، یەكەی بابەت و كات و ڕووداوە. ئەم یەكانەش هەمەجۆر بۆچوون و لێكدانەوەیان هەیە. هەندێك جەخت لەسەر یەك یەكە، یان دوو یەكە دەكەن و، هەشە هەرسێكیان بە مەرج دائەنێ. كۆنترین سەرچاوەیەك، كە ئەم یەكانەی بە مەرج هێناوەتەوە (ئەرستۆ)یە، لە كاتێكدا كە پێناسەی (تراژیدیا) ئەكات:

(تراژیدیا گێڕانەوەی مەزنە فرمانێكی تەواوە، درێژییەكی دیاریكراوی هەیە و بە زمانێكی ڕازاوەی جوان داڕێژراوە، ئەم گێڕانەوەیەش لە

ڕێگەی کەسانێکەوە بەرجەستە دەکرێت، نەك بەهۆی گێڕانەوەوە، ئاکام ترس و بەزەیی ئەبزوێنی و ئەبێتە مایەی پاکژبوونەوە)٠ (٥٠)

ئەڵێ: تراژیدیا مەزنە فرمانێکی تەواوی هەیە٠ مەبەست لە مەزنە فرمان، پەیوەستە بە مەزنە مرۆڤانەو لە مەزنییەکەدا تایبەتمەندی تیادایەو، لە فرمانێکی تەواویش، مەبەست لە فرمانێکی تەواو، ئەو فرمانەیە سەرەتاو ناوەند و کۆتایی هەبێ٠ واتە درێژییەتی گونجاو، هێندەی بابەت و بەسەرهاتەکە بێ٠ بنەمای سەرەکی ئەم پێناسەیە، بۆ لایەنی مەنتیقییەتی شتەکان ئەگەڕێتەوە، کە هەر شتە بەپێی پێداویستییەکەی، ئەوی دی بەدوای خۆیدا ئەهێنێ٠

یەکەی فرمان، ئەوە ئەگەیەنێ، فرمانی لێوەکەوتوو، یان لاوەکی، نەبێتە مایەی وەلاوەنانی فرمانی سەرەکی، کە پابەندی کێشە سەرەکییەکەو کرداری پاڵەوانە سەرەکییەکەیە٠ فرمانی سەرەکی، یان یەکەی فرمانی سەرەکی، ئەو هێڵە ڕووداوەیە کە هۆکاری ڕاکێشانی سەرەکی بینەرو لەهەمان کاتدا، دەسەڵاتداریی بەسەر کاری ئەو سەرنج ڕاکێشانەوە بە درێژایی نواندنەکە٠ هەر لە خودی ئەو فرمان و سەرنج ڕاکێشانەوەیەوە، کە توخمە گرژییەکی پێوەیە، گرژییەکی سەرەکی، ئەو سەرەکییەش توخمە گرژییەکی ناوەندی پێوەیە، لە ڕێگای ئەو توخمە زادانەوە شانۆییەکە ئەگاتە ئاکام٠

(بۆ نموونە لە شانۆیی (هاملێت)دا : ئایە بۆ جارێکیتر تارماییەکە دەرئەکەوێتەوە؟ پاشان: ئایە بۆ هاملێت دەرئەکەوێتەوە؟ هەروەها،

کاتێ دەر ئەکەوێتەوە، چی ئەڵێ؟ پاشان ئێمەش لەتەك هاملێت دا گوێ بیستی ئەوەبووین کە پیرەکە ئەیێ، ئیدی هێمای تۆڵە سەندنەوە گەوهەرینەکە دیاری ئەدات، ئەو تۆڵە سەندنەی بە شانۆییەکەوە بەندە زەق ئەبێ و دەرئەکەوێ، واتە: ئایە هاملێت لە تۆڵە کردنەوەکەیدا سەرکەوتوو ئەبێ؟ تەنها ئەو دەمە هەست بەجۆری ئەو کەوانە سەرەکییە ئەکەین، کە توخمە گرژییە ناوەندییەکانی لەسەر بەند ئەبێ، ئەو توخمانەی ئەبنە مایەی پاراستنی سەرنجدان بە فرمانەکە).(٥١)

لە بینراوی سەرەتاییەوە، کۆمەڵە کەرەستەیەك و خولقانی کەشێکی تایبەتی چەکەرەی بابەتەکەو فرمانەکە لە بیری بینەردا سەوز ئەکات و بە هێڵی ڕووداوە سەرەکییەکەوەی دەبەستێ و تاو بە تاو گیانی بزواندن و سەرنج ڕاکێشان بەهێزتر دەکات، گریمان بە ساتێکیش لەو ڕاکێشانە لابدات و یان بێهێزبێ ئەوا فرمانە شانۆییەکە، خۆی لە دەست ئەدات و، شانۆییەکەش، بە شێوەیەکی گشتی تووشی ڕمان ئەبێ .

لەتەك بوونی یەکەی فرمان، یەکەی کات هەیە، ئەمەش بە پێی بۆچوونی کێسیزمەکان، دەبوو سەرجەم ڕووداوە شانۆییەکە لە خولەخۆرێکا دەست پێ بکات و کۆتایی پێی بێت، یان بڵێین دەبوو لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا کۆتایی پێ بێت.

هەروەها هەبوونی یەکەی شوێن، کە نەدەبوو لە سنووری شارو شوێنێ بترازێ و ئەم شارو ئەو شار بکات، کەواتە ئەم یەکانە وەك

یەکەی بابەت و فرمان و شوێن و کات، بە مەرج دائەنران، بەڵام لە شانۆی پاش ئەو قۆناغەدا، چ لەلای رۆمانسیزمەکان و ریالیزمییەکان، وەك وەلاوەنراو گوێی پێنەدرا.

لە (معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية)دا، بەم شێوەیە لێوەی دواوە: (( سێ یەکەکە (UNITIES): رەخنەگری ئیتاڵی (لۆد فیکۆ کاستلفترۆ – ١٥٠٥- ١٥٧١)، کە کتێبی (هونەری شیعر)ی (ئەرستۆ)ی وەرگێڕاوە، دوانێکی دوور و درێژی، لەسەر پابەندبوون بە سێ یەکەکەوە، هەرچۆن بنەما سەرەکییەکان، لەتەك بنەماکانی دیدا، بۆ نووسینی درامایەکی تەواوەتی، ئەبێ پەیڕەو بکرێ.

ئەم یەکانە وەك وەسیەتی ئەرستۆیە بۆ پابەندبوونی شانۆ نووسان و رەخنەگرانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە فەرەنسا و چ لەو وڵاتانەی کەوتبوونە سای کاریگەرێتی کلاسیزمی نوێوە.

## ئەمەش ئەو یەکانەیە:

١. یەکەی رووداو: (ئەرستۆ) لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) بە راشکاوی بە مەرجی کردووە. ئاماژەی بەوە کردووە، کە دەبێت تراژیدیا چارەسەری یەك رووداو بکات، کە درێژییەکی دیاریکراوی هەیە، سەرەتاو ناوەند و کۆتایی هەیە.

٢. یەکەی کات: دەبێت رووداوە شانۆییە+کە لەنێوان یەك خولەکە خۆردا تەواو بێت، یان کەمێك لەوە پتربێ. هەندێ لە لێکدەرەوەکان

به بیست و چوار کاتژمێریان دەستنیشان کردووە. هەندێکی تریش به دوانزه کاتژمێریان دیاری کردووە... هتد. ئەوەی جێگای سەرنجە، (ئەرستۆ) له ئاماژەکەیدا بۆ کات، ئیستەرەمی پەیوەست پێوەبوونی نەکردووە.

.٣ یەکەی شوێن: ئەبێت ڕووداوه شانۆییەکه لەیەك شوێندا بێ، یان چەند شوێنێ لەیەك شاردا، ئەوەی زانراوە، چ کاتێ (ئەرستۆ) ئاماژەی بۆ نەکردووە.

بەڵام لێکدەرەوەکانی، ئەوانەی پابەندی یەکەی کات بوون، هەر ئەوانە به مەرجیان داناوە، که ئەبێ پابەندی یەکەی شوێن ببێ. (بێگومان بزافی ڕۆمانسیزم له دراما‌دا دژ به بوونی یەکەکان وەستا، هەرچۆن بەگژ یاسا کلاسیزمەکانی تردا چوویەوە.) (٥٢)

باسکردنمان له یەکەکان و بوونیان و، بوونیان به مەرجی شانۆیی، ئەمە تەنها بۆ بەسەر کردنەوەی لایەنێکی تەکنیکییەو تایبەته به سەردەمانێکەوە، که ئەبوو پابەندیبن، لای شانۆیی دێرین و کلاسیزمە نوێیەکان، بەڵام هەر له ڕۆژانی، سەر هەڵدانی ڕێبازی (ڕۆمانسیزم)ەوە هەڵوەشایەوە، هەرچۆن خودی ئەم ڕێبازەی ڕەتکردنەوە و بەر پەرچدانەوەی پێش خۆی بوو.

(ڕۆمانسیزم (Romanicism) بازنەیەکی گرنگه لەو زنجیرە ئەزموونه مەزنەی کاروانی ژیانی مرۆڤ به خۆیەوە دیوە. شوێنێکی بەربێو و سنوور نەناسە، گشت لایەنێکی ژیانی گرتەوە و، پەرچ

کردارو ڕەنگدانەوەی بە شوێنێکی تایبەتییەوە نەگیرسایەوە.

ئەدەب و هونەر ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانەکەیەتی، ئەو پەیوەندییەش، خاوەنی یاسا تایبەتییەکانییەتی، کە لە جۆرە پەیوەندییەکانی دی جویێی دەکاتەوە. قوتابخانە هونەرییەکان، بە دەنگەوە هاتنی پێداویستییە جوانکارییەکانە، لە بوونێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، کەواتە بوون و لەدایکبوونی قوتابخانەو ڕێبازەکان بریتییە لەکاری بە دەنگەوەهاتنی باری پەرەسەندنی کۆمەڵگاکەو پێویستییەکی گیانیی و ئایدۆلۆژی و جوانکارییە، یان هەڵوێستێکی پێویستە، بۆ بەردەم باری ژیانەکە. دەستنیشانی حەقیقەتەکانی بوونی کۆمەڵایەتی دەکات و، لێکدانەوەی بوون و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایە. بارێکی ئابووری چینێکی هێنایە پێشەوەو، بووە مایەی شۆڕشێك لە پای بەدەستهێنانی گۆڕانکارییەکاندا). (٥٣)

ڕاستە لە مێژە یەکەکان، بەو توندە مەرجییە نەمان، من بەش بە حاڵی خۆم تەنها یەکەی بایەت نەبێ، چ کاتێ گوێم بە بوونی یەکەی کات و یەکەی شوێن نەداوە. بە پێی سەردەمەکان، هەرچۆن هەموو شتەکان جێگرەوەیان بۆ پەیدائەبێت و، هەمەجۆر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەبێ ئەو لایەنانە نابێت هەر ڕووداوێ بگری، کات وادەی خۆی هەیە، شوێن و پێگەی گەرەکە و، دەنا ناتوانێت ئەرك و مەبەست بنوێنێت و بگەیەنێت.

## یەکەکان و کورسی:

لەبارەی بوونی یەکەکانەوە لەم کارەدا، شاعیر مەبەستی ئەو پەیوەست بوونە نییە ببێتە مەرج. شاعیر وەك خودی خۆی و وەك دروستکراوەکەی، یان دەم ڕاستەکەی و، گەواهە گەڕۆك و زیندووەکەی، کە (کورسی)یە، گشت شتەکانی بە کات و ڕووداو و شوێنەوە لەخۆ گرتووە.

کورسی لە لەدایکبوونییەوە، لەو دەمەوەی ڕەچەڵەك و نەژاد و باوانی بەسەر ئەکاتەوە:

**(( بەڕەچەڵەك**

**کوڕی کوڕی**

**دارگوێزێکی نەقشبەندیی بەناوبانگی هەورامانە**

**باپیرەگەورەی وەختی خۆی**

**پەیکەرتاشی سەر تەختەبوو**

**هێندەی باران دەست ڕەنگین و**

**..........................................)). (٥٤)**

هەر ئەم کورسییە بە چەندین وێستگەدا ڕائەبووریٚ، لێرەدا بە نموونە هەندێکیان بەسەر ئەکەینەوە، کە ئامازە بۆ ڕۆژ و کات ئەکات:

**((شانۆ هات و شانۆ ڕۆیشت و**

**کورسی هات و کورسی ڕۆیشت و**
**منیش هەروا پەرەوازە!)) (٥٥)**
**((ڕۆژ هات و چوو**
**بەڵام حوزەیران قەت نەچوو**
**ئەو ڕۆژانە بۆنی خوێن هێشتا لە شاردا هەر ئەگەڕا**
**تاعوونەکان، دوو دوو سێ سێ، لە دوو ڕیان و**
**سەر سووچ و گۆڕەپانە گەورەکاندا ڕاوەستابوون.**
**بەیانییەك سەعات یانزە.......................)). (٥٦)**
**لە نموونەیەکی دیدا گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی گەنجێتی:**
**((من لەسەر شانی حەماڵ و بە شەقامی (مەولەوی )دا**
**شۆڕبووینەوە. لە بەردەمی چایخانەکەی (مامساڵح)دا**
**گەنج بوومەوەو چاوەکانم ڕوون بوونەوە. وەختێ سێ**
**کورسی هاوڕێی دێرینی خۆم بەدی کردو ناسیمنەوە**
**سێ لاوی زۆر قۆز لەسەریان دانیشتبوون: قادر دیلان و**
**فەرەیدون عەلی ئەمین و ئەنوەر ئەدهەم!)) (٥٧)**

هەمان کاتەو ئاماژەش بۆ بەردەوامی ئەکات و لەهەمان کاتدا هەڵوێستەیەك و جارێکی دی گەڕانەوە بۆ دواوە:

**((مەزات هات و مەزات ڕۆیشت و پیری هات و گەنجی ڕۆیشت و**
**منیش لەناو ئاپوورەی شڕکەو پڕکەدا و لە بازاڕێکی**
**بێگوێدا خۆم بینییەوە و چاوەڕێی چارەنووس بووم**

**بەڵام ئەمەوێ لێرەدا بووەستم و**

**بگەڕێمەوە بۆ دواوە،**

**بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا.)) (٥٨)**

بۆ جارێکی دی جەخت لەسەر کات ئەکات:

**((ڕۆژێکی تر، نیوەڕۆیەك، هەروا بۆ چەند دەقیقەیەك**

**تەختەکانم ئارامیان لەبەر هەڵگیرا، هەر ئەوەنەبوو**

**لە بزمار یاخی نەبن و هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵنەیەن و**

**هەڕانەکەن. هەروا بۆ چەند دەقیقەیەك بە کراسێکی**

**جاوەوە، سالە شێتم لەسەر دانیشت. بەردێك لەناو**

**قولی مشتیا. بەڵام دوایی بەوەی باش بوو لە پڕێکدا**

**هەستاو ڕۆیشت و چایەکەیشی تەواونەکردا!**

**ئا بەمجۆرە**

**کورسی ڕۆیشت و کورسی هات و**

**شێت ئەڕۆیشت و شێت ئەهات و**

**جارێکیتر بیرم نایە لێرەبوو یان لەناو بازاڕ.**

**ئێوارەبوو، .........................................)(٥٩)**

هەر لە بواری بەسەرکردنەوەی یادەوەرییەکانی (کورسی)دا ڕۆژێکی دی بەسەر ئەکاتەوە:

**((ڕۆژێکی تر، دڵم پڕبوو، هەرچەند ویستم خۆم ڕاگرم**

**بەڵام بەڕاستی نەمتوانی و ئەوسا دامە پرمەی گریان.)) (٦٠)**

هەرچۆن شاعیر لەسەرەتاوە، بە سەرەتاو لەدایکبوونی کورسی دەستی بەچامە والآکە کردووە، پاش ئەو گەشت و گەڕانە، دەیگەیەنێتە ئاکام و کۆتایی پێ دێت، بەڵا لە کۆتاییدا بابەتێکی گەورەی بزوێنەرتر ئەکاتە قفڵ و بەڵام بە ڕووی کارەساتێکی گەورەدا والآی ئەکاتەوە ئەویش: ڕاگوێزی، ئەنفال، جینۆساید.................... :

**((هەر ئەو ڕۆژە چوومە بەردەم چایخانەکە، چاوم گێڕا، کورسی تازەی زۆرم بینی بەڵام کورسییەکەم دیارنەبوو. سۆراخم کرد. شڵەژابووم دەرگای چایخانەکە وتی: تۆ بەشوێن کێدا ئەگەڕێی؟! وتم بەشوێن کورسییەکی ئالەو جۆرە و قەنەفەیەکی**

**عوسمانی و، کورسییەکی خەڵکی سنەو نایانبینم. وتی کاکە تۆ ئەڵێی چی؟!**

**لە گوێی کام گادا نوستبووی. زۆر دەمێکە، هەشتاکان بوو، وەستا ئەو کورسییە و کورسییەکی تر و قەنەفەیەکی عوسمانی، بەخشی بە ئاوەڵ زاواکەی خەڵکی دەوروبەری کفری.**

**بەداخەوە جارێکیتر ئەو کورسییانە و قەنەفەکە بە دووچاو نابینیتەوە! بەداخەوە ئەوانیش لەگەڵ مام وەیس و میمکە خەجێ و، ئاوەڵ زاواو، گۆرانییەکی عەلی مەردان و جامانەکەی خودادادعەلی و چاکەتێکی (ئەسیری)دا. دوور دوور، دوور دوور، سەربەرەوخوار هەموو بران، ئەنفالکران!)) (٦١)**

هەر هەموو ڕووداوەکان لەنێوانی سەردەمێکدان، کە لە حەفتا

ساڵێك پتر نابێت، له نێوانی شەڕی بەردەرکی سەرا و تا کۆتایی هەشتاکان که کۆتایی قۆناغی یەکەمی سەربووردەی کورسییە٠ هەر هەموو کەسەکانیش له ژیاندا نەماون٠

شاعیر، سەبارەت به چامەکه و دەستنیشان کردنی سەردەم و شوێن و ڕووداو، له (وتەیەکی پێویست)ی سەرەتای چاپکراوەکەدا ئەڵێ:

**((بەڕێزینه!**

**زاکیرەی ناو ئەم بەرهەمه، سەردی شیعری و هونەری**

**ناو ئەم تێکسته، تەوەرەکەی شاری سلێمانییه، به واتایەکی تر، چەند جومگەیەکی پێکهاتەی مێژوویی ئەم شارەیه، یان یادەوەری و ئاوێتەکانی ژیانی خۆمن، ئاشکرایه شوێن و ناو له تەواوی بەرهەکانی مندا ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووه.)) (٦٢)**

له توێژینەوەی ئەم لایەنەدا، ئەوەمان دەستکەوت:-

٠١ شوێن: یەك شوێنه، شاری سلێمانییه و پەیوەسته بەیەکەی شوێنەوه٠

٠٢ کات: یەك سەردەمه، سەرەتاو کۆتایی هەیه و لێی ناترازێ٠ تەنها مەگەر (کاوەی ئاسنگەر) نەبێت که هێناویەتییەوه ئەویش نەك گەڕانەوه، بەڵکو هاتنەوەیه بۆ ناو سەردەمەکه٠ بەختبووی کوردایەتی (مامەڕیشه) مەشقی هەڵپەڕکێی ئەمڕۆی دا ئەدات:

**((له (تووی مەلیك) پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر به خۆی و**

**چەکوش و بەرکۆشەکەیەوە لەسەر سەکۆکەی هاتبووە خوارەوە و لەناو خەڵکەکەدا هەڵئەپەڕی. بەڵام لە هەڵپەڕکێی ئێستای کوردی نە ئەزانی و، مامە ڕیشە چووبووە دەستییەوە و فێری ئەکرد چۆن هەڵپەڕێ.)) (٦٣)**

ئەم جۆرە هێنانەوەیە، واتایەکی بەرفراوانی هەیە و ئەفراندنێکی نوێیە، لەهەمان کاتدا هێما کارییەکی جوان و شۆڕشگێڕانەی هەیە، بەڕای من شایستە پتر لەسەر دوان و ڕاوەستانی هەیە.

٠٣ ڕووداو: سەرجەم ڕووداوەکان لەیەك بازنەدا خول ئەخۆن و شاعیر واتەنی (چەند جومگەیەکی پێکهاتەی مێژووی ئەم شارەیە). ڕووداوەکان زنجیرەیەکی هاو خەم و هاوکێشە و هاو ئاواتن. لە شەڕی بەر دەرکی سەرا (شەشی ئەیلوولی ڕەش)ی ساڵی (١٩٣٠)و چەخماخە شۆڕشگێڕی و هەڵوێست بەرزییەکەی (بێکەس) لە (بیست و حەوت ساڵە) ئازاکەیدا و، (٩)ی حوزەیرانی (١٩٦٣)ی سلێمانی و کۆمەڵە هەڵوێست و بەختبوونێ لە پێناو ئازادیدا... خوێن بۆتە ناسنامەی هەموویان و، ڕەنگ و ڕووی ڕووداوەکان. یەکێ لە لایەنە هەرە ڕۆشنەکانی کارەکە، گونجاندنییەتی لەنێوان تایبەتمەندیی چامەی والا و، کاری پاراستنی چامەکە لە پەرش و بێوبوونەوە، بۆ ئەوەی نەبادا، یەکەی بابەت و کات و ڕووداوەکان لە دەست بدات یان ئەو سەقامگیرییە جوانەی چامەکە، کە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی چامەیەکی شیعری توندو تۆڵی وەك (کورسی)دا.

# (بەشی دووەم)

## ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ئەو لایەنە سەرەکی و گرنگەیە، گشت لایەنەکانی دی لەسەر بونیاد ئەنرێ. گەوهەر و فەلسەفەی ناوەڕۆك بیرۆکەیە. هەر لەبیرۆکەوە چیرۆك و ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان و شێواز و جۆر و بابەت درووست ئەبێت. هەمیشەش فۆرم زادەی ناوەڕۆکە و لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی توندو تۆڵیان لەنێواندایە.

ئەمە وەك ئەوە وایە، بیرۆکەی وێنەکێشانی کێڵگەیەکی گوڵەبەڕۆژەت لە بیردا هەبێ، ئەوسا بیر لە جوتیارو کەرەستەکانی پیشەکەی و گشت ئەو شتانەش بکەیتەوە کە لێوەی ئەکەوێتەوە، تا ئەگاتە بەر هەمهێنان و گەیاندنە بازاڕ. کاتێك بیرۆکە چەسپا ئەو دەمە ئیتر بیر لە پەروەردەکردن و پاراستنی و گەلێك شتی تر دێتە ئاراوە، بەڵام گرنگ گەیاندنە بەروبوومەکەیە. بەو شێوەیە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەر بەبێ ئەو ناوەڕۆك و مەبەستە نایەتەدی، ئاکام پوت و پوچ و ڕەنج خەساریی لێوە ئەکەوێتەوە، بۆیە هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری، بەبێ بوونی، بیر وەك لایەنی فەلسەفی و جوانی، وەك

لایەنی جوانکاری (ئەستەتیکا) و ڕوون و ڕەوانی، پێ ناوترێت. دووره له ئەدەب و هونەر و، به هیچ جۆرێك له خانەی هونەردا جێگەی نابێتەوە. ئەوانەی لایان وایە، شانۆیی بەبێ بیرو دەق ئەبێتە شانۆیی، ئەوە وەك ئەوە وایە گوێزی پوچ، بەخەیاڵی ڕواندن بڕوێنن، بێگومان پوچ ڕواندن مایە پوچی بەدواوەیە.

(بیرۆکە یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی دەقی درامایە، ئەو گیانەیە که له جەستەی دەقێکی درامیدا دەبزوێ، بەبێ بوونی ئەو ڕەنگە لەبنەڕەتەوە دەقی دراما بە نادرووستی بێتە بەرهەم یان بەرهەم نەیەت، بۆیە بەرلەوەی خودی دەقێك بوونی خۆی ئاشکرابکات، دەبێت بیرۆکەیەك هەبێت و ئەو بوونەی لەسەر بنیات بنرێت و لەوێوە هەنگاوەکانی تر دەست پێدەکات و دراما له شێوە پێگەیشتووەکەیدا دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە بیرۆکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە له نووسین و بنیاتنانی دەقی درامادا.) (٦٤)

سەبارەت بە پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی بیرۆکە له کاری درامادا، (یاسین ڕەشید) له ماستەرنامەکەیدا، بەمجۆرە بۆی چووە:

(دەکرێت له چەند ڕوویەکەوە بیرۆکەی درامایەك بناسین و دەستنیشان بکەین:

١. بەپلەی یەکەم هۆکاری بنەڕەتی له ناسینی بیرۆکەی درامادا (بەدوادا چوونی ئەو ڕووداوانەیە که پەیوەستن بە ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵ بینینەوە).. واتە بەهۆی پەیبردنی وەرگر بە ڕووداوەکان و کارەکتەر لەساتی خستنە

ڕووی ڕووداو و بابەتەکاندا دەتوانرێ بیرۆکە دەستنیشان بکرێت.

٢. بیرۆکەی دراما زیاتر لەگەڵ خاڵی چڵە پۆپە (کلایماکس)ی درامادا لە پەیوەندییەکی نزیکدایە، چونکە (خاڵی چڵە پۆپەی ڕووداو، وەك باوە لە نزیکی کۆتایی درامادا ڕوودەدات و زۆرتر لەهەر بەشێکی دیکە بیرۆکەی سەرەکی دەخاتە ڕوو.)

٣. ناوی دراماکە، کە ئەمیش یارمەتیدەرە لە دەستخستنی بیرۆکەی درامادا، کە بەشێوەیەکی ڕوونکراوە یان خوازەیی ناسێنەری واتای ناوەڕۆکی دراماکەیە، ناسێنەری وێنەگرتنی زیهنی نووسەرەکە دەرخەری ئەو بیرۆکەیەیە کە نووسەر دەیەوێ بیخاتە ڕوو، بۆ نموونە لەناو درامای (مردنی هەژارێك) یان (گورگی برسی)دا کەم کەس هەیە لە مانای پشتی ئەم ناونیشانانە تێنەگات، چونکە بیرو مەبەستەکە هەر بە خوێندنەوەی ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت. بەڵام لە ناونیشانێکی وەك (ژیانی مرۆڤ) و هاوشێوەیدا ناونیشانەکە هاوکاری دەستخستنی بیرۆکەی سەرەکی دراماکە ناکات، بەڵام ئەم ناوانە لە پێکەوەنانی ڕووداوەکانی درامادا دەتوانێت وەك ڕێنماییکەرێکی خوازەیی کاربکات و دەرهێنەر و وەرگر نزیك بکاتەوە لە بیرۆکەی سەرەکی نووسەر.

٤. ناوەڕۆکی فەلسەفی گفتوگۆکانیش دەتوانێت هاوکاری بە دەستخستنی بیرۆکە بکات، لەم بابەتانەدا دەبێت زیاتر سەرنجی ئەو ئاماژەو خوازە فەلسەفییانە بدرێت کە بە کاربراوە. ) (٦٥)

## بەهای بیرۆکە لە (کورسی)دا:

هەمیشە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) کێشەیەکی لەخۆ گرتووە و ئەو کێشەیەش بۆتە دەستنیشانکەری قۆناغەکانی شیعری، بەپێی سەردەمەکان و ڕۆژانی تەمەنی شیعری. ئەویش زادەی بیرە نەتەوایەتییە کەیەتی کە لە ئاکامی ئەو گشت چەوساندنەوە نەتەوەییەی کاری لە بیرو بۆچوونیدا کردووە. بەر لە کۆتایی چامەکەی ئەڵێت:

**((من دوا قسەم ئەوەیە وەسێت ئەکەم هەر**
**وەختێ مردم و ئێوە لێرەبوون بمسوتێنن بۆ ئەم کارەیش ئاگری**
**وەجاخەکە یارمەتیتان ئەداو پێم وتووە**
**ئەوسا خۆڵەمێشەکەم بکەن بەسەر هەر عەرزێکدا**
**کە لە هەناوی خۆیدا تۆوی ژیانی بۆ ڕسکانی درەختی**
**تازە هەڵگرتووە.)) (٦٦)**

ئەمە نموونەی ئەو ئاکامەیە، کە ئەبێتە مایەی، ئەو پەڕی خەمخۆری بۆ مرۆڤایەتی.

بۆ جوان دەرخستنی ناوەڕۆك و زانینی گشت لایەنەکانی، دەبێ چەند پرسیارێ لەناخی چامەکەوە هەڵهێنجین، چ گومانی تیادا نییە. وەرامی درووستمان دەست ئەکەوێت. بۆ نموونە:

١.بۆ ئەو ڕۆژانەی هەڵبژاردووە، یان بۆ ئەو سەردەمە؟

٢.بۆچی گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو؟

٣. بۆ، هەموو کەسەکانی مردوون؟

٤.بۆ، بەتەنها شاری سلێمانی؟

٥.بۆ پتر بایەخی بە شەڕی بەردەرکی سەراو سەربووردەکەی بیست و حەوت ساڵە ئازایەتییەکەی داوە؟

٦. بۆچی کورسی؟

٧. بۆچی ئەو سەرەتایەو لەبەرچی ئەو کۆتاییە؟

٨. بەسەرکردنەوەی شەهیدان و ڕووناکبیران...؟

٩.چوونە بنج و بناوان و نەژادی کورسی؟

١٠. بۆچی ئەوشتانەی یەکانگیرکردووە، کە کۆمەڵە خاڵ و جەمسەری هاوبەشیان هەیە؟

١١. فراندنی کورسی (ئەدمۆنس) هەتا (جەبەل حەمرین)....؟

ئەمانە هەریەکەیان چەندین پرسیاری دی لێ دەکەوێتەوە، جگە لە چەپکە پرسیارێکی دی. لە وەرامی یەکەم پرسیاردا: بۆچی ئەو ڕۆژان و سەردەمە؟

ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی خەستبوونەوەی باری چەوساندنەوەیە و، لەهەمان کاتدا گەیشتنە ترۆپکی ململانێیەکەیەو گەیشتنە بە ئاستی بەرەنگاربوونەوە بەهەموو شێوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە و بەر پابوونی شۆڕشی مان یان نەمان، شۆڕشی چارەنووس. ڕۆژانی خەم و خولیاو خوێن، ڕۆژانی بوژاندنەوەو بە ئاگا هاتنەوەی بیری نەتەوایەتی و ئازادی. ڕۆژانی پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و سیاسی و..........

ئەو ڕۆژانە، بە ڕۆژە گەرمەکانی تین و گوڕی هەڵچوونی تێکۆشان دائەنرێت. ئەمە هۆکاری سەرەکییە لە هەڵبژاردنەکەیدا:

**((هەڵۆ لەسەرم نیشتەوە و ماچی کردم**

**پێشی وتم، خەمت نەبێ**

**بەدوای مندا باهۆزی دێ**

**کورسی ئەدمۆنس هەڵئەگرێت و**

**ئەیڕفێنێ و ئەیڕفێنێ و**

**هەتا (جەبەل حەمرین)، ئەیبا...............)). (٦٧)**

لە وەرامی پرسیاری دووەمدا: بۆچی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، یان جارانی خواستووە؟

لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەو ڕابردووە نزیکە، گەلێك مەبەستی گەوهەری هەیەو لە خۆڕا نەیهێناوەتە گۆڕێ. بڕوای نەگۆڕی بە ڕابوردی خوێناوی و خەبات هەیە بۆ هێنانەدی ئەمڕۆ. دابڕنەبوونە لە چەند ئەڵقەیەکی هەرە بەهێزو گرنگی چەوسانەوە و لەهەمان کاتدا خەباتی گەلی کورد، بڕوا بوونە بە دروستکردنی پردە زێڕینەی نەپساو لەنێوانی دوێنێ و ئەمڕۆدا، ئەمجۆرە ئاوڕدانەوەیەی شاعیر، ئاوڕدانەوەیەکی هیواداری و هۆشیارانەیەو لە چەرمەسەری و تاریکی ئەو ڕۆژە تاڵانەوە. ئاسۆی ئاییندەیەکی ڕۆشن و جوان ڕازاێنراوە بە خۆری ئومێد ئەبینێ... هیچ گومان لەوەدا نییە، کە گەڕانەوەش هەمە جۆر و هەمە مەبەستە، بۆیە هەر یەکەیان لێکدانەوەی خۆی هەیە. ئەم هەمەجۆر بۆچوونە،

هەریەکەیان پەیوەستە بە جۆری مامەڵەکردنەکەیەوە، ئەمەش بۆ بیر و بۆچوون و فەلسەفەی نووسەرەکە ئەگەڕێتەوە. گریمان گەڕانەوە بۆ بونیاد و درووستکردنێکی نویٚ بێت، ئەوە پشت ئەستووربوونە، بە تواناو زەبری بنچینەیەکی سەختی مێژوویی. یان وانەو سوود وەرگرتنە لە گەنجینەیەك لە ئەزموونی تێرو تەسەلی بەرهەمی ساڵانێکی دوور و درێژ. ئەگەر ئەو ساڵانەش پڕ بیٚ لە بەرەنگاربوونەوە و شۆڕش و خەبات و بەختبوون...... ئەوە هەستانەوەو بوژانەوەو سەر لەنویٚ لەدایکبوونەوەیە.

گەڕانەوەی (شێرکۆ بێکەس) بۆ ڕۆژانێکی مێژووی نزیکی ناو شاری (سلێمانی)، خوانەخواستە، نەگەڕانەوەی بێهودەیی و نە هەڵهاتن و نە خۆلادانە لە هەنووکەو نە ڕاکردنی ڕۆمانتیکییانەیە لەباری ژیانی ئەمڕۆ. بەڵکو گەڕانەوەیەکە بەو پەڕی ژیری و لێزانینەوە، بەمەبەستێکی دیارو ئاشکرا بۆ بەسەرکردنەوەی مەردان و ڕۆژانێکە کوردی خۆی گەرەك بوو، هەڵوێست و بڕواو یەك ئامانجی هەموو کەرەستەکانی لەیەك ئامێزی خەبات گرتبوو. دیارە گەلێك دوورە لەو گەڕانەوانەی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی بە مایە پووچانی ئەکات، بۆیە وتراوە:

((گەڕانەوە بۆ ڕابردوو – لە شانۆ و چیرۆك و گشت بابەتە هونەرییەکاندا – هەڵهاتنە لە ئێستاو نکوڵی لێکردن و پشت تێکردنە واقیعەو خەم ساردی و پاڵدانەوەیەو، ڕاکردنە لە هەنووکە، ئەمەیان پوخت بۆچوونێکی ڕۆمانتیکییانەیە نووسەر بە خێرایی لە (واقیع)

هەڵدێ و خۆی نوقمی خەونانێك ئەكات بۆ ئەوەی بە ڕابردوویەكی مێژوویی بگاتەوە٠ ئەوسا دەستبەجێ بەرەو ئاییندەیەكی خەونی نموونەیی ئەڕوات، ئاییندەیەك، مافەكانی تیادا دەست ئەكەوێتەوە و، دادوەری تیادا بەر كەماڵ ئەبێ٠

هەركاتێ لە ئەدەب و هونەردا، گەر گەڕانەوە بۆ مێژوو تەنها بۆ مەبەستی بزواندنی ڕابردوو نەبێ، ئەوە هەڵهاتن نییەو بەچاكی ئەكەوێتەوە٠ هەر كاتێ نووسەر و شاعیر گەڕانەوەكەیان تەنها بۆ چێژ وەرگرتن بێت لە ڕابوردوو، ئەوە لەباری دەروونیدا، بە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی (واقیع) بۆ ئاییندەیەكی ئازادە٠)) (٦٨)

لە وەرامی پرسیاری سێیەمدا: بۆچی گشت كەسایەتییەكانی ناو (كورسی) لە ژیاندا نەماون؟

ڕاستە هەر هەموویان بە ئاكامی مەرگ گەیشتبوون و هەر هەمووشیان بە مەرگی ناكامانەوەو بەسینەیەكی پڕ لە ئاوات و خۆزگەوە سەریان ناوەتەوە٠ ئەوانە نوێنەرایەتی ڕابردوویەكی زیندوویان ئەكرد، لە ویژدانی گەلدا زیندوون و لەمڕۆدا هەموویان ئەبینین٠ لەڕووی كۆكردنەوەو یەكانگیرییەوە، هەموویان لە خاڵەكانی مەبەستی شاعیردا یەكدەگرنەوە٠

جگە لەوەی ئەو كەسانە، لەو جۆرە كەسانەن كە ئەبنە مایەی بزواندن و خوڵقاندنی ڕووداوەكان، هەرچۆن گشت كارێكی شانۆیی پێویستی بە بزوێنەری بە هێزو (داینەمۆ)ئاسا هەیە، ئەوانەی

درووستکەرو بنیادنەری بیرن و لەهەمان کاتدا ڕووداو بنیادنەرن.

زۆرجار کەسایەتییەك، یان چەند کەسانێك، بە کەسی فرمان، یان ڕووداو ناوزەدە ئەکرێن. دیارە هەموو کارێکی شانۆیی، هەنگاو بە هەنگاو پێویستی بە پاڵپێوەرانی بەهێزو جوان بزوێنەر هەیە، ئەمەش وەك بوژێنەرو ئەنجامدەر،

بۆ ڕایی کردنی مەبەستە شانۆییەکە، هەر ئەو توانایەیە ئەبێتە هاندەر. چ گومانیش لەوەدانییە، هەمان هێز، بۆ ئەوەی تەواوکارانە بێت، مەبەست لە کەسایەتییەکەیە، ئەبێ چاو نەترس و ئازاو بوێربێ و بە ڕادەیەك گیانی گۆشی جەربەزەیی و بەختبوون بێت، بەبێ سڵکردن لە مەرگ و نەمان و گەردن شکاندن ڕووبەڕووی چارەنووس ببێتەوە، ئەگەر چەندە سەخت و دژوار بێ. لەم بینراوە شانۆییانەی (کورسی)یەکەی (شێرکۆ بێکەس)دا چەندین لەو نموونە گەردن بەرزانە ئەژین، ئەوەتا شاعیری نیشتمانپەروەر (بێکەس) و ڕووبەڕوو بوونەوەو هەڵشاخینە مێژووییەکەی (بیست و حەوت ساڵە)ی بەڕووی (ئەدمۆنس)دا. ئەوە (شاکیر فەتاح) نووسەر و ڕوناکبیر، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بووە بەختبووی کوردستان، هەروەها (موحەڕەم محەمەد ئەمین) چیرۆك نووس و هەڵوێستداری مەردانەو چاونەترسانە... ئەوە ئازایەتی (نوری عەریزەنووس) لە قوربانییەکانی (۹)ی حوزەیرانی (۱۹٦۳) و .........

ئەوانە ئەو قارەمانانەن بە هەڵوێست و بە گیانیان بەردی بنچینەی

تەلاری ژیانی سەرفرازییان دانا.

له هەریەكێك لەو كەسایەتییانەدا، (هێمن) واتەنی :

((دەمگری و ئەما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم

لێم دەدەی ئەما لەسەر داوا ڕەواكەم سوورترم

دەمكوژی و ئەما بەگژ جەللادەكەمدا دێمەوە

كوردم و ناتوێمەوەو ناتوێمەوە................)).

هەڵبژاردنەكەی (شاعیر) لەو جۆرە نموونانەدا، مەبەستە گەورەكەی پێكاوە، چونكە ئەوانە لەو كەسانەن دراما لە هەڵوێستیانەوە سەر هەڵئەدات.

خودی شاعیر لە چامەیەكیدا ئەڵێ:

**((هەتا برین قوڵ بێتەوە**

**مەرگی چەقۆ نزیكترە**

**تا بەخشینی گیان كەمتربێ**

**ڕێگەی خۆرەتاو دوورترە!**

**ئەوەی هەتاوی ناسیووە**

**وڵاتی تاریكیی دیوە)) (٦٩)**

كەواتە هۆی هەڵبژاردنی ئەوكەسانە، نەك بەهۆی تەنها هۆیەكەوەیە، بەڵكو كۆمەڵە هۆكارێك، لەسەرو هەموویانەوە یەك كێشەیی و یەك سەنگەریی و یەك حەسرەت و ئاوات و یەك................ هەموویانی یەكانگیركردووە، هەموویان ناكامانە و ناشادانە ڕۆیشتن و بەخەمی

خەمە گەورەکەوە سەریان نایەوە. هەموویان نموونەی ئەو پاڵەوانەن کە نموونەن بۆ گەل. واتە پاڵەوانێتییەکی کۆیە پتر لەوەی پاڵەوانێتی تاك بێت، هەڵبژاردەشن بۆ نوێنەرایەتی سەردەمەکە.

لە وەرامی پرسیاری چوارەمدا: بۆچی شاری سلێمانی شوێن و وێستگەی ڕووداوەکانە؟

((لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو - نە مەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو)) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

ڕاستە شاعیر (شێرکۆ بێکەس) بەر لە شار پەروەر کوردستان پەروەرە و دەیان نموونەی شیعر و گەواهی زیندووی هەیە و مەهابات و سابڵاخ و ئامادو ..... هەموو کوردستانی گەورە بە ماڵەکەی ئەزانێ ئەوەتا بۆ نموونە:

**((ولاّت زۆرە لە کوردستان**

**شۆخ و شەنگتر**

**خوێن گەرمتر**

**وەڵات زۆرە لە کوردستان**

**چاوی گەشتر**

**ئێسك سوکتر**

**ولاّت زۆرە لە کوردستان**

**قسە خۆشتر**

**دەست ڕەنگینتر**

**بەڵام ئەی کوردستانەکەم!**

**وڵات نییە لەتۆ**

**خۆشەویستتر)) (٧٠)**

بەڕای من پەیوەست بوون نەك بە شارەوە، بەڵکو بە کوچەو بەرماڵانەوە پەیوەست بوونە بە سەرانسەری وڵاتەوە. ئەوە توخمێکی ڕەواو درووست و ڕەسەنایەتییە. لەدوای منداڵدانی دایکەوە، شار دووەم منداڵدانی مرۆڤە. لە هەر شوێنێ بێت هەر بە ئومێدی دیدارییەوە ئەژی. بەتایبەت شاری (شێرکۆ)ی شاعیر، شار زۆر شتە، بگرە هەر هەموو ژیانییەتی بە ڕەشەبا و خەم و مەینەتەکانیشییەوە، ئەو مەیلە زیندووەیە بۆتە هەوێنی ژیانی شیعرەکانی، خەیاڵ بۆ مەڵکەندی و سابونکەران و حاجی حانی ئەباتەوە.... شار، مەبەست لە سلێمانییە و شاعیر بە قوتابخانەو شاڵاو و کڵپەی شۆڕشەکانی ناسیوە. هەرچۆن، (ئەسیری) نا هەقی نەبووە وتوویەتی:

((ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە

بشمری لام وایە گۆڕی گردی سەیوانت ئەوێ))

سلێمانی ئەو شارەیە، کە لە مێژووی کورددا، بە چاوگی ڕاپەڕین و هوشیاری و ڕۆشنبیری ناوبراوە و نازناوی (هەڵمەت و قوربانی)پێ خەڵاتکراوە.

سلێمانی هەوارو پایتەختی میرنشینی (بابان) بووە، هەر لە بناغەو بنچینەوە بەو نیازە بنیادنراوە ببێت بە ئاسانەی گشت

کوردێك و شانبەشانی شارە دیارەکانی هاو سەردەم بێت. جگە لەمانە: ((پێکهاتەی شارەکە لەو بنەماڵانە بووە، زانست پەروەری و کوردستان پەروەری، سەر مەشقی پەروەردەکردنی وەچەکانیان بووە.......... هەبوونی چەندین کۆڕو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و سیاسی.... شاری سلێمانی هەمیشە نموونەی دەستپێشخەربووە لە نوێکردنەوەو نوێخوازیدا بووە لە کاروان و بزافی پێشکەوتن لەناو گەلی کورددا، بەتایبەت لەڕووی کۆمەلایەتییەوەو بایەخدان بە ڕۆڵی کیژان و خانمانی کورد، چ بە خوێندن و چ بە هونەری شانۆ لێرەدا بۆ نموونە : لە ڕۆژی (٢١)ی نیسانی ساڵی (١٩٢٦) بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا و بۆ یەکەمجار لە شاری سلێمانی قوتابخانەی سەرەتایی کچان کراوەتەوە. پاش چوار ساڵ بیریان لە پێشکەشکردنی شانۆیی کردۆتەوە.......)) (٧١)

هەر لە شاری سلێمانی دا ساڵی (١٩٢٦) لە لایەن مامۆستایان و شاگردانی (مەکتەبی ئەوەڵ)ەوە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا شانۆیی (عیلم و جەهل) نوێنراوە. بە خۆڕایی نییە شاعیر لە دەیان شیعریدا دوپاتی پەیوەستی و خۆشەویستی بۆ سلێمانی کردۆتەوە:

**((خۆشەویستی (سلێمانی)**

**مانگی سوورەو**

**لەناو بەفری شیعرەکانما........... ورد ورد هەڵدێ!))**

سلێمانی ئەو شارەیە لەناو شاراندا گەشاوەترینە و بە هەڵپەو

کۆششی بەردەوامی بۆ هاوشانبوونەوەی شارانی دونیای تازە ناسراوە.

کاتێ شاعیر ئەم شاکارەی نووسیوە. پاش ئاوارەبوون و دەربەدەری و رووکردنە شاخ و پاشان ئاوارەیی هەندەران. ئەو ماوە زۆرە کاریگەرییەکی گەورەی لە خەستکردنەوەی خۆشەویستی و بیرەوەری و یادگارییەکانی شاریدا هەبووە و بۆتە مایەی ئەم بەرهەمەی. ئەمە وەك ڕاستییەکی بابەتییانە، لەڕووی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی بارودۆخەکەی شار لە بیرو زەینی شاعیردا. ئەو دەربڕینە جوانە ڕاستگۆییەی بەر لەهەموو شتێك لە بیروبۆچون و فەلسەفەیدا خۆی نواندووە. بە ئەندازەی ڕەنگدانەوەی شتەکان لە خودی بەرهەمەکەدا کە سەلمێنەری لایەن و خاسییەتە بابەتییەکەیە.

وەنەبێ ئەم هێنانەوە بوونەش، تەنها بۆ وەبیرهاتنەوە بێ، بەڵکو بۆ بێدەنگ نەبوون و گۆڕانکارییە.

ئەپرسین بۆ ئەم وەبیر هاتنەوە پڕ وروژان و هەژاندنە؟

ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ هەمیشە و بەردەوام شار، لە بیرو هۆش و هەستی شاعیردا بووە، ئەمە وەك ئەو سەربووردەیەی نێوان شانۆ نووسی عەرەب (سەعیدوڵڵێ وەنووس) و ڕۆمان نووسی عەرەب (غائب گعمە فەرمان)دا بووە. لەڕووی لێکچوون و کاری ئاوارەیی و دوورە وڵاتی لە هەست و هۆشی داهێنەردا:

((نیوەی تەمەنی لە ئاوارەییدا بەسەر برد و لە دوورە وڵاتدا مرد،

زەینی ڕوون و تیژ ئەکرد و، نیشتمانێکی جوان و دەست والآی تیادا ئەپاراست. نیشتمانی هێشتا وەکو کاولکاریی پێ نەگەیشتووەو هێشتا وەکو شوێن شێواندنی زۆردارانی پێوە دیارنییە. لە مۆسکۆی ساردا و، لە شەقام و باخچە خاوێنەکەیدا، لە پیشی ئاسمانی شەوانیدا، لەگەڵ (غائب گعمە فەرمان) پیاسەم ئەکرد، شوێنەکە ئەو شوێنە نەبوو..... مۆسکۆ شەختەیەك بوو، یان تابلۆیەکی پشتە بەندبوو دیدارەکەی ئە پاراستین و، گفتوگۆیەکەی نێوانمانی ئەڕازاندەوە. ئەوە ساڵی (١٩٨٤)بوو. (غائب) وتی:

- بیست و چوارساڵە عێراقم جێهێشتووە.

لێم پرسی :

- بەڵام ئایا لە شوێنێکی تر ژیاوی؟

وەرامی دامەوە:

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە... نا .... نا بەڕاستی بڕواناکەم لە شوێنێکی تر ژیابم. هەمیشە لە عێراقدا بووم.... لەگەڵ ئەوەشدا لەوە ئەترسم ئێستا عێراق نەناسم. هەنووکە ناتوانم لەسەری بنووسم))(٧٢)

ئەوە هەستی گەورە نووسەرێکی دوورە وڵاتە،

هەرچۆن هەستی شاعیر (عەبدوڵڵ پەشێو) لە شیعری (ئاخ ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)، باس لە ڕۆژانی منداڵی ئەکات، ئەودەمەی، گەمەی بە خۆڵ ئەکرد و خۆڵە پەتانێی پێئەکرد، گەر بێتەوە لەبری گەمە

پێکردن خۆڵەکەی نیشتمان ئەخوات.

هەستی دوورە وڵاتی، پتر سلێمانی بە ڕەشەباکەشییەوە لەلای (شێرکۆ) شیرینترو نیانتر کردووە.

شوێن لەکاری ئەدەبیدا، بەتایبەت لە شانۆییدا. توخمێکی هەرە گرنگەو بونیادی گەلێك لایەنی لەسەر ئەنرێت، گشت لایەنەکان، چ کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، مێژوویی..................

بۆیە هەڵبژاردنی شاری سلێمانی بە پلەی یەکەمین، لەڕووی بیرو باوەڕەوە دەلالەتی خۆی هەیە، بەتایبەت لە بیری شاعیردا.

لێرەدا و بۆ پتر جەخت لەسەر لایەنی پەیوەستبوونی شاعیر بەو شارەوە. ئەو پەیوەستبوونە، وەك ئەو پەیوەستبوونەیە کە لەلای (چیخۆف)هەیە، لەگەڵ جیاوازی بیرو مەبەست لەنێوانی (شێرکۆ) و (چیخۆف)دا، بەڵام هەردووکیان لە چەمکی شوێن و سروشتدا یەکدەگرنەوە، (شێرکۆ) لەو بارەیەوە

لە (وتەیەکی پێویست)ی پێشەکی چامەی (کورسی)دا و سەبارەت بە شوێن وتوویەتی : (زاکیرەی ناو ئەم بەرهەمە، سەردی شیعری و هونەری ناو ئەم تێکستە، تەوەرەکەی شاری سلێمانییە، بە واتایەکی تر، چەند جومگەیەکی پێکهاتەی مێژوویی ئەم شارەیە، یان یادەوەری و ئاوێتەکانی ژیانی خۆمن. ئاشکرایە شوێن و ناو لە تەواوی بەرهەمەکانی مندا ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە. ئەوەی ڕاستی بێت، من بەبێ سێ کوچکەی سروشت و ناو و شوێن ناتوانم بنووسم.) (٧٣)

لەڕووی بەراوردکاریی و جەخت لەسەر گرنگی شوێن و سروشت..
بڕوانن لەلای (چیخۆف) هەمان پەیوەست بوون، تا پلەی وێنەکردنی لەناخی شانۆییەکانیدا:

((لە فێبریوەری (١٩٠٣)دا چیخۆف هەواڵی بیرۆکەی شانۆنامەیەکی تازە دەدات بە (ستانسلافسکی)و دەڵێت: ئامادەیە لە مێشکمدا ناویشی باخی گێلاسە، چوار پەردەیە، لە پەردەی یەکەمیدا دەکرێ لە پەنجەرەکەوە سەیری درەختە گوڵدارەکانی گێلاس بکەین و، باخەکە هەر هەمووی بە ڕەنگی سپی داپۆشراوەو لە دواییدا ئافرەتەکانیش سپی پۆشن.

بەم جۆرە دەبینین چیخۆف یەکەمجار باس لەو درەختانە دەکات گوڵەکانیان سپین و لە دواییشدا باس لەو ئافرەتانە دەکات کە لە جل و بەرگی سپیدان! هەشت ساڵ پێش ڕاگەیاندنی هەواڵی بیرۆکەی باخی گێلاس، (چیخۆف) لە نامەیەکیدا بۆ ڕەخنەگری ئەدەبی (سۆفۆرین) لەبارەی (باڵندەی نەورەس)ەوە بەم شێوەیە دەدوێت:

شانۆنامەیەکی کۆمیدییە، سێ دەوریان ئافرەتن، شەش دەوریان بۆ پیاوانە، چوار پەردەیە دیمەنێکی سروشتییانە (دیمەنێك لەسەر دەریاچەیە). بەڵا، دیمەنی سروشتی یەکێکە لە نیشانە دیارەکانی ئەو شانۆگەرییە، بەڵکو لە کۆمەڵێك دەورو پەردەکانیش گرنگترە))(٧٤)

لەسەردانێکمدا، بە مەبەست و کاری شانۆیی، بۆ ئەڵمانیا، کە میوانی ماڵی (میتەتیاتر) بووم، لە شاری (پۆتسدام)، نواندنی دوو

شاكاری (چیخۆف)م بینی، بریتی بوون، له شانۆیی (باڵندەی دەریا) و (سێ خوشكەكە)، ئەوەی جێگای سەرنجم بوو، هەردوو دەرهێنەری ئەو دوو شانۆییە، پتر لەهەموو شتێك گرنگییان بە شوێن و سروشت دابوو، وەك لایەنێكی گرنگی هونەر و فەلسەفەی (چیخۆف)، تەنانەت لە (باڵندەی دەریا)دا، نەك هەرخۆی شانۆكە لەسەر دەریاچەیەك بونیادنراوە، هەستابوو بە درووستكردنی دەریاچەیەك لەسەر شانۆكەو بەدەریاچەكەی دەرەوەی بەستبووەوە.

سروشت و جوانی و بەتایبەتی جوانییەكەی سلێمانی ڕەنگدانەوەی خۆی لە زۆربەی شیعرەكانی شاعیردا هەیە. ئەوەتا باس لە شەشی ئەیلوول ئەكات و بەڵام شیلەی جوانی لە ئاگر بەرپابوونەكەش ئەچۆڕێ:

**((دەستی ئەیلوول**
**بۆنی گوڵە مێخەكی (وەیس)و**
**بۆنی گوڵە عەتری (نالی)و**
**دارسێوەكەی ماڵی (سائب)ی لێدەهات.**
**گەڕەكەكان ڕستی بازنی شووشەبوون**
**لەدەستی سلەیمانیدا و دنیا بچووك**
**هەمووی پێنج ڕۆژبوو كە ئەیلوول**
**لەبناری ئەو ساڵەوە**
**خل بوو بۆوە بۆ مێرگەكانی جوولەكان**

**هەموو شتێ لە (با)یەکەی کانی باوە**
**تا ئاسکەکانی کاتێسکان**
**تەڕ تەڕ بوو بوون بە گۆرانی و دەنگی ڕەشۆڵ**
**بە بارانی ئەو قەتارەی...**
**لەناو دڵۆپی سەوزدا**
**چرابوون لە شەوانی ئەم شارەدا دائەگیرسان،**
**ڕۆژی شەشەم بەیانی بوو**
**جادە و بازاڕ و قەیسەری**
**چرپە چرپێکی سورباویان تیا تەنییەوە**
**باڵی چرپە سات لەدوای سات گەورە ئەبوو**
**(با) ئەیبرد و گڤەی هەواڵ هەتا ئەهات**
**بەرینترو تیژتر ئەبوو. )) (٧٥)**

لە وەرامی بایەخدانی بە شەشی ئەیلوولی خوێناوی و سەربووردەکەی بیست و حەوت ساڵەی بێکەس: ئەو دوو ڕووداوە دوو خاڵی پرشنگدار و جیاکەرەوەن و لەهەمان کاتدا وەرچەرخان و بەرەو پێشەوە چوونی گیانی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەن لە مێژووی نزیکی کورددا.

لە ئاکامی ئەو پیلانانەی ئینگلیزو بەغدا ئەیانکرد، بۆ نەمانی مافی کورد، لە سەربەخۆیی و کپکردنی بیری ئازادی و شۆڕش، ئەوەبوو ئاکام، بەستنی ئەو پەیمانەی نێوان عێراق و ئینگلیز بە دوورخستنەوەی (شێخ مەحمودی نەمر)و تێکچوونی حکومەتی کوردستان، پاش

ئەوەی کورد دەیان ڕێگای گرتەبەر، وەك لە دەرگادانی چەند جارەی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)، هەروەها داواکارییەکانی هەندێ لە خوێنەرە کوردەکان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (١٩٢٩) لە یاداشتنامەکەیاندا داوایان کردبوو:

١. یەکییەتییەکی کارگێڕی کوردستان کە کەرکوك و هەولێر و سلێمانی لەخۆ بگرێت.

٢. لە بودجەی عێراقدا بەشی (معارفی کوردستان) زیاد بکرێت.

٣. پارە بۆ لایەنەکانی کاروباری کوردستان زیاد بکرێت.

ئەوەبوو لەو بارەیەوە ساڵی (١٩٣٠) مەندوبی سامی یاداشتێکی بە (عصبە الامم)دا، بەڵام بۆ چاوبەستن و پێچە بەدەورەبوو. بەهەموو شێوەیەك هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی گەلی کورد درا، بەتایبەت شێخ و شاری سلێمانی. چەند وەزیرێك هاتنە سلێمانی، بەمەبەستی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی وەك ئەوان ئەیانەوێ و ئەوسا بتوانن پەیمانی (٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠) لە پەرلەمانی بەغدا بە بێ گرفت ڕایی بکەن. ئەودەمە (تۆفیق وەهبی) موتەصەریفی سلێمانی بوو، کێشایانەوە بۆ بەغدا و، (کاپتان گاون)ی موفەتیشی کارگێڕیی ئینگلیزیان ناردە شوێنی بە بریکاری، ئیدی شار هەژاو گیانی ڕاپەڕین بوو بووە هەمووشتێ. (لەم کاتەدا کۆبوونەوە و خوتبەدان لە سلێمانیدا هەر بەردەوامبوو، لەهەموو لایەکەوە خەڵك ڕژابوونە شارەکە، مەبەست لەو کۆبوونەوەو گفتوگۆیانەش ئەوەبوو کە وا پەیمانەکە زیان نەبێ

سوودی بۆ کورد نییە، لە ڕۆژی (٥)ی ئەیلوولی (١٩٣٠)دا حکومەت کەوتە جێبەجێکردنی (هەیئەتی تەفتیش) بۆ ئینتیخاباتی ڕۆژی دوایی. بێ ئەوەی گوێ بدەنە خواستی خەڵکەکە، بۆ ڕۆژی دوایی (٦)ی ئەیلوول هەموو شتێك لە سەرادا ڕێکخرا بۆ ئەو هەڵبژاردنە... پۆلیس و سەرباز لە دەوروبەری سەرادا بە زۆری کۆکرانەوە... خەڵکەکەش لەبەردەرکی سەرادا گردبوونەوە و هانی خەڵکیان ئەدا کەس دەنگ نەدات... پۆلیس بێوەی پێ دەکردن. لەولاشەوە سەرباز بەری لێشاوەکەی ئەگرت، کەوتە نزیکی چێشتەنگاو پۆلیس دەستیکرد بە تەقە بەسەریاندا ئەمانیش بە دارو بەرد و کورسی چایخانەکان بەربوونە پۆلیسەکان، پۆلیس دەستی کرد بە تەقەی تەواو بەناو خەڵکەکەدا.... ئیتر خوێن ڕژاو بەردەرکی سەرای ئاڵ کرد....) (٧٦)

کاتێ شاعیر بەو هەموو توانایەوە گرنگی بە شەشی ئەیلوولی ڕەش داوەو، کردوویەتی بە جومگەیەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەکەیدا، زانیویەتی چلۆن وەرچەرخانێکی شۆڕشگێڕانەی مێژوویيە و مندالْدانی لەدایکبوونی گۆڕانکاریی و سەردەمێکی نوێیە. هەرچۆن: ((ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا وێڕای ئەوەی ڕەمزێکی درەوشاوەی گەلی کوردە لە ساتێکی مێژوویيدا، لەهەمان کاتدا بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت لە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا، چونکە بۆ یەکەمجار بوو، قورسایی شۆڕش و خەبات لە لادێوە بگوێزرێتەوە بۆ شارو، خەڵکی ڕوناکبیر و بازرگان و گەورە پیاوانی شارەکان پێشڕەوی

شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن، ئەمەش بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی قووڵی جوڵانەوەی کوردایەتی پێکدەهێنا، لەو کاتەوە دەستەی خوێندەوار و ڕوناکبیری کورد هاتنە نێو ڕیزەکانی پێشەوەی جوڵانەوەی کوردایەتی.)) (٧٧)

بۆیە ئەو ڕووداوە خوێناوییە، ڕووداوێکی مێژوویی سەر پێیی نییە، بەڵکو دەروازەی گواستنەوە و گۆڕانکارییەکی گەورەیە. لەو شکۆمەندییەوە، ئەو جێگا دیارەی لە چامەی (کورسی)دا پێ ڕوا بینراوە.

سەبارەت بە چامە ئازاکەی بیست و حەوت ساڵەی (بێکەس) و سەربووردەکەی بەر لەهەموو شتێك ڕووداوێکی کەم هاوتایە، کە شیعر شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆ بێت بەرامبەر دوژمن، چ دوژمنێك؟ ئەمە لاپەڕەیەکی پرشنگداری پڕشکۆی شانازییە بۆ ئەدەبی کوردی.

ئەمەش کارێکی هەمیشە چاوەڕوانکراوبووە لە شاعیرێکی نیشتمان پەروەری وەك (بێکەس) کە سەرانسەری ژیانی، بەندێتی و دەربەدەریی و نان براوی هەڵوێستی بێشمەرگانەبووە.

کاکە (حەمەی مەلا کەریم) لە پێشەکی دیوانی (بێکەس)دا، بەم شێوەیە باس لە (بێکەس) و شیعری (بیست و حەوت ساڵە)کەی ئەکات:

((بێکەس شاعیرێکی ئازاو نەبەز و چاونەترس بووە. هەرگیز گوێی

نەداوە بە (پایە)و (شوێن)و دارایی و، تاماوە بەسەر بەرزی ژیاوەو، لە ڕێگای دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان لای نەداوەو، ژیان و شیعری خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی ئەوان. چەندجار ئینگلیزەکان ویستوویانە بەتەماعی پایەی بەرز لە خشتەی بەرن یا هەر هیچ نەبێت دەمکوتی بکەن. بەڵام ئەو گوێی نەداوەتێ و بە هیچ نەخەڵەتاوە و لەهیچ نە ترساوە. گرتن و دوورخستنەوە و لەسەر ئیش لابردن باوەڕی بە نەتەوەو وڵاتەکەی لەق نەکردووە. نموونەیەکی هەر دیاری ئەم چاو نەترسییەی بێکەس، پارچە شیعری (بیست و حەوت ساڵە)یە کە لە ئاهەنگێکی ماڵئاواییدا، کە لە ساڵی (١٩٤٦)دا (مەعرووف جیاوك)ی موتەصەریفی ئەو سەردەمەی سلێمانی، بۆ (ئەدمۆنس)ی ڕاوێژ پێکراوی ئینگلیزی وەزارەتی ناوخۆی سازکردبوو، ڕووبەڕووی (ئەدمۆنس) خۆی و بەرامبەر بە سەدان کەس لە نوێنەرانی هەموو چینەکانی خەڵکی سلێمانی خوێندیەوە، لەکاتێکدا کە (ئەدمۆنس) هەموو شتێك بوو لە عێراقداو، کەم کەس ئەیوێرا قسەی عادەتی لە ڕوویدا بکات..............)) (٧٨)

کەواتە و بێگومان خودی ژیانی (بێکەس) چامەیەکی بەیتئامێزی ئازایانەیە.

لێرەدا بەگونجاوی ئەبینم دوو کۆپلە، وەك نموونە لە چامەی (بیست و حەوت ساڵە) تۆمار بکەمەوە:

((بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم

به نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!
بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بە فڕوفیشاڵ ئەم خەڵەتێنی
ڕۆژی نەوعێکم هەڵئەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی
کە ئیشت نەما وازم لێدێنی
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!)) (٧٩)

**لەلای (شێرکۆ) چەخماخەی ئاگری شۆڕشێکی مەزنە و ئەمجارەیان لە گردی (یارە)وەو ڕووەو چیا. بەدەستی شاعیرێکی نیشتمانپەروەر مەشخەڵ و ئاگری شۆڕش داگیرسێنرا. (بێکەس) وانەیەکی چاکی (ئەدمۆنس)ی دادا و هەرچییەك کلۆڵی و بەخت ڕەشیی کوردە بە چاویا دایەوە. هەر ئەم وانەیەش بوو، کە داگیرکەری تۆقان، بووە جوانترین وانەی گۆشکردنی نەوە بەدوای نەوەی کورددا. بەشبەحاڵی خۆم، لە مێرد منداڵی و هەرزەکاریمدا، کاتێك ئەو شیعرەم ئەخوێندەوە، کۆمەڵە هەستێکی لەلا ئەوروژاندم، یەکەمیان هەستم**

ئەكرد ئەو دەنگەی (بێكەس) دەنگی هەموو كوردە و زمانی ڕابوردوو ئەمڕۆ و ئاییندەشە، بۆیە (بێكەس)م بەو كێوە ئەهاتە بەرچاو وەك پیرەمەگرون بێت و گشت چیاكانی كوردستان باوەشیان بەیەكدا كردووە و نابێتیانەتە سەر شانیان، هێندە بەهێزە وەك ئاسمان و زەوی بەیەك پارچە پەرۆشی كردووە و لە پەنجەكانییەوە بارانی جاویدانی بەسەر كوردستاندا ئەبارێنێ، بۆیە هێندە گەورە ئەمێنێ، بۆیە (ئەدمۆنس) و بەریتانیای مەزنی لێ بزر بوو بوو.

ئەو هەستە زیندووەی (بێكەس) دەرهەق بەریتانیا و دژایەتی كردنەكەی گەلی كورد، بەردەوامە لە كیانی شیعرەكانی (شێركۆ)دا، وەك میراتگەریی ئەو ڕقە پیرۆزەی لە (بێكەس)ەوە بۆی ماوەتەوە:

**((من كڵاو و سەرو پێچی**

**مشكییەك و جامانەیەك**

**فێریان كردم**

**وەختێ سەرم ئەخەنە ناو قەفەزەوە**

**من تفەنگی باڵابم و لەسەر پێ بم.**

**ئەزانن كام سەرو پێچ و كڵاو ئەڵێم؟!**

**ئەو كڵاو و سەروپێچەی**

**ئەوجامانە و مشكییەی**

**كە شێخ لەناو قەفەزەوە**

**وەك تفێكی ئێجگار گەورە**

**كردييه سيماو**

**گرتييه تاجى ئينگلتەرە!)) (٨٠)**

شاعير لەدايكبوونى (بيست و حەوت ساڵە)ى بە لەدايكبوونى ژيانى نوێ دەربڕيوەو، هێنانەدى خەونە گوڵڕەنگەكان،

ئەوەتا ئەڵێ:

**((ئەوەتا پەپوولە و منداڵەكانمان قۆڵيان لە قۆڵى**

**ئەويندايەو**

**بە پير سبەينێوە ئەچن و سەرتاپايان كازێوە و پرشنگيان**

**لێ ئەچۆڕێتەوە. بێكەس! تۆ ئاوێنەى ئەو خۆشەويستييەى**

**كە خەڵكى بە ديوارى ماڵەكانياندا هەڵيانواسيويت و لەبەرتا**

**ڕۆژانە سەيرى ئايندەيان ئەكەن و هەميشەيش وەك**

**دەشت و دەرى دواى باران تازە ئەبنەوە،............)) (٨١)**

لەسەرو ئەو كۆمەڵە پرسيارەوە سەبارەت بە چامە والاّى (كورسى)، چەندين پرسيارى دى ڕاست ئەبێتەوە، لەسەرووى هەموويانەوە، پرسيارى:

بۆ كورسى نووسيوە؟ يان بۆچى بابەتى (كورسى)؟

لە وەرامى ئەم پرسيارانەو ئەو پرسيارانەى كە لەسەر ئەم پرسيارانەشەوە دێنە ئاراوە، ئەڵێم : هەميشە (شێركۆ بێكەس) شاعيرى كێشە گەورەكە بووەو، چ كاتێكيش لە سياسەت بەدەر نەبووە، هەرچۆن بەڕاى من هيچ بەرهەمێكى ئەدەبى و هونەرى لە

سیاست بێبەری نییە و نابێت، ئەو ئەدەب و هونەرە هەرجۆرێك و شێوازێ بێت. مادامەکی ناوەڕۆك گەوهەرەو ئەو گەوهەرەش بێ واتاو مەبەستی سیاسی نییە، مادامەکی ئەدەب هەڵوێست و دەربڕینە لە خودی مرۆڤ. (ئەرستۆ) واتەنی: (مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە).

ئەگەر چاوێ بە کەلتووری مرۆڤایەتیدا بە درێژایی مێژوو بگێڕینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە هەمیشە ئەدەب و هونەر دەربڕی باری سیاسی سەردەمەکە بوون و لەو ڕووەشەوە لەباری کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تردا دیاری داوە.

لێرەدا بۆ نموونە : باسی ڕۆژانی نەمانی میرنشینی بابان بە نموونە ئەهێنمەوە، ئەوە (سالم) و ئەوە (نالی)... دەنا باری سیاسی نەبێت بۆچی (نالی) ئەم چامەیەی نووسیوە؟

((قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور!
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری (شارەزوور)!
ئەی لوتفەکەت خەفییو هەوا خوان و هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزور!
ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕو گەرمی عاشقان!
تۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنوور!)) (٨٢)

بۆیە شاعیرەکەمان (شێرکۆ بێکەس) ئەو ڕۆژان و باری سیاسییەی کوردستانی هەڵبژاردووە، تا گوتارەکەی بگەیەنێ بۆیە کاتێ ئێمەش کە ئەمانەوێ توێژینەوە لەسەر چامەکەی بکەین، بەر لەهەموو شتێك

پێویسته له سای ئەو باره سیاسییەی ئەو ڕۆژانەدا بۆی بچین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.. هەرکاتێ لەبەردەم شاکاری شاعیرێکی وا مەزندابین، له دووتۆی ئەو ململانێ دژوار و سەختە گەورەیەدا که ئەو باره سیاسییه داویەتییەوه هەست به گرنگی تێڕوانینەکەی و ڕادەی هۆشیارییەکەی، بۆمان ئاشکرا ئەکات چۆن له ترۆپکی هەسته مێژووییەکەی قۆناغەکەدایه، ئەمه مەزنه ئەرکی مێژووی ئەدیب و هونەرمەنده. ئەمانه خۆی له خۆیدا دروستترین وەرامی ئەو پرسیارانەن سەبارەت بەهۆی نووسینی چامەکە.

دیاره هونەرکاری شاعیرمان باڵاتره له زمانی ڕاستەوخۆ و زەق، چونکه به زمانی هونەر ئەدوێ.

((زمانی هونەری نەك پەیوەستی یاساکان نابێت بەڵکو خۆی دەبێته بنچینەو بنەما، ئەمەیان گەوهەری بونییەتی زمانێکی ڕەهایه هێنده ڕەهایی ئەفراندنی خاوەنەکەی. ئەگەر زمانی ئاسایی له ڕێگای چەند هەستێکەوه عەقڵ و هەست بدوێنێ، بەڵام لەبەردەم زمانی هونەردا چەندین دەرووی بەرینی لەبەردەمدا والایه.... )) (٨٣)

یەکێ له خاسییەته گەشاوەکانی ئەم چامەیه لایەنی بینینەوەیه، ئەوەش خەسڵەتی شاکارەکانه، بۆیه ڕووی بینینەوەی بێ سنوور و سەرحەدە، واته ڕەهایه. گرنگ ئەوەیه بەپێی زرنگی و بۆچوونی خوێنەر، له یەکێکەوه بۆ یەکێکی دی جیاوازی ئەبێت، ئەمەش بۆ توانای بینینەوه به جێ ئەهێڵرێت.

هەر لەم بارەیەوە: ((ج·م· باری، سەبارەت بەو کتێبە شانۆییەی لە (جۆن جۆڵس ورسی) شانۆنووسەوە پێی دەگات، نامەیەکی بۆ ئەنووسێ وەك سوپاسنامە تیادا ئەنووسێ: ئەوەی لە شانۆییەکەدا (Layalties)دا گرنگەو سەرنجڕاکێشە ئەوەیە : تۆ ناتەوێ، بە بینەرانت بڵێی : کێشەیەکت خستۆتە بەردەمیان هەتا بیری لێبکەنەوە، نەهاتوویت هیچ وشەو، ئاماژەیەکی، ئاشکراو نا ئاشکرا ئاڕاستەیان بکەیت.... بە دڵنیاییەوە ئەڵێم ئەمە گرانترین کارە لە شانۆیی نووسیندا، بێگومان ئەمە گەوهەرە لە هونەردا· )) (٨٤)

لە گەڕانەوەی خوێنەر بۆ ئەو ساتە گەرمانەی شاعیر کردونییەتە قۆناغ و بزواندنیان پێوەیە· گەڕانەوەیە بۆ زۆرشت و مەرامی سەرجەم پرسیارەکانی ئەمڕۆ سبەینێیان پێیە· شاعیر کارێکی ئەوتۆی کردووە، دەگمەنە لە چەند ڕوویەکەوە، ئەمەش ئەوەیە: لەبواری بزواندن و سەرسامکردندا و، وروژاندن و هەژاندندا، سەرجەم هەستەکانی وەرگر ئەبزوێنێ· بۆ نموونە: دواندن بە وێنەوە و دواندن بە زمانی ڕەنگەکان و ئاوێتە بوونیان، لە هارمۆنیکارییەکیدا، هەستی بینین ئەشواتەوە و ڕوونتر ئەکات، هەرچۆن زەین ڕوونتر ئەکات، لەلایەکی دییەوە، دەنگەکان، هەمەجۆر دەنگ، دەنگە سروشتییەکان، لە گیڤە و زیکە و خوڕە و...... ئەمانەش ئەچنە پاڵ وێنەکان و پتر وێنەکان بەرجەستە ئەکەن، بزواندن و بوژاندنەوەی هەستی بۆن و بۆنکردن، بۆنی گوڵ و مۆرد و....... تەنانەت ئەو هەستەی هەستی شەشەمی پێ ئەڵێن، وەك

(ختورەکردن و دڵ خەبەردان و پێشبینی...)

ئەتوانم پشت ئەستوورانە بڵێم: لە گشت وێنە شیعری و بینراوە شانۆییەکاندا، کۆی هەستەکان لەکاردان و بوونەتە فاکتەر و ئەو بەرجەستە زیندووەی شیلەی ژیانی هەرمانی لێ ئەچۆڕێت...... ئەم کارە چ بۆ شیعرو چ بۆ شانۆ بنیادنەری گەورەی کەشی دەروونییە. بۆ سەلماندنی ئەو هەست بزوێنیانەی ناوچامەکە بڕوانن:

**((هەموو پێنج ڕۆژبوو کە ئەیلوول**
**دەستی گرتبوو بە قەدی ئەو ساڵەوە.**
**دەستی ئەیلوول**
**بۆنی گوڵ مێخەکی (وەیس)و**
**بۆنی گوڵە عەتری (نالی)و**
**دارمێوەکەیماڵی (سائب)ی لێئەهات.**
**گەڕەکەکان ڕستێ بازنی شووشەبوون**
**لە دەستی سلەیمانیدا و دنیا بچووك.**
**هەموو پێنج ڕۆژبوو کە ئەیلوول**
**لە بناری ئەو ساڵەوە**
**خل بوو بۆوە بۆ مێرگەکانی جوولەکان**
**هەموو شتێ لە (با)یەکەی کانی باوە**
**تا ئاسکەکانی کانی ئاسکان**
**تەڕ تەڕ بوو بوون بە گۆرانی و دەنگی ڕەشۆڵ**

**به بارانی ئەو قەتارەی...**
**لەناو دڵۆپی سەوزدا**
**چرابوون لە شەوانی ئەم شارەدا دائەگیرسان،**
**ڕۆژی شەشەم بەیانیی بوو**
**جادە و بازاڕ و قەیسەری**
**چرپە چرپێکی سورباویان تیا تەنییەوە**
**باڵی چرپە سات لەدوای سات گەورە ئەبوو**
**(با) ئەیبرد و گڤەی  هەواڵ هەتا ئەهات**
**بەرینترو تیژتر ئەبوو.)) (٨٥)**

دیارە هەتا وێنە باڵاتر بێ و جوانتربێ و زیندووتربێ لەوەی کە خۆی لەبووندا هەیە، ئەمە دوا پلەی هەڵکشانی ئەدەبە و بایەخ گرانییەتی. هیچ وێنەیەك لەو وێنانەی لەو نموونەیەدایە، پێشتر نەبووەو نەکێشراوە، ئەمەیان لە خانەی دانسقەییدایە و باڵایی ئەفراندنەو، دانسقەییش بایەخدانە بە بەها باڵاییەکەو دەوڵەمەندکردنێتی بە بزواندنی ئەو هەستانە، لە بۆنی (گوڵە مێخەکە)ەوە بۆ تەڕبوون و قەتارو چرپە و سوورەباویی و گڤەی هەواڵ....هتد.

هەر هەموویان هێزو گوڕن و تواوەی زەریایەکن لە جوانکاری. ئەمەیە جیاکەرەوەی شاعیری گەل و هەڵکشان.

لە کۆتاییشدا ئەمەوێ ئەو پرسیارو وەرامە دووپات بکەمەوە کە کاتی خۆی بلیمەتی سینەما (سێرگی ئێزنشتاین) سەبارەت بە ناسین و

سیحری هونەرمەندییەکەی نەخشاندی، کە شۆڕش چی پێبەخشیوە؟ بەهەمان شێوە کوردایەتی و  شۆڕش چی بە (شێرکۆ بێکەس) بە خشیوە؟ ئەوا ئەو لە سینەماو ئەمەی ئێمە لە شیعرو جوانکاریدا:

سێرغی ئێزنشتاین ئەپرسێ:

((شۆڕش چی پێبەخشیم؟

لە وەرامدا ئەڵێ:

شۆڕش بەنرخترین شتی ژیانی پێبەخشیم. شۆڕش کردمییە هونەرمەند. زریانەکانی شۆڕش بوو، بنەما سەرەکییەکانی بوون و ژیانی پێ ڕەوابینیم، ئازادی لە بڕیاردانی چارەنووسی خەڵات کردم............)) (٨٦)

لە گەڵیدا ئەڵێمەوە: شۆڕش و کوردایەتی (شێرکۆ بێکەس)ی گەیاندە تەختی شاعیری گەل و باڵاترین هەڵکشانی پێبەخشی.....

## پوختەو ئاکام

زیندوێتی لەڕادەبەدەری شیعرەکانی بلیمەت کاکە (شێرکۆ بێکەس) ئەو جۆرە تایبەتمەندییەیە، کە وەك ژیان لە نەشونمادایە و هەناسەی گەرمی ڕۆژانە بە سینەیدا دێت و دەچێت، هەرچۆن هەر بەیانییەو لەدایکبوونی خۆی پێوەیە، ئەوەیە لە شادەمارەکانی وێنەو ڕستە و وشەکانیدا ئەدرەوشێتەوە. بەو پەڕی هۆشمەندییەوە جاران و ئەمڕۆ لە چوارچێوەی فەلسەفە نەتەوایەتییەکەیدا دەنوێنێت. بە توندوتۆڵییەکی تەواو تەرازوو، لەنێوانی تەکنیك و ناوەڕۆکدا، جوانکارییەك بەرجەستە ئەکات، گشت هەستەکان بۆ چێژوەرگرتنی ئەو جاویدانییەی ئازادی و ژیان بەگەڕ دەخات.

لەزۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانیدا، بەتایبەت چامەی (کورسی) کە چامەیەکی والآی بەیتئامێزییە، بەهۆی بوونێکی ئامادەو بەهێزی بەها شانۆییەکان، گیانێکی شانۆیی، بە واتای شانۆیی لەسەرجەم ئەو بینراوانەیدا دەبینرێت و، لەبەشەکانی تریشیدا، ئەوە گیانێکی نیمچە درامی هەیە. ئەم کاری شانۆکارییە و لەم تێکستە شیعرییەدا دەگمەنی و دانسقەییەکی داوەتێ، کە بۆتە مایەی پەرەپێدان و هەڵکشان، لەهەمان کاتدا بایەخ بالآبوونە لەڕووی جوانکاری و ئەفراندنەوە، هەرچۆن بەهای لەسەر بەهاکانی بووندا داناوە و پتری کردووە و جوانتر نەخشاندوونی...

بە هونەرکارییەکی بالآوە، ئەو دەستڕەنگینیەی نواندووە، کە

ژیانی بەبەری دارو بەردا کردووە، کورسی، هەڵوێستەو مێژووە و ئاییندەشە و بەردەوامە و هەناسەی ژیان ئەدات، هەر ئەڵێی ئەو شتەیە کە لەسەرو ئەو هەموو موعجیزانەی دونیاوەیە، ئەویش وەك (سۆفۆکلیس)ی شاعیری شانۆی یۆنانی کۆن واتەنی، ئەو موعجیزەیە مرۆڤە کە لە گشتیان مەزنترە، ئەمەیە گەوهەرو نهێنی باڵایی (شێرکۆ بێکەس)٠

ئەحمەد سالار

٢٠٠٨/٧/٢٨

هەولێر – عەنکاوە

## پەراوێز:


٠١ شێرکۆ بێکەس – کورسی – پێشەکیی چامە٠

٠٢ ئەحمەد سالار – گۆڤاری شانۆ- ژمارە (٦) – ل ٠٦

٠٣ ئەحمەد سالار – هونەرو ژیان - ل١٨٤٠

٠٤ شێرکۆ بێکەس – کورسی – ل١٤٠،١٥،١٦

٠٥ ارسطو طاليس – فن الشعر– ص١٥.

٠٦ ئەحمەد سالار – دەروازەی دراما – ل١٦٠

٠٧ شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٤٦،١٤٧،١٤٨٠

٠٨ شێرکۆ بێکەس - کورسی – ل١٤٥ ٠

٠٩ شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٣٣،٣٤،٣٥،٣٦،٣٧،٣٨،٣٩،٤٠٠

٠١٠ شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٨٩،٩٠،٩١٠

٠١١ شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٢٣،٢٢٤،٢٢٥،٢٢٦،٢٢٧٠

٠١٢ شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٢٦٠

٠١٣ ئەحمەد سالار – هونەرو ژیان – ل١٧٧٠

٠١٤ ئەحمەد سالار – هونەرو ژیان – ل١٧٨٠

٠١٥ شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٨٢،٢٨٣،٢٨٤،٢٨٥،٢٨٦٠

٠١٦ یاسین ڕەشید – ماستەر نامە – ل ١١٧٠

٠١٧ عدنان بن ذريل – فن كتابة المسرحية – ص ١٨.

٠١٨ عدنان بن ذريل – فن كتابة المسرحية – ص٢١.

٠١٩ کامەران سوبحان – فەرهەنگی شانۆ - ل ٢٤،٢٥

٢٠. د.ابراهيم حمادة معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية – ص١٨٥.
٢١. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٥،١٦،١٧،١٨.
٢٢. د.ابراهيم حمادة معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية – ص١٨٥.
٢٣. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٨٣،١٨٤.
٢٤. شێرکۆ بێکەس - کورسی – ل١٨٣ .
٢٥. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٨٤،١٨٥.
٢٦. د.ابراهيم حمادة معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية – ص ١٨٧.
٢٧. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٢٣،١٢٤،١٢٥،١٢٦،١٢٧.
٢٨. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٩١.
٢٩. حەمەکەریم هەورامی – درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا- ل٢٠.
٣٠. قاسم بياتلي – دوائر المسرح- ص٨٤،٨٥.
٣١. دانا عەلی سەعید – هونەری نووسینی دراماو دەقی خۆماڵی – ل ٣٦.
٣٢. د.ابراهيم حمادة معجم - المصطلحات الدرامية والمسرحيه – ص١٥٩.
٣٣. یاسین ڕەشید – ماستەر نامە – ناوەرۆك و تەکنیکی درامای کوردی – ل١٢٨.
٣٤. د.ابراهيم حمادة معجم – المصطلحات الدرامية والمسرحية – ص١٢٦.
٣٥. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٢٠،١٣.
٣٦. ئەحمەد سالار – دەروازەی دراما – بەرگی (١)- ل٣٢.
٣٧. ئەحمەد سالار – گۆڤاری شانۆ – ژمارە (٢) بینراوی سەرەتا – ل٩.
٣٨. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٩١،١٩٢،١٩٣.

٣٩. الزابث دبل – الحبكة – ص ٢٩٧.
٤٠. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٩٧.
٤١. د.ابراهيم حمادة معجم – المصطلحات الدرامية والمسرحية – ص١٩٠،١٩١.
٤٢. د.رشاد رشدى – نظرية الدراما من ارسطو الى الآن – ص ١٩٦.
٤٣. عدنان بن ذريل – فن كتابة المسرحية – ص٢٨.
٤٤. عدنان بن ذريل – فن كتابة المسرحية – ص٣١.
٤٥. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٣٢،٣٣،٣٤،٣٥،٣٦،٣٧.
٤٦. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٢٥،٢٢٦.
٤٧. شێرکۆ بێکەس - کورسی – ل ٩٨- ١١١.
٤٨. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٣٢،٢٣٣.
٤٩. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٦١،٢٦٢.
٥٠. ارسطوطاليس – فن الشعر – ص ١٨.
٥١. مارتن اسلن - تشريح الدراما – ص ٤٦.
٥٢. د.ابراهيم حمادة معجم – المصطلحات الدرامية والمسرحية – ص٣١٨.
٥٣. ئەحمەد سالار- ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر – ل٩٢.
٥٤. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٠.
٥٥. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٤٨.
٥٦. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢١٧.
٥٧. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢١٩،٢٢٠.

٥٨. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٢٥،٢٢٦.

٥٩. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٧٠،٢٧١،٢٧٢.

٦٠. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٧٣.

٦١. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٩٤،٢٩٥،٢٩٦.

٦٢. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١١.

٦٣. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٨٨.

٦٤. یاسین ڕەشید – ماستەرنامە – ل٤٩.

٦٥. یاسین ڕەشید – ماستەرنامە – ل٤٩،٥٠.

٦٦. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ٢٨١،٢٨٢.

٦٧. شێرکۆ بێکەس - کورسی - ل ١٠٧،١٠٨.

٦٨. د.محمد غنیمی هلال – في النقد المسرحي – ص٨٩.

٦٩. شێرکۆ بێکەس – دیوانی شێرکۆ بێکەس - ل ٢٤٤.

٧٠. شێرکۆ بێکەس – دیوانی شێرکۆ بێکەس - ل ٥٧٢.

٧١. ئەحمەد سالار – شارو شانۆ- گۆڤاری شانۆ – ژمارە (٧)، ئازاری ٢٠٠٨ – ل ١٣،١٤.

٧٢. سعداللة ونوس – الأعمال الكاملة الوطن في المنفي – ص٧٣٣.

٧٣. شێرکۆ بێکەس - کورسی – پێشەکی.

٧٤. ب. زنجیرمان- شوێن لە شانۆکانی (چیخۆف)دا - ل ١٣٢،١٣٣.

٧٥. شێرکۆ بێکەس - کورسی – ل٢٣١،٢٣٢،٢٣٣،٢٣٤.

٧٦. جەمال بابان – شارە گەشاوەکەم - ل ٢٦٦.

٧٧. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی – شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢)- ل٢٣٨.
٧٨. مەحەمەد مەلاكەریم – دیوانی بێكەس – پێشەكی – ل٥.
٧٩. بێكەس – دیوانی بێكەس – ل٢٤.
٨٠. شێركۆ بێكەس – دیوانی شێركۆ بێكەس – ل ٥٤.
٨١. شێركۆ بێكەس - كورسی – ل١١١،١١٢.
٨٢. نالی – دیوانی نالی – ل ١٧٤،١٧٥،١٧٦.
٨٣. ئەحمەد سالار – هونەرو ژیان – ل٥٤.
٨٤. روجر.م. بسقيلة (الآني) – فن الكاتب المسرحی – ص١٥٩،١٦٠.
٨٥. شێركۆ بێكەس - كورسی – ل٢٢٠،٢٢١،٢٢٢،٢٢٣،٢٢٤.
٨٦. ئەحمەد سالار – هونەرو ژیان – ل ٨٦.

# سەرچاوە:

## بەزمانی کوردی:


٠١ شێرکۆ بێکەس - کورسی – چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆی نەوا – سلێمانی- ٢٠٠٥.

٠٢ شێرکۆبێکەس – دیوانی شێرکۆبێکەس – ستۆکهۆڵم – ١٩٩٠.

٠٣ شێرکۆبێکەس – کتێبی ملوانکە - چاپخانەی ڕەنج – چاپی یەکەم – سلێمانی – ٢٠٠٧.

٠٤ شێرکۆبێکەس – گۆڕستانی چراکان- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی – ٢٠٠٤.

٠٥ ئەحمەد سالار- دەروازەی دراما – بەرگی(١)- دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی- زنجیرەی لێکۆڵینەوە- ژمارە (٨) – بەغداد – ١٩٨٠

٠٦ ئەحمەد سالار – ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد- ١٩٨٨.

٠٧ ئەحمەد سالار – بینراوی سەرەتا لە بیناسازیی شانۆییدا – گۆڤاری شانۆ- گۆڤاری تیپی شانۆی سالار- ژمارە(٢)یساڵی (٢٠٠٧)- سلێمانی ٢٠٠٧.

٠٨ ئەحمەد سالار – هونەرو ژیان – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرەی کتێبی سەردەم ژمارە (٣١٢)- سلێمانی – ٢٠٠٥.

٠٩ حەمەکەریم هەورامی – درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا- دەزگای

چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) – هەولێر- ٢٠٠١.

١٠. یاسین ڕەشید حەسەن- (ماستەر نامە) ناوەرۆك و تەکنیکی درامای کوردی- (١٩٩١-٢٠٠٢)-سلێمانی – ٢٠٠٤-

١١. ولیەم شکسپیر – ئۆتێللۆ – وەرگێڕانی – ئەحمەد سالار – ئۆفسێی سەرکەوتن- سلێمانی -١٩٧٨.

١٢. دانا عەلی سەعید – هونەری نووسینی دراماو دەقی شانۆی خۆماڵی – زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی – ٢٠٠٣.

١٣. کامەران سوبحان – فەرهەنگی شانۆیی – زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کورد – سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٤. یاسین قادر بەرزنجی – فەرهەنگی شانۆ – بەرگی یەکەم – لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی - ٢٠٠٨.

١٥. د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ – شانۆی کوردی لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (شانۆ) – سلێمانی – ٢٠٠٧.

١٦. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی – شاری سلێمانی – (١٩١٨-١٩٣٢) سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٧. جەمال بابان، ئاسۆ بابان، ئومێد خالد – سلێمانی شارە گەشاوەکەم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – ٢٠٠٠.

١٨. بێکەس - دیوانی بێکەس محەمەدی مەلا کەریم ڕێکی خستووە و سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە – چاپخانەی شەفیق – بەغداد – ١٩٧٠.

١٩. نالی – دیوانی نالی – لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی –مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم – محەمەدی مەلا کەریم پیاچۆتەوە – لە

چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – ١٩٧٦.
٢٠. د. عەونی کەرومی – شانۆ لەچەند وتارێکدا – وەرگێڕانی مامۆستا پەروەر، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان – سلێمانی.
٢١. پەروین عەبدوڵڵا – ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – کوردستان – سلێمانی ٢٠٠٨ .

## بەزمانی عەرەبی:

١. ارسطو طاليس – فن الشعر – ترجمة عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه – عبدالرحمن بدوى، دار الثقافة – بيروت، ١٩٧٣.
٢. سمير عبدالرحيم جلبي – معجم مصطلحات المسرحية – دارالمأمون – بغداد – ١٩٩٢.
٣. د. ابراهيم حمادة – معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية – دار الشعب – قاهرة – ١٩٧١.
٤. عدنان بن ذريل – فن كتابة المسرحية – منشورات اتحاد الكتاب العرب – دمشق ١٩٩٦.
٥. د. قاسم بياتلى – دوائر المسرح تجربة الأودن و انتروبولوجية المسرح – دار الكنوز الأدبية – بيروت، ١٩٨٨.
٦. عبدة دياب – التأليف الدرامى – دار الآمين للنشر والتوزيع – القاهرة، ٢٠٠١.
٧. د. رشاد رشدى – نظرية الدراما من ارسطو الى الآن – دار العودة – بيروت – ١٩٧٥.

٨. فرانك م.هواتينج – المدخل الى الفنون المسرحية – ت – كامل يوسف – دارالمعرفة – قاهرة، نيورك – ١٩٧٠.

٩. روجرم . بسفيلد (الأبن) – فن كتاب المسرحي (للمسرح و الأذاعة و التلفزيون و السينما)– ترجمة و تقديم – دريني خشبة – دار نهضة مصر للطبع و النشر– قاهرة ١٩٧٨.

١٠. الزابث ديل – الحبكة – ترجمة . د. عبدالواحد لؤلؤة – دار الرشيد للنشر – بغداد – ١٩٨١.

١١. فوئاد دواره – في النقد المسرحي – الدار المصرية للتأليف والترجمة – قاهرة، ١٩٦٥.

١٢. د. محمد غنيمى هلال – فى النقد المسرحي – بيروت – ١٩٧٥.

١٣. مارتن اسلن – تشريح الدراما – ترجمة –يوسف عبدالمسيح ثروة – وزارة الثقافة والفنون – سلسلة الكتب المسرحية – بغداد، ١٩٧٨.

١٤. ستوارت كريفش – صناعة المسرحية – ترجمة: د.عبدالله معتصم الدباغ – دار المأمون – بغداد، ١٩٨٦.

١٥. د. محمد غنيمى هلال – النقد الأدبى الحديث – دار العودة – بيروت، ١٩٧٣.

١٦. سعداللة ونوس – الأعمال الكاملة – دار الأدب للنشر والتوزيع – المجلد الثالث – بيروت – ٢٠٠٤.

١٧. د. كمال عيد – فلسفة الأدب والفن – الدار العربية للكتاب – ليبيا – تونس، ١٩٧٨.